# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٤ | یەکشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا





**چەکداریی زۆرەملی بۆ گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی**

٥





**تاوانبارانی میترۆپۆل لە تارانن نەک خووزستان**

٦





**زمان لە شەڕی بەرگری لە ناسنامەدا**

١٠





**هەڵوێستی سادق هیدایەت لە هەمبەر پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا**

١١


# دوژمنایەتیی کەس ناکەین بەڵام مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خۆمانمان دەوێ

## مەرجەکانی بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و سەقامگیر!

*[کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاردانەوە بە قسەکانی ڕۆژی هەینی ١٣ی جۆزەردانی ڕەزا پەهلەوی کە لەودا کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بە هۆز و عەشیرەیەک! لە ئێران ناوبرد، پەیامێکی بڵاو کردەوە. «کوردستان» دەقی ئەو پەیامەی بڵاو کردۆتەوە.]*

**خەڵکی مافویست و ئازادیخوازی ئێران!**

**حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**

ڕۆژی هەینی، ١٣ی جۆزەردان ڕەزا پەهلەوی لە پەیامێکدا کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بە داهاتووی ئێرانی باس کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانین لەبارەی کۆمەڵە ڕاستییەک کە بەشێک لە حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکان بەئانقەست خۆی لێ دەبوێرن، چەند ڕوونکردنەوەیەکمان هەبن.

لەپێشدا هەر ئەوە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هەموو هێزە گۆڕانخوازەکانی کۆمەڵگە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەهەمبەر داهاتووی وڵاتدا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن و بەکردەوەش بۆ گۆڕانکاری بە ئاراستەی دەستەبەری ئازادی و دێموکراسی و مافی وەکیەک بۆ هەمووان تێبکۆشن هەم بەجێیە و هەم پێویست. بەڵام ئەوەی گرینگە ڕوانگەکان و نەخشەڕێی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و دروستکردنەوەی وڵاتە بەپێی واقعە سیاسییەکانی کۆمەڵ کە مەسەلەی جۆراوجۆری پێکهاتەیی و فرەنەتەوە بوونی ئێران یەکێکە لەو واقعە سیاسییە هەرە گرینگانەی ئێستای وڵات.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینە، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی ئەو حەقیقەتە لە بنیاتنانی ئێران، بە تایبەت لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا خۆی هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کۆمەڵە کێشە و قەیرانەیە کە ئەمڕۆکە بەرۆکی خەڵکی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢






## پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی بە «ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ناودێر کرد. لەم ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی جۆزەردان بەبۆنەی ٣٩ ساڵەی جینایەتی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی پێکهاتبوو، چەند ڕێکخراوێکی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە کوردستانیش پشتیوانیی خۆیان بۆ ئەو دەستپێشخەرییە ڕاگەیاند.

لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ (ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی) و ناودێرکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، سەرەتا پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاک سەلاح خزرپوور، بەرپرسی ئەنجومەنەوە پێشکێش کرا. لەو پەیامەدا ویڕای باس لە سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە زیندانییانی سیاسیی کورد، هاتبوو: «ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای وەبیرهێنانەوەی تاوانی سامناکی تیرباران‌کردنی ٥٩ لاوی کورد لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەڕدانی ١٣٦٢دا، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر دەکا و بەمجۆرە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ شەهیدە بێتاوانەی کوردستان، ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسیی کورد دەگرین و سڵاو بۆ ئیرادە و زیندان‌بەزینییان دەنێرین کە سەرەڕای هەموو ئەشکەنجە و ئازارکانی نێو زیندان و بێ‌مافییەکانیان، بەڵام سەری خۆیان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیان بەرز ڕاگرتوە.»

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەو پێشنیارە ڕاگەیاند. بەڕێزیان لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: «پێشنیاری ناودێرکرانی ڕۆژی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، لە زۆر بارەوە پێشنیارێکی بەجێیە. چونکە: ئەو ٥٩ لاوە سەر بە یەک ڕێکخراوی سیاسیی دیاریکراو نەبوون و تەنانەت هی واشیان تێدابوو کە لایەنگری هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو نەبوو، و تەنیا نەیار و بەرهەڵستکاری ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە جۆری گرتن، لێکۆڵینەوەیان لەژێر ئەشکەنجە و موحاکەمەکردندا و گیان‌لێ‌ئەستاندنیان، هەروەها ونکردنی تەرمەکانیان و شوێنەواری تاوان بەرانبەریان، نموونەیەکی دیار لە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ناڕازییان و نەیارانی سیاسیی خۆی لە بەندیخانەکانی‌دایە. دواجار ئەوە کە ئەو پۆلە گەورەیەی لاوانی کورد، نموونەی بەچۆکدانەهاتن، خۆبەدەستەوەنەدان و بەرگریکردنی سەربەرزانە لە ئامانج و داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بوون، کە ئامادە بوون سەر دابنێن بەڵام سەر دانەنوێنن و بەم مەرگە سەربەرزانەیان بۆ لاوانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی بەندییە سیاسییە کوردەکان بوون بە سەرمەشق و نموونە.»

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک شاڕوخ حەسەن‌زادە، بەرپرسی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»؛ خاتوو ژیلا موستەئجیر، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو» و کاک هێرش ڕەهنەوەرد، بەرپرسی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هانا» پەیامی پشتیوانیی ڕێکخراوەکانیان لە ناودێرکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. خوێندنەوەی پەیامی پشتیوانیی «کوردستان تریبونال»، «ڕێکخراوی جیهانی کورد»، «کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان»، «ناوەندی نەمران»، پەیامی بنەماڵەی ٥٩ لاوی ئێعدامکراوی مەهاباد کە لەلایەن کاک شەهاب غەوارە، برای شەهید عەلی غەوارە ،یەک لە لاوە ئێعدامکراوەکانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ خوێندرایەوە؛ لەگەڵ وتەیەکی کورتی کاک ئەمجەد حوسێن‌پەناهی، چالاکی مافی مرۆڤ و، پێشکێش‌کردنی سروودێک لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب چەند برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

# مەرجەکانی بنیاتنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و سەقامگیر!

... کۆماری ئیسلامیی گرتوە. سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان، هەڵاواردنی ناوچە پەراوێزخراوەکان و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند لە پێناو دروستکردنی حاکمییەتێکی بەهێز لە دوو سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ئاکامەکەی ئێرانێکی پڕقەیران بە داهاتوویەکی لێڵ و نارِوون بووە.

تێپەڕین لەو دۆخە بەر لە هەموو شتێک لەگرەوی داننانی هەمووان بەو ڕاستییانەیە کە بەداخەوە ئاغای ڕەزا پەهلەوی لە قسەکانی ڕۆژی هەینیی خۆیدا، بەتایبەت بە ناوهێنانی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هۆز و عەشیرە سووڕێکی باتڵی دیکەی لەو مەزنیخوازییە وێنا کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشە لە قسەکانی ئاغای پەهلەویدا بەداخبوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و هیوادارە ئەمە تەنیا ئاکامی دابڕانی بەڕێزیان لە کۆمەڵگەی ئێران و گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بێت، نەک بنەمای فکری و سیاسیی ئەو بۆ ئێرانی داهاتوو.

لە کەس شاراوە نییە کە خەباتی نەتەوایەتیی کورد وەک نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی ئێران کە داوای مافی نەتەوەیی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دەکات، لە سەد ساڵی ڕابردوودا مێژوویەکی دەوڵەمەند و بەبایەخی خوڵقاندوە. کوردەکان لە ٧٧ ساڵ لەوەپێش بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای وەکیەکی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان، بوون بە پێشەنگ و هاوبەشی خەباتی دێموکراسیخوازی لە ئێراندا. دواتریش کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بۆ زیاتر لە سێ دەیە دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، هەموو هەوڵی ئێمە دێموکراتیزەبوونی حکوومەت و وڵاتی ئێران و دەستەبەری مافە نەتەوەییەکانی کورد و باوەڕهەبوون بە دابینبوونی ئەو مافانە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووە. لە قۆناغەکانی دواتریشدا کە دروشمی فدرالیزم لە ئێرانی دێموکرات و فدراڵمان هەڵگرتوە، نەک لەو ئامانجانە دانەبڕاوین، بەڵکوو پتریش بۆی تێکۆشاوین.

بەڵام هەردوو ڕێژیمی پێشوو و ئێستای ئێران سیاسەتی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێرانیان بە لەشکەرکێشی، سەرکوت و قەڵاچۆ وەڵام داوەتەوە. هەر لەو سۆنگەیەش نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژووی هەشت دەیەی ڕابردوو زۆرترین قوربانی و تێچووشی بۆ ئەو بەها و بایەخە دێموکراتیکانە داوە. بۆ نموونە لە ئاکامی ڕوانینی دوژمنکارانە و ناوەندتەوەری حکوومەتی ناوەندییەوە هەزاران تێکۆشەری کورد و ڕێبەرانی سیاسیی ئەو نەتەوەیە شەهید بوون، چەندین هەزار تێکۆشەری سیاسی و بەندیی سیاسیی کورد تێرۆر و ئێعدام کراون، ڕێبەرانی کورد تێرۆر کراون و هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتی سڕینەوە و دژمنکارانەیەدا بە مووشەکی بالستیک لە بنکە و بارەگاکانمان درا. بەڵام جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە سەرکوت و قەڵتوبڕ و تێرۆر و قەڵاچۆ بە چۆک دانەهات و دەبینی کە هاوتەریب لەگەڵ هەموو ئەوانە ڕەوتی مافویستی و شوناسخوازیی کورد لە ئێران لە هەموو بەستێنە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئەدەبییەکاندا هەتا هاتووە پتر گەشەی کردوە کە ئاغای ڕەزا پەهلەوی ئەگەر بەڕاستی بیهەوێ دەتوانێ بەڕوونی لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ببینێ. بۆیە پێویستە بەڕێزیان بزانێ کە پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوو پرسی هۆز و عەشیرەیەک نییە، بەڵکوو پرسی نەتەوەیەکی مافخوازە کە بەو پاشخانە دەوڵەمەندە لە ئەزموون و وزەی خەباتگێری دەتواندرێ وەک دەرفەتێکی باش بۆ داهاتووی سەقامگیری ئێران چاوی لێ بکرێت.



ئێمە پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرینەوە کە یەکەم هەنگاوی چارەسەری کێشەکانی ئێستای وڵات و ڕوانین بۆ داهاتوو بینین و داننان بە بوونی کێشەکانە کە بنەڕەتیترینی ئەوە فرەنەتەوەیی، فرەئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێرانە و تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی ئێرانێکی سەقامگیر لە داهاتووشدا، لەگرەوی دابەشبوونی دێموکراتیکی دەسەڵات و وەدیهاتنی ئازادی، بەرانبەری و مافی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە بەبێ هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئایینیدایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدوای ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ هیچ کەسایەتییەکی سیاسی و حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامیدا ناگەڕێ. ئێمە وێڕای داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانمان نەک هەر بەنیسبەت داهاتووی ئێران کەمتەرخەم نابین، بەڵکوو وەک چۆن لە ڕابردووشدا هەمیشە تێکۆشاوین هەوێنی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دژی کۆماری ئیسلامی بین؛ لەو هەوڵانەمان بەردەوام دەبین.

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**خالید عەزیزی**
**١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١**

# پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان دەبێ ئەوەندە شوێندانەر بێت کە ڕێژیم هەست بەوە بکا ئەوان هەموو خەڵکی کوردستانیان لە پشتە

## (پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی ناودێرکرانی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان)



ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ١٢ی جۆزەردانی وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان ناودێر کردوە. لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی (٢ی ژوئەنی ١٩٨٣)، جەللادەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە شاری تەورێز لە تاوانێکی کەموێنەدا، ٥٩ لاوی مەهابادیان کە ماوەیەک بوو بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەستبەسەر و لەژێر ئەشکەنجەدابوون، بەکۆمەڵ ئێعدام کرد.

ئەو ٥٩ لاوە کە ژمارەیەکیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵیش بوو، بێ‌ئەوەی لە دادگایەکی ڕاستەقینەدا موحاکەمە بکرێن، بێ‌ئەوەی پارێزەریان هەبێ، تەنانەت بێ‌ئەوەی دەرەتانی بەرگریکردن لە خۆیان پێ بدرێ، بە سزای ئێعدام مەحکووم کران و لە ١٢ی جۆزەرداندا حوکمەکەیان لەسەر بەڕێوە بردن. جگە لەوەی تەرمەکانیشیان نەدرایەوە بە بنەماڵەکانیان، هیچ کات شوێنی شاردنەوەی تەرمە ئاژن ئاژنکراوەکانیان ئاشکرا نەکرا.

پێشنیاری ناودێرکرانی ڕۆژی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، لە زۆر بارەوە پێشنیارێکی بەجێیە. چونکە:

– ئەو ٥٩ لاوە سەر بە ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو نەبوون و لایەنگری ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆریان لەنێودا بوو. هی واشیان تێدابوو کە لایەنگری ڕێکخراوێکی سیاسیی دیاریکراو نەبوون و تەنیا نەیار و بەرهەڵستکاری ڕێژیمی دڕندە و کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون؛

– جۆری گرتن، لێکۆڵینەوەیان لەژێر ئەشکەنجە و موحاکەمەکردندا و گیان‌لێ‌ئەستاندنیان، هەروەها ونکردنی تەرمەکانیان و شوێنەواری تاوان بەرانبەریان، نموونەیەکی دیار لە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نارازییان و نەیارانی سیاسیی خۆی لە بەندیخانەکانی دایە؛

–ئەو پۆلە گەورەیەی لاوانی کورد، نموونەی بەچۆکدانەهاتن، خۆبەدەستەوەنەدان و بەرگریکردنی سەربەرزانە لە ئامانج و داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بوون، ئامادە بوون سەر دابنێن بەڵام سەر دانەنوێنن و بەم مەرگە سەربەرزانەیان بۆ لاوانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی بەندییە سیاسییە کوردەکان بوون بە سەرمەشق و نموونە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای پێشوازی و پشتیوانی لەم ناودێرکردنە، بە ڕێزەوە یادی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە دەکاتەوە. ئاشکرایە هەم بەر لە تاوانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر تاوانی لەدژی لاوانی کوردستان و بەندییە سیاسییە کوردەکان، ئەنجام دابوو، هەم دواتر و لە ڕاستیدا هەتا ئێستا، لەسەر بەندکردنی لاوانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی کوردستان و لە داردان و گیان‌لێ‌ئەستاندنیان لەژێر ئەشکەنجەدا بەردەوام بووە.

ناودێرکرانی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو دەرفەتە دەخولقێنێ کە لەم ڕۆژەدا بە ڕێزەوە یادی هەموو بەندییە سیاسییەکانی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی شوومی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پەهلەویدا بکەینەوە. لە ئاست خۆڕاگری و تێپەڕکردنی ساڵانی تەمەنیان لە تاریکخانەکان و ئەشکەنجەگاکانی ئەو ڕێژیمە و ڕێژیمی پێشوو و بەختکردنی گیانیان، سەری ڕێز دانەوێنین. هیوادارین لەمەودوا ١٢ی جۆزەردان وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، ببێتە بۆنەیەک بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان چ وەک حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، چ وەک ناوەند و دامەزراوەی بەرگری لە مافە مرۆییەکان، هەروەها وەک تاکێکی کۆمەڵ، ئەرکەکانی سەرشانمان بەرامبەر بەندییە سیاسییەکان و بنەماڵەکانیان، وەبیر خۆمان بێنینەوە و هەوڵەکانمان بۆ بەرگری لەوان و ناچارکردنی ڕێژیمی ئێران بە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە بەندییە سیاسییەکان، چڕتر بکەینەوە. پێویستە هەڵمەتی پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، ئەوەندە شوێندانەر بێت کە نەک هەر ڕۆڵە بەندکراوەکانی نەتەوەکەمان، بەڵکوو دامودەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیمیش هەست بەوە بکەن کە بەندییە سیاسییە کوردەکان، خەڵکی کوردستانیان لە پشتە و لە ئاست چارەنووسی ئەوان خۆیان بە ئەرکدار دەزانن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەم بۆنەیەدا پابەندیی خۆی بە ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ بەرگری لە بەندییە سیاسییەکان و گەیاندنی دەنگی ئەوان بە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان، دووپات دەکاتەوە. ئامادەیی خۆشمان ڕادەگەیەنین بۆ بەشدارییەکی شێلگیرانەتر لە هەر چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێک لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بە مەبەستی پشتیوانی لە بەندییە سیاسییە کوردەکان و گوشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئازادکردنیان.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد و هەموو بەندکراوانی سیاسیی شەهید.

سڵاو لە بەندییە سیاسییە خۆڕاگرەکانی کوردستان، هێما دیارەکانی خەبات و خۆراگریی نەتەوەی کورد بەرامبەر ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران و بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی بەندییە سیاسییەکان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی**

## عومەر باڵەکی:

# کۆمەڵگەی کوردستان زیندانیی سیاسی بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەبات دەزانێ

**(وتاری کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵەی سەربەرزیان!**

نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میوانانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا!

ئەمڕۆ ١٢ی جۆزەردان هاوکاتە لەگەڵ تاڵیادێکی مێژوویی جووڵانەوەی کورد. ٣٩ ساڵ لەوە پێش لەو ڕۆژەدا لەلایەن فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد ڕاگەیەندرا کە ٥٩ کەسی دەسبەسەرکراوی شاری مەهاباد بەکۆمەڵ گوللەباران کراون. لەو کۆڕەدا ناو و یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرین و لەگەڵ ڕوحی نەمریان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ڕزگاریی کوردستانە، لە خەبات و بەربەرەکانی لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناوەستین. هاوکات پێشوازی و پشتیوانی لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ئێعدامی ئەو ٥٩ بەندکراوە بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەڕێزان!**

دیاریکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە چەند ڕووەوە گرینگیی خۆی هەیە. چونکی ئەو ڕۆژە بیرهێنەرەوەی جینایەتێکی سامناکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستانە. لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتدارانی تاران ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهابادیان بێ‌ئەوەی لە دادگایەکی عادڵانەدا دادگایی کرابن، لە بەندیخانەیەکی شاری تەورێز گوللەباران کرد. پێش ئەوەش کە بچمە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد دەستنیشان کردوە، پێم باشە بە کورتییش بووبێ پێناسەیەک لە زیندانیی سیاسی بکەم.

کە باس لە زیندان و زیندانی دەکرێ، وا دێتە بەرچاو کە کەسی گیراو حەتمەن دەبێ کەتنێکی کردبێ و زیانی بە کەس یان کەسان و لە نیهایەتدا بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێ؛ هەربۆیەشە سزاکەی بەندکرانە و بەندیخانەش شوێنی ڕاگرتنی کەسانی تاوانبارە. بەڵام کە لە بابەتی زیندانیی سیاسی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو کەسانە نەک هەر لە ڕوانگە خۆیانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و پڕەنسیپە نێونەتەوەییەکانیشەوە هیچ تاوانێکیان نەکردوە کە لەو سۆنگەیەوە بەند بکرێن. هەربۆیەشە ئەو کەسانە کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسیی دەیاننناسێ و زیندانیی سیاسیی بریتییە لەو کەسەی لەسۆنگەی ڕۆشنگەری و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مافەکانیان و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجانە لەلایەن دەسەڵاتەوە گیراوە، دەسەڵاتێک کە بیر و هزر و جمۆجۆڵ و چالاکیی ئەو کەسە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. تاوانی! نەکردووی ئەو کەسانە لە هەندێک سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامیدا بە بەندکردن نابڕێتەوە، بەڵکوو وەک دەزانین هەزاران کوردی ئازادبیر و ئازادیخوازی لەو چەشنە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕێژیم ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ، بەڵام کۆمەڵگە بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ. بۆیەشە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێزانینی پتری کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسی، پشتیوانی لە پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان دەکا.

**ئامادەبووانی هێژا!**

ئێستا کە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان بەرز ڕادەگرین، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تێپەڕینی کات نابێ کوژرانی بەناحەقی ٥٩ لاوی مەهابادی و هیچ کام لە تاوانەکانی دیکە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دەرحەق بە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان کراون لەبیر گەلی کورد بەرێتەوە. پێویستە حیزبەکانی مەیدانی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بەدوای لەقاودان و بەدواداچوونی قەزایی بۆ هەموو ئەو جینایەتانەی ڕێژیم بن؛ بۆوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانی و نێودوڵەتییەکان و دادگا و ناوەندەکانی پێوەندیدار بە پرسی مافەکانی مرۆڤدا، بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی و وەڵامدانەوە بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ سزای ئەو تاوانە گەورەیە وەربگرێ کە چۆن لە یەک چرکەساتدا و بەبێ هیچ پاساوێکی قانوونی گیانی لە ٥٩ کەسی بێ‌تاوان ستاند و دواتر تەرمەکانیشیانی شوێنبزر کرد؟



لە پێوەندی لەگەڵ جینایەتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم:

– پێویستە بگوترێ کە ئەو تاوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوانەیەکی ئینسانی، ئەخلاقی و قانوونی دەچێتە خانەی جینایەتی جەنگییەوە. چونکە ئەو ٥٩ کەسە هیچ کامیان بە چەکەوە، یا لە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی دوو لایەنی بەرەی شەڕدا دەستبەسەر و بە دیل نەگیرابوون، تەنانەت ئەگەر بە دیلیش گیرابان، دیسان بەپێی قانوون و عورفی باو و جێگای پەسندی کۆمەڵگەی جیهانی مافیان هەبوو و لەسەر دەسەڵاتە کە مافی دیلەکانی شەڕ پارێزراو بێ.

– هیچ کام لەو ٥٩ کەسە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی نەکراون، هیچ کامیان پارێزەریان نەبووە و بۆخۆشیان لە هیچ بەڵگەیەکدا دانیان بە هیچ تاوانێک دانەناوە.

– بەپێی هەموو سەرچاوەکان و بەتایبەت زانیاریی بنەماڵەکانیان ژمارەیەک لەو ٥٩ کەسە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵ بووە و قوتابیی قوتابخانەکانی مەهاباد بوون. بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە مافە جیهانداگرەکان و تەنانەت قانوونە بەرکارەکانی وڵاتان، هەر کەسێکی خوار تەمەن ١٨ساڵ لە سۆنگەی هەر تاوانێکەوە دەستبەسەر کرابێ، هەتا تێپەڕبوون لە تەمەنی ١٨ساڵی بۆ بڕیاری کۆتایی لەسەر پەروەندەکەی لە بەردەم دادگادا ئامادە نابێ.

– بەپێی ڕێوشوێنە پەسندکراوەکانی دادگاییکردن، ماف بە هەموو تۆمەتبارێک دەدرێ تانە لە بڕیاری دادگا بدا، بەڵام ئەو ٥٩ کەسە تەنانەت دەرفەتی ئەوشیان نەدراوەتێ تا بتوانن تانە لە بڕیاری دادگا بدەن.

– ئەو ٥٩ کەسە لە ڕۆژ و شوێنی جیاجیا و بە شێوەی ڕەشبگیر و هەرەمەکی لە ماوەی نزیک بە دوو مانگدا لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کراون و پاشان لە زیندانی مەهابادڕا بۆ ورمێ و لەوێشەوە بۆ تەورێز ڕاگویزراون. بەپێی هەموو پێوەرە قانوونییەکان ئەگەر هەرکام لەو ٥٩ کەسە تاوانێکیشان کردبێ، دەبوا دادگای شوێنی ڕوداوەکە بەو پەروەندەیە ڕابگا، نەک دادگایەک لە تەورێز کە تەنانەت لە بواری دابەشکردنی ئیداریشەوە شاری مەهاباد سەر بە پارێزگای ورمێیە نەک تەورێز و؛ ئەوە جێگای پرسیارە کە بۆچی ئەو ٥٩ کەسە وا بەپەلە بۆ تەورێز ڕاگوێزران و لەوێ گوللەباران کران؟

– هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیەندراوی فەرمانداری کە لە شاردا بڵاو کراوە، لە هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمیی وڵاتدا بڵاو نەکرایەوە؛ تەنانەت ڕۆژنامەکانی "اطلاعات" و "کیهان" کە ڕوومالی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردوە، خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردوە. دەبێ چ شتێک لە ئارادا بووبێ کە ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بێ‌تاوانەی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟

– بەپێی هەموو سەرچاوەکانی بەردەست ئێعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە دژکردەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر تێکشکاویی هێزەکانی خۆیان لە ڕووبەروبوونەوەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە. بۆ نموونە لە ڕۆژی یەکەمی جۆزەردانی ساڵی ٦٢دا و، پێش ئەوەی ئەو ٥٩ کەسە بۆ زیندانی تەورێز ڕابگوێزرێن، "بروجردی"، قائیمەقامی قەرارگای هەمزە لە ڕێگای مەهاباد-نەغەدە کوژرا. ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان، دروستکردن و ڕێکخستنی هێزی جاش لە کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، کوژران و لەدەستچوونی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو. هەربۆیە کوژرانی بروجێردی دەنگی لە بەرپرسانی حکوومەتی تاران بەرز کردەوە. مێرحوسێن مووسەوی (سەرۆکوەزیری ئەوکات) بە توندی هێرشی کردە سەر حیزبەکانی کوردستان و داوای کرد هێزە نیزامییەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجێردی بکەنەوە. هاشمی ڕفسەنجانی، موحسین ڕەفیقدوست و زۆر بەرپرسی پایەبەرزی دیکەی ڕێژیمیش هەڵوێستی توند دەگرن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان.

– حەمیدڕەزا جەلایی‌پوور (فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد) لە وتوویژێکدا کە ڕێکەوتی ١٤٠٠/١/٢٣ لە "پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران"دا بڵاو بۆتەوە بەو شێوەیە پاساو بۆ ئەو جینایەتە دێنێتەوە: "وەزعییەتی ئەمنییەتی چەندی بڵێی خراپ و لاواز بوو. بۆ گاڵتە نابێ، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵدا لەو میحورە ٥٠٠ پاسدار کوژرا. دابینکردنی ئەمنییەتی ناوچەکەش لە دەستی فەرمانداریدا نەمابوو، بەڵکوو کەوتبووە دەست قەرارگای هەمزە کە سەییاد شیرازی و محەممەد بروجێردی بەڕێوەیان دەبرد." جەلایی‌پوور ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ لە وتوویژێکدا کە لە دەنگوڕەنگی مەهاباد بڵاو بۆوە، دەڵێ: "ئێمە هەرچی هەوڵ دەدەین ناتوانین ئەمنییەت و هێمنایەتیی شار بپارێزین و بەتەواوی دۆشداماوین، بۆیە ناچارین چاکەکاری وەلا بنێین و ئەو کارە بکەین کە دەبووا چوار ساڵ پێشتر کردبامان..." ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "خەڵکی شاری مەهاباد بە ورد و درشت، پیر و لاو، بازاری و مووچەخۆر هەموویان دژی شۆڕشن..." ئەوە قسەی کەسێکە کە فەرمانداری شار بووە و دوای تێپەڕینی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە سامناکەدا کە دەروانینە نێوەرۆکی قسەکانی ناوبراو، بەتەواوی هەستی ڕق و کین و دوژمنکارانەی لێ بەدی دەکرێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا جەلایی‌پوور لە گێڕانەوەی دۆخی ئەو کاتەشیدا هیچ پاساوێکی قانوونی پێ نییە تا بۆ ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوە بیهێنێتەوە و سەرباقی ئەوە هەر بۆخۆی لە درێژەی وتوویژەکەیدا دانی بەوە داناوە کە "لەنێو ئێعدامکراوەکاندا کەسانێک هەبوون کە نەدەبووا ئێعدام کرابان"!

– بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە سەرتاپای شاری مەهاباد خەم و ماتەم دایگرت. بەرپرسانی ڕێژیم ترسیان ڕێ نیشت کە خەڵکی دڵبریندار شار بەدژیان بخرۆشن، هەربۆیە لەشار دا لەلایەن فەرمانداریەوە حکومەت نیزامی ڕاگەیەندرا و فەزای شەڕ بەتەواوی باڵی بە سەر شاردا کێشا. جەلایی‌پوور هەر لەو وتوویژەدا دان بەوە دادەنێ کە نەدەبووا ئەو ٥٩لاوە ئێعدام کرابان و دەڵێ: "کاتێک هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە لە شاردا بڵاو بۆوە، شار بۆ نارەزایەتی‌دەربڕین بە کارە کە هیچ پاساویەکی قانوونیی نەبوو، یەکپارچە داخرا. خەڵک هەقیان بوو نارازی و تووڕە بن.

– دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسیی سازمانی ئینقلابیی زەحمەتکێشان کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٦ی جۆزەردان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەیان بەتوندی مەحکووم کرد. لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی بێ‌شەرمییەوە فیلمی لەو جینایەتە سامناکە هەڵگرتۆتەوە و بۆ چاوترسێن‌کردنی خەڵکی ناوچەکە پاش‌نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان لە تەلەڤیزیۆنی مەهاباددا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو حیزبەی کوردستان لە بەیاننامەکەدا ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان بە ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا ڕادەگەیەنن و داوا لە خەڵک دەکەن لەو ڕۆژەدا بە مانگرتنی گشتی ڕق و بیزاری و نارەزایەتیی خۆیان لەو جینایەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرببڕن. خەڵکی کوردستان بەپیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان مانگرتنی گشتی بەڕێوە چوو.

پێویستیەکانی دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی زیندانیی سیاسی

– کاتیک ڕۆژێک بەو ناوە دیاری کرا، هەموو ساڵێک ئەو دەرفەتە دەخولقێ تا لەو ڕۆژەدا یادی زیندانییانی سیاسیی تێدا بکرێتەوە.

– ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە کاریگەریی لەسەر ڕوح و ڕەوانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەبوو. دوای تێپەڕبوونی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکە ئەو ئاسەوارە ئێستاش هەر بەدی دەکرێ.

– لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەکی دەیان کەسی لە بەندییە سیاسییەکان لەو ڕۆژەدا بەکۆمەڵ ئێعدام کران، بەڵام هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگییان لە هەمبەر ئەو تاوانە و وردەکاریی چۆنیەتیی جێبەجێ‌کردنی جینایەتەکە و شوێنی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدانە کردوە. ئەوەش زوڵمێکی دیکەیە دەرحەق بەو زیندانییانە و بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان بەگشتی کە دەبێ بەردەوام لەقاو بدرێ.

– ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، نیشانەی بەچۆک‌دانەهاتن و بەرگری‌کردنی ئازایانە لە ئامانج و داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئازار و ئەشکنجەدانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەو ئازایەتی و خۆڕاگرییە شایانی ئەوەیە کە بەردەوام لەسەری بنووسرێ و بگوترێ، بۆوەی ببنە سەرمەشق بۆ هەموو زیندانییانی سیاسی.

– ئەو ٥٩ لاوە ئەگەر هەمووشیان سەر بە حیزب یا ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبووبن، بەڵام لە یەک شتدا هاوبەش بوون؛ ئەویش باوەڕ و شعووری نیشتمانپەروەری وگەڵدۆستییە کە دوژمنی گەلی کوردی ناچار کرد هەر هەموویان پێکەوە ئێعدام بکا. ئەوە میراتێکی مەعنەوەیی بەهێز بۆ جووڵانەوەی سیاسیی کوردە کە پێویستە بە بەردەوامی بە هەموو نەوەکانی کۆمەڵی کوردەواری ببرێ.

لە کۆتاییدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پێشوازی و پشتیوانی لەو ناودێرکردنە کە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد پێشنیاری کردوە، وەک هەمیشە پابەند دەبین بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییانی سیاسیدا دەکەوێتە سەر شانی حیزب.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد و هەموو بەندکراوانی سیاسیی شەهید.

کوردستان
ژمارە ٨٢٤
١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٢

# ئیرادەی مافخوازیی گەلی کورد زۆر لەوە بەهێزترە کۆماری ئیسلامی بە سەرکوت بەچۆکی دابێنێ

## (پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ناودێرکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد)

**خەڵکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان!**
**زیندانییە سیاسییە خۆڕاگرەکان!**

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خەڵکی مافویست و ئاشتیخوازی کوردستان دوای دەیان ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان و خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی هیوای ئەوەیان دەخواست کە بە ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانیان بگەن. بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بناغەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی لەسەر خنکاندنی ئازادییەکان و سەرکوتی جیابیران دانا و بۆ ئەوەش لە کوردستانڕا دەستی پێ کرد، چونکی کوردستان ئیرادەی مافخوازی و خۆڕاگریی لە خۆی نیشان دابوو.

هێرشی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم بەهاری پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا ڕووداوەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە و کومەڵکوژییەکانی قارنێ، قەڵاتان، سۆفیان و قەرەگوڵ و سەوزی و؛ ئێعدامەکانی نێو شاری سنە و سەقز و شار و ناوچەکانی دیکەی لێ کەوتەوە. جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای لەشکرکێشیی هەمەلایەنە و داگیرکردنی شار و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پتر بوون کە دەسبەسەرکردنی ٥٩ لاوی مەهابادی و ئێعدامکردنیان لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی یەک لەوان بوو. ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە کوردە پاش دەسبەسەرکران بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لەسەر چی گیراون و بێئەوەی لە دادگایەکدا دادگایی بکرێن و دەرفەتی بەرگریکردنیان بدرێتێ، پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە گرتنیان لە شاری تەوریز گوللەباران و تەرمەکانیشیان شوێنبزر کران. ئەو جینایەتە سامناکە پەڵەیەکی ڕەشی دیکەیە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئەبەد لەبیر خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کورد ناچێتەوە.

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر گەلی کورد دەستی پێ کردبوو، ئاکامەکەی سەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی کورد بوو، شەڕێکی فرەڕەهەند لە چەند بەرەدا. هەم لە گۆڕەپانی لەشکەرکێشییەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و، هەم لە سەرکوتی جیابیران و ئازادیخوازەکان و قەڵاپرچنکردنی زیندانەکان لەو کەسانەی ئامادە نەبوون چۆک بۆ ویستی دەسەڵاتی سەرکوتگەر دابدەن. ئەوە وایکردبوو کە زیندانەکانیش ببنە سەنگەرێکی دی لە خۆڕاگری و ئیرادەنوێنیی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە هەم لە بەرەکانی شەڕدا تووشی شکست ببوو، هەم لە بەرانبەر خۆڕاگریی هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکاندا تووشی زەبوونی هاتبوو، تۆڵەی شکانە یەک لە دوای یەکەکانی لە زیندانیانی سیاسی بکاتەوە. بەمجۆرە ئێعدامە سیاسییەکان کە هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٣٥٧ لە سەربانی خوێندنگەی "ڕیفاه" دەستی پێ کردبوو، و لە مەهاباد جینایەتی وەک ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادیی لێ کەوتبۆوە؛ لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا گەیشتە لوتکە.

ئاماری ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دەڵێن کە لەو ساڵەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تۆڵەی شکستەکانی لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا و پاش ملڕاکێشانی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ، لە نێوخۆی وڵاتدا کەوتە قەڵتوبری دژبەرانی خۆی و زیاتر لە سی هەزار بەندکراوی سیاسیی ئێعدام کرد. ئێعدامی زیندانییانی سیاسی دواتریش هەر سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم بەتایبەت لە کوردستان و دەرحەق بە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بوو، کە تازەترینی ئەو جینایەتانە، ئێعدامی "حەیدەر قوربانی" بوو کە چەند مانگ لەوە پێش لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنەدا لە سێدارە درا.

**خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان!**

٣٩ ساڵ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەستبەردانەوەی لاوانی کورد لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە جینایەتی ئێعدامی ٥٩ لاوی خەڵکی شاری مەهاباد خوڵقاند. بەڵام لاپەڕەکانی مێژووی ئەو گەلە شایەتی دەدەن کە لاوانی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتی و لە هەموو سەنگەرەکانی پارێزگاری لە خاک و کەرامەتی نیشتمانیدا پێشەنگ، ڕچەشکێن، چیایی و قورس و قایم لە مەیداندا بوون. یەکێک لەو مەیدانە سەرەکییانەی خەباتیش زیندانەکانی ڕێژیم بوون کە لاوانی زیندانبەزێنی کورد کردوویانە بە مەتەڕێزی خۆڕاگری و بەرگری لە مافی نەتەوەکەیان. کۆماری ئیسلامی بەو خەیاڵەی زیندان وەک ئامرازی ترس و تۆقاندن و سەرکوت ورە بە لاوانی خەباتکاری کورد و لە وزەی خەباتگێڕی بەتاڵیان دەکاتەوە، کەچی زۆرباش ئەو وەڵامەی وەرگرتەوە کە گرتووخانە بۆ ئەوان قەڵای نەسرەوتن و خۆڕاگرییە و "قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە".

٤٣ ساڵ سیاسەتی سەرکوت، ٤٣ ساڵ بەردەوامیی جینایەت و ڕەشەکوژی، ٤٣ ساڵ سووربوون لەسەر گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد و شەڕ لە دژی ئەو نەتەوە لە هەموو بوارێک و بە هەموو ئامێرێک، هیچ دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەبووە، چونکی ئیرادەی مافخوازیی ئەو گەلە زۆر لەوە سەرتر و پترە کە بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەچۆک دابێت. بەشداریی هەمەلایەنە و مەیدانداریی لاوانی کورد لە هەموو مەیدانەکانی خەبات چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتی و چ لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی لە کوردستان بەڵگەی شکۆمەندیی مافخوازی و ئیرادەگەریی کورد و لە هەمانکاتدا زەبوونی و داماویی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**زیندانییانی سیاسیی خوڕاگر!**

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕاوێژ لەگەڵ چەند لایەنی سیاسی و کۆمەڵێک ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و بەندکراوانی سیاسیی کورد، وێڕای وەبیرهێنانەوەی تاوانی سامناکی تیربارانکردنی ٥٩ لاوی کورد لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەڕدانی ١٣٦٢دا، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر دەکا.

بەمجۆرە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ شەهیدە بێتاوانەی کوردستان، ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسیی کورد دەگرین و سڵاو بۆ ئیرادە و زیندانبەزێنییان دەنێرین کە سەرەڕای هەموو ئەشکەنجە و ئازارکانی نێو زیندان و بێمافییەکانیان، بەڵام سەری خۆیان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیان بەرز ڕاگرتوە. هەروەها سەر کڕنۆش دادەنوێنین بەرانبەر بە قامەتی بەرزی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە ڕووسووری و شکۆمەندییەوە چوونە بن پەتی سێدارە، بەڵام سەریان نەوی نەکرد و چۆکیان بۆ دوژمن دانەدا. هەروەها لەو ڕۆژەدا چوونە سەر گڵکۆی زیندانیانی سیاسیی شەهید و سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی زیندانیانی سیاسی بە ئەرکێکی نیشتیمانی بۆ خۆمانی دادەنێین.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی١٢ی جۆزەردان.
سڵاو لە ئیرادە و خۆڕاگریی گەلی کورد.

**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی**



# شکۆی جووڵانەوەی سیاسیی کورد قەرزباری خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکانە



**پەیامی پشتیوانیی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد**

نەتەوەی کورد لە ئێران بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو لەپێناو دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا خەباتێکی سەخت و خوێناویی کردوە. لە ڕەوتی ئەو خەباتە دوورودرێژە، بەتایبەت لە دوو سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا زۆر ڕێبەری لێوەشاوە و گەلێک کوڕوکچی نیشتمانپەروەر لە سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریدا گیانیان بەخشیوە. هەروەها بێئەژمار ڕۆڵەی ئەم خاک و ئاوە خراونەتە سیاچاڵەکان، کە بە خۆڕاگریی خۆیان زیندانەکانییان کردۆتە سەنگەری مافویستی و بەچۆکداهێنانی ئیرادەی هێزی داگیرکەر.

پاش بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە کاتێکدا ئەم حیزبە بە نفووز و دەستڕۆیشتوویی جەماوەریی خۆیەوە ڕێبەریی جووڵانەوەی مافخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، هەموو هەوڵی ئەوە بوو بە ڕێگەی دیالۆگ و دوور لە گرژی و توندوتیژی پرسی کورد لە ئێران چارەسەر ببێ. بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نەبوو، دەنگی حەقخوازانەی گەلی کوردیشی نەبیست و وەڵامی دیالۆگ و وتووێژی کوردی بە شەڕ و لەشکەرکێشی و فتوای جیهاد بۆ سەر کوردستان دایەوە، شەڕێک کە لە شکڵ و فۆڕمی جۆراوجۆردا هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٢٢٨٠ زیندانیی سیاسیی کوردی بەهۆی خەباتی نەتەوایەتییان و لەژێر ناوی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمەدا ئێعدام کردوە کە ١٠٣٧ کەس لەوان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. دەزگای سەرکوت و تێرۆری ئەم ڕێژیمە هەروەها لانیکەم ٤٦٠ ئەندامی حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تیرۆر کردوە کە زیاتر لە ٣٠٠ کەس لەو ژمارەیە، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بە ڕوانگەی ئەمنییەتی و ئایدیای کۆلۆنیالیستی لە کوردستانی ڕوانیوە و ئەو بەشە لە جوغرافیای ئێرانی سیستماتیک لە گەشە و پەرەسەندنە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵاواردوە و بزووتنەوەی کوردیش لەم بەشەی نیشتمان وێڕای بەڕێوەبردنی خەباتی بەرگری پێشمەرگانە وەک مافێکی ڕەوا، لە قۆناغی نوێدا کار و تێکۆشانی خۆی لەسەر خەباتی مەدەنی و ڕێکخستنی جەماوەرییەکان لە قالبی کۆمەڵگەی مەدەنیدا داڕشتووە کە ڕێژیم لە کوردستان زۆر دژی ئەم مۆدێلەی خەباتە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کۆماری ئیسلامی هەموو کاتێک بە بیری میلیتاری سەیری داخوازەکانی کوردی کردوە و هێز و هێژمونیی خۆی لە شەڕ و توندوتیژیدا دەبینێ. هەربۆیەشە چالاکانی کورد لە سۆنگەی کاری مەدەنی و ڕێکخراوەییەوە دەگیرێن، کەچی پەروەندەی ئەمنیەتییان لەدژ ساز دەکرێ و لەو بارەیەوە بەرەوڕووی تیچووی قورسی زیندان و تەنانەت ئێعدامیش دەبنەوە، بەجۆرێک لە ماوەی دوو ساڵی ١٣٩٩ و ١٤٠٠ی هەتاویدا لانیکەم ١٢٢١ هاونیشتمانیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون کە لە نێویاندا ٤٠٠ کەسیان دادگایی کراون و حوکمی لە سێ مانگ هەتا ٢٥ ساڵ و تەنانەت سێدارەشیان بەسەردا سەپاوە؛ بە جۆرێک کە ئەم چوارسەد هاونیشتمانییە بە کۆی گشتی ١٣١٣ ساڵ زیندان حوکم دراون.


کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم ئێعدامەکانی لە کوردستان بە ئێعدامی ١٢ کەس لە شاری پاوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا دەست پێ کرد کە زوو شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە، ئەمە جیا لە کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە بوو لە شار و ئاواییەکانی کوردستان. ڕێژیم یەکەم تێرۆرەکانی لە کوردستان بە تێرۆری شەهید سەرگورد حەبیبوڵڵا عەباسی، بەرپرسی شوڕای نیزامیی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٩ دەست پێ کرد کە دواتر بوو بە سیاسەتی هەمیشەیی و نەگۆڕی بۆ لێدان لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد. ئەم ڕێژیمە لە درێژەی جینایەتەکانی خۆیدا کارەساتی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادیی لە جۆزەردانی ١٣٦٢دا خوڵقاند کە ئەمڕۆ ئێمە ناو و یادی ئەو شەهیدە گۆڕبزرانە بەرز و پیرۆز ڕادەگرین. بەمجۆرە نە ئێعدام، نە تێرۆر، نە کۆمەڵکوژی و قەڵاچۆ، نە بەندیخانە و ئەشکەنجە و نە پتر لە چوار دەیە سەرکوتی خوێناوی نەیانتوانیوە دەفریای ڕێژیم بۆ دەستەبەری خەون و ئامانجەکانی لە کوردستان بکەون. شێلگیری لە خەبات، پێداگری لە مافخوازی و خۆڕاگریی کەموێنەی ئەم گەلە شکۆیەکی مەزنی بە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەخشیوە کە بەشێکی ئەو سەروەرییە بۆ خۆڕاگریی زیندانییە سیاسییەکان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا دەگەڕێتەوە.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهاباد کە لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا چوونە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەوە، سڵاو دەنێرێ بۆ سەرجەم زیندانییانی سیاسیی کورد کە بە خۆڕاگرییان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا سەری جووڵانەوەی کوردیان بەرز ڕاگرتوە. هاوکات پشتیوانیی خۆی لە پێشنیاری ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناودێرکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد ڕادەگەیەنێت.

سڵاو لە زیندانییانی سیاسی، سڵاو لە تێکۆشەرانی ڕێگای گەیشتن بە ئازادی و مافی مرۆڤ.

**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**١٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی**

# چەکداریی زۆرەملی بۆ گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمی جیهانی



زانیار حوسێنی

سەربازیی مۆدێرن بۆ دەوڵەت یان چەکداریکردن بۆ دەوڵەت دیاردەیەکی زۆر کۆن نییە و مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٩٨ زایینی ( ١١٧٧ هەتاوی ) کە لەدوای شۆڕشی فەرانسە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەو وڵاتە هاتە ئاراوە و وەک یەکەمین جمهوری لە جیهانی مۆدێرندا بەو پلانە لە هەوڵی ئەوەدا بوو لەبەرانبەر پاشایەتیی رۆژئاواییەکان بەرگری لە کیان و گەلەکەی بکات. لەڕاستیدا مەسەلەی هێزی سەربازی لە هەموو وڵاتێک بۆ پێکهێنانی ئاسایش و بەهێزکردنی ڕەهەندەکانی بەرگری وەک پرسێک بۆ هەموو دەوڵەتان بووە و ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ دۆزراوەتەوە و تاقی کراوەتەوە. دواجار بە داهێنانی فەرانسە لەو بوارەوە لەژێر ناوی سەربازیی بەزۆرەملی، وڵاتانی تریش ئەزموون و بژاردەی ئەویان کردە هەوێنی چارەسەری ئەو مەسەلەیە.

پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ تاکێکی کۆمەڵگە ماوەیەک لە تەمەنی خۆی لەپێناو خزمەت بە وڵات یان دەوڵەت دابنێ؟ بەڕاستی لەنێوان خزمەت بە وڵات و میللەت لەگەڵ دەوڵەت جیاوازیی چییە؟

هەر وڵاتێک بۆ پێکهێنانی ئاسایشی نێوخۆیی، بۆ پاراستنی سنوورەکانی لەهەمبەر دەستدرێژیی بیانی و کێشەی سیاسی، جوگرافی، ئابووری و نیزامی، بەرگری کردن لە ماف و چارەنووسەکەی و هتد پێویستی بە قەوارەیەکی نیزامی هەیە. ئەوەی دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی نەکردنی دەوڵەتان بە نیسبەت یەکتر، هەروەها پاراستنی دۆخی ئارامی نێو کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لەو کردەوانەی کە پێش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگرێ، هێزی نیزامیی وڵاتە. ئەو هێزە لە یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێکدا پێناسە کراوە و لەئێستادا ئەو پێناسەیە پەلی بۆ کەرتە ئابووری و یاساییەکان و ڕای گشتی لە ئاستی جیهانیشدا هاویشتوە و بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو دیاردەیە دوو پێناسەی بۆ بکردرێ کە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یەکتردا خاڵی هاوبەش و جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ یەکتر هەیە. پێناسەی یەکەم کە لە دەسپێکی هاتنە ئارای ئەو دیاردەیە بۆی کراوە بەو جۆرەیە کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەزۆرەملی لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێ تەمەنی خۆی پێشکەشی خاک و نیشتمان بکات و لەبەرانبەریشدا لەدوای ئەو تاکەکانی دیکە ئەو کردەوە بەزۆرەملییە بگرنە ئەستۆ. ئەو زۆرەملییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەپێناو بەرژەوەندیی نیشتمان و میللەت و دەسکەوتەکانی وڵاتدایە؛ ئەوە پێناسە و بۆچوونی ئەو وڵاتانەیە کە سەربازی لە یاسای ئەواندا بەزۆرەملی پێناسە کراوە و وەک هەموو یاسایەکی دیکە خاڵ و ئوسوولی پێویستی بۆ دەستنیشان کراوە.

پێناسەی دووهەم کە بە سەربازی خۆخوازانە نێوبانگی دەرکردوە و زۆربەی وڵاتانی جیهان لەو سەردەمەدا پێڕەوی لەو شێوازە دەکەن، بەو جۆرەیە کە سەربازی وەک هەموو کار و پیشەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە وەک دیاردە و کارێکی پرۆفیشناڵ چاو لێ دەکردرێ و کەسانێک کە دەخوازن لە پیشەی نیزامیدا کار بکەن و شارەزایی وەدەست بێنن و سەرکەوتوو بن، دەچنە نێو ئەو بازنە کارییەوە؛ دیارە سەربازی (چ خۆخوازانە و چ بەزۆرەملی) وەک هەموو کار و پیشەیەکی دیکەی کۆمەڵگە خاڵی ئەرێنی و نەرێنیی خۆی هەیە.

سەربازی بەزۆرەملی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی ( ١٣٠١ی هەتاوی ) لەلایەن وڵاتی ئیرلەندەوە وەلانراوە و دواتر وڵاتانی وەک ژاپۆن، ئینگلیز، لوکزامبورگ، ئوستڕالیا، ئەمریکا ئەو کارەیان کرد و لە ئێستادا ١٠٩ وڵات ئەو کارەیان کردوە کە سەتا ٥٥ی وڵاتانی دنیا دەگرێتەوە. لە سەتا سی و دووی وڵاتانی دیکە سەربازییان بەشێوەی خۆخوازانە یان تێکەڵاوێک لە دوو شێوازی خۆخوازانە و بەزۆرەملی (لە ماوەیەکی کەمدا و بە مەبەستی ئاشنابوون لەگەڵ چەمکەکانی نیزامی و جۆرەکانی بەرگری و هتد) یان سەربازی بەشێوەیەکی مەدەنی یان نیزامی بەبێ چەک هەیە. بەڕێوەبەرانی وڵاتان بە لێکدانەوەی باری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات بەو ڕاستییە گەیشتوون کە سەربازیی پرۆفیشناڵ و خۆخوازانە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکان (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی مرۆیی) بۆ وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات یان وڵاتێک کە بەرەو ئازادییە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو دەنێ باشتر و جێگرتووترە و پرۆسەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات، بەو جۆرە جێگەی پاراستنی دەسەڵات (بەشێوەیەکی یەک ڕەهەندی) دەگرێتەوە و پێش لە سازبوونی هەل بۆ چەقبەستوویی نێوخۆیی و چوونی دەسەڵات بۆ نێو ڕێگەی دیکتاتۆرییەت دەگرێ. لە وڵاتێکی ئەوهادا هێزی نیزامی بە تایبەتمەندییەکانی نیشتمانپارێزی و نیشتمانپەروەرانە بنچینەی ڕاهێنان و پەروەردە لەپێناو پاراستن و پێشکەوتن بەشێوەیەکی ئینسانی، ئوسوولی و پێویست دادەمەزرێنێ.




ئەو وڵاتانەی کە لە سەردەمی ئێستادا سەربازی بەزۆرەملییان هەیە بریتین لە ٢٦ وڵات کە هەرکامیان پاساوی تایبەت بە خۆیان بۆ ئەو شێوازە لە سەربازی دێننەوە. لەنێوان ئەو وڵاتانەدا وڵاتی کۆرەی باکوور بە زۆرترین بازنەی زەمەنی بۆ سەربازیی بەزۆرەملی لە پلەی یەکەمی ئەو وڵاتانە دایە و کۆماری ئیسلامی لە پلەی دووهەمدا جێگیر بووە. بە چاو لێکردن لەو دوو وڵاتە دەبنیدرێ کە هەردووک پێبەند بە باوەڕێکی سیاسیی ئیدئۆلۆژیکن کە هەموو ڕەهەندەکانی دامودەزگای وڵات لەپێناو پاراستن و بەرژەوەندیی بیروباوەڕی خۆیان دایە بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی وڵات و خەڵک و هەروەها پێشکەوتن و گەشەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لە بوارە پێویستەکان یان ویست و خواستەکانی سەردەمیانە لەبەر چاو بگرن. بەکارهێنانی بواری نیزامی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە یەکێکە لەو کردەیە دیار و بەرچاوانە کە ئەو دوو وڵاتە بەکاری دەهێنن و مانۆری لەسەر دەدەن و لاوەکانی وڵات ملکەچ دەکەن بۆ ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر و دیاریکراو لە خزمەت ئەواندا بن. لە جیاوازیی سەرەکیی نێوان سەربازی بەزۆرەملی و خۆخوازانە دەکرێ ئاماژە بەو خاڵە بەرچاوە بکەین لە وڵاتێکدا کە سەربازی بەشێوەی خۆخوازانەیە هەر تاکێک بە خوێندنەوە و موتاڵای لینکەکانی ئەو بوارە و هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆی، ژیانی نێو کۆمەڵگە و تێڕوانینی بۆ نیشتمان، خەڵک و ئامانجەکانی وەک پاراستنی سەروەری و کەرامەتی وڵات، خزمەت بە ویست و خواستەکانی خەڵک کە لە بوارەکانی دیکەی دامودەزگای دەوڵەتی بەدەست دەهێندرێن، لەڕێگەی ڕەچاوکردنیان و پاراستنیان و هەروەها پارێزگاری لە دەسکەوتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی یاسا و عورفی ڕێگەپێدراوی نێودەولەتی و پوتانسییەل و هێژموونییە مەوجوود و واقعەکانی، بڕیار دەدا کە بچێتە نێو ئەو کار و پیشەیە یان نا؟ بەڵام بە چاولێکردن لە وڵاتانێک کە دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و تۆتالیتێر دەستی بە سەر هەموو نیهادە سیاسی، نیزامی و ئیدارییەکاندا داگرتوە و هەموو سامانە سرووشتی، دەستکرد و ئینسانییەکان بۆ پاراستن و گەشە و بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی هەرچی زیاتری باوەڕی ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەکار دەهێنێ و لەونێوەدا خەڵک و وڵات و بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لەلای گرینگ نییە بە بەزۆرەملیکردنی سەربازی هەوڵی ڕێکخستنی ئەو قەوارە نیزامییە (بەو پێناسەیەی بۆمان کردن) دەدەن.

ئەزموونی وڵاتانێک کە سیستەمێکی دیکتاتۆر یان تۆتالیتێر تێیاندا حاکم بووە یان لەئێستادا هەر لێیان حاکمە (وەک ئێران و کۆرەی باکوور) سەربازی بەزۆرەملی گرینگترین بەش و کۆڵەکەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتەیە کە تەواوی ئامانجی ئەو هێزە پاراستنی دەسەڵات، جێگیرکردنی ویست و خواستی دەسەڵاتە. لە هەمان کاتدا لەڕووی توانایی سەربازی و نیزامییەوە بەپێی دەرفەت و ئیمکان هەوڵی تێکدانی دۆخی ناوچە دەدات کە لەڕێگەی سەپاندنی هێژموونی سیاسی و نیزامی بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێدان بە ئامانجی چەقبەستوو و باوەڕمەندانەی خۆیەتی. لەو جۆرە سەربازییەدا گرینگ نییە کە هەر تاکێک کە دەبێتە سەرباز چ بیروباوەڕێکی هەیە، گرینگ نییە تا چ ڕادەیەک جۆری ڕەوتی نیزامی ئەو وڵاتەی قبووڵە؛ ئەوەی گرنگە پەیوەست بوونی تاکەکانە بە ڕیزەکانی ئەو پرۆسەیە و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و پاراستنی بیر و هزری دەسەڵات لەهەموو دژکردەوەیەک. لەو شێوە سەربازییەدا، دەسەڵات هێزەکانی خۆی ملکەچ دەکا بۆ ئەنجامی هەموو کردەوەیک کە بەشێوەی سازمانی پێیان دەگوترێ و بۆیان دادەڕێژرێ. لەو شێوازەدا لە بازنەی قسە و تیئۆرییەکەیدا پاراستنی گەل و نیشتمان زەق و بەرچاوە بۆ ئەوەی لە بواری یاسایی لە نێوخۆی وڵات و ڕەوتی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەک پێش بە دروستبوونی کێشەی سیاسی و یاسایی بگرێ. بەڵام لە ڕەفتاردا هەموو کردەوەکان تەنیا لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆسەپێن دادەبێ و بازنەی کردەیی ئەو هێزە تەنیا بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە دەبینێ؛ بۆ ئەوەش کارنامە و مێژووی کردەیی ئەو وڵاتانە لەبواری نیزامییەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن. لە ئێران لەساڵی ١٣٠٤ی هەتاوی بەشێوەیەکی فەرمی سەربازیی بەزۆرەملی لەلایەن دەسەڵاتەوە پەسند و جێبەجێ کرا کە ئامانجەکەی بوو بە مانۆڕی دەسەڵاتی پەهلەوی، سەرکوتی گەلانی ئێران، بێدەنگکردن و کپکردنی ویست و داخوازیی خەڵک بەتایبەت گەلی کورد. هێزی سەربازی پەهلەوی (نیزامی و ئەمنییەتی) تا کۆتا ساتەکانی ژیانی ئەو دەسەڵاتە لە سەرکوت و گرتن و چەوساندنەوەی گەلی کورد و زەوتکردنی ماف و ویستی گەلی کورد لە هیچ کردەوەیەک کۆتایی نەکرد و لەجیات هێزی گەل بە هێزی پاشای پاشایان ناوزەد کرابوو و ناوبانگی دەرکردبوو. کورد بەو شێوازە سەربازییە هەر لە سەرەتاوە نارازی بووە و تاکوو ئێستا بە ئیجباری ناوی هێناوە، چونکی پێی کردەیەکی بێمانا بووە لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ستەمەی لێی دەکرێ. لەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، ڕەوتی سەربازیی بەزۆرەملی تاکوو ئێستا درێژەی پێ دراوە. بەو جیاوازییە کە کۆماری ئیسلامی بازنەی سەربازگیرییەکەی گەورەتر کردەوە و جگە لە ئەرتەش، هێزی ئینتزامی و دەزگای زانیاری بە دامەزراندنی سوپای پاسداران، جۆرێکی دیکەی لە ئەرک و دەسەڵاتی هێزی چەکداری هێنایە ئاراوە. هەرچەند کە ئەرتەش وەک ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی پێناسە کراوە نەک ئەرتەشی وڵات یان خەڵک؛ ئەوە بۆ نیروی ئینتزامی و دەزگاکانی دیکەش ڕێک هەر بەو شێوەیەیە. بەڵام سوپای پاسداران بە ناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ناو بردراوە و وشەی ئێران نە لە نێوەکەیدا و نە لە لۆگۆکەیدا نەهاتووە و پێناسەی خودی ناوەکەی بەتەواوی دەرخەری ئەرک، ڕادەی دەسەڵات و ئامانجەکەیەتی. جگە لەو تاریفەی کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا بۆی کراوە، بە ناوەکەیڕا دەتوانین ئەو پێناسە گشتییەی بۆ لە بەرچاو بگرین. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بە ئەو هێزە چەکدارییە دەگوترێ کە ئامانجەکەی پاراستنی شۆڕشی ئیسلامییە. ئەو شۆڕشەی کە خومەینیزم لەژێر چەتری ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ لەگەڵ دارودەستە و تاقمەکەی لە ئێراندا سەپاندیان و هەموو دامودەزگای دەوڵەتی و دەسەڵاتیان پێ قۆرخ کرد و بە دەرکردنی حیزبەکانی دیکە لە بازنەی سیاسی-یاسایی وڵاتدا و بە سەرکوت، قەڵاچۆکردنی گەلانی ئێران و دژبەرەکانیان، هێژموونیی خۆیان بەتەواوی بە سەر هەمووی ئەو قەوارە سیاسی و جوغرافیاییە لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە بە هەموو توانا و ئیمکاناتەوە سەپاند و هەر لەو سەردەمەوە تائێستاش هەوڵی هەناردەکردن و بڵاو کردنەوەی ئەو بیر و هەزرەیان داوە مەبەستی جێگیربوونی ئەو جۆرە تێڕوانینە سیاسی-ئیدئۆلۆژیکە.

بەپێی ئەو پێناسەیەی لەو شۆڕشە ئیسلامییە و سپای پاسداران کراوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەر کوێی ئەو گۆیی زەوییە جێگیرکرابێ یان بەە ەر ڕادەیەک بڵاو کرابێتەوە یان لانیکەم پوتانسییەلێک (بە هەر ڕێژە و ڕادە و ئەندازەیەک) بۆ وەرگرتنی ئەو شۆڕشە یان هێندێک لە چەمکەکانی لە ئارادا بێ، ئەرکی ئەو سوپایەیە کە لەو شوێنانە پارێزگاریی لێ بکات، یان حزووری هەبێت و لەڕێگەی لق و پۆپەکانیەوە ئاسانکاری زیاتر بکات بۆ هەناردەکردنی ئەو شۆڕشە و پاراستنی ئەو بازنە جوگرافییە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە. هاوکات هەوڵی بەهێزکردنیان بدات لەڕووی سەربازی، نیزامی، ئابووری و مەیدانییەوە. ئەو ناوە و ئەو ئامانجە دیاریکراوە بۆ ئەم هێزە چەکدارییە وای کردوە کە بتوانێ لە هەموو کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی وڵاتدا دەستێوەردان بکا یان حزووری هەبێت و بە ناوی پاراستن و پارێزگاریکردن لە شۆڕشی ئیسلامی بتوانێ لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت بڕیاردانیشدا هیچ سنوور و چوارچێوەیەک بۆخۆی دیاری نەکات و نەیناسێ. سوپای پاسداران سەرچاوەی ئینسانیی خۆی لە لاوانی گەلانی ئێران دابین دەکات و بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکانی لەپێناو ئامانجە دیاریکراوەکەیدا بەکاریان دێنێ، نەک بەرژەوەندی گەلی و نیشتمانی؛ وەک هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی لە جۆری ویلایەتی فەقیهـ بێدەنگکردنی ئۆپۆزیسیۆن و نارازییەتییەکانی نێوخۆی وڵات، سازکردنی جەوێکی ئەمنییەتی و تۆقێنەر، زەوتکردنی پوتانسییەلە مەوجوود و پێویستەکان. لەو پێناوەدا بەگرەوگرتنی کوڕی خەڵک لەهەمبەر ژیان و داهاتوویاندا هەوڵی خۆی داوە کە هێژموونی و داگیرکاری خۆی لەنێوخۆی وڵات بەتەواوی بسەپێنێ و هەروەها بەرەوڕووی دژبەرانی لە دەرەوەی وڵات بێتەوە. لەڕاستیدا سوپای پاسداران بە کەڵکوەرگرتن لەو شێوازە سەربازییە بۆ خزمەتکردن بە هزری کۆشکی خەلافەتی ویلایەتی فەقیهـ و پێکهێنانی لق و پۆپی جۆراوجۆر لەو هێزەدا لاوانی ئەو وڵاتەی لەپێناو خزمەتکردن بەو دەسەڵاتە، بە ناوی پاراستنی وڵات و خەڵک لەدژی خەڵک و خۆپێشاندەران بەکارهێناوە. ساڵەکانی سەرەتایی لەدوای شۆڕشی گەلان لە ئێران و ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە ماونەتەوە شایەتحاڵی ئەو ڕاستییەن کە سوپای پاسداران لەژێر ئاڵای پاراستنی خەڵک و وڵات هێرشی کرد بۆ کوردستان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاسایەکی نیزامی و ئینسانی دەستی کرد بە کوشتن و گرتن و قەڵاچۆکردنی خەڵک و وێرانکردنی کوردستان و زەوتکردنی ماف و ویستی گەلی کورد. بۆ ئەو ئامانجەش بێجگەلە بەکرێگیراوەکانی خۆی هەر بە یاسای سەربازی بەزۆرەملی، کوڕی خەڵکی کردە قەڵغان و سەرچاوەی ئینسانی و مەیدانیی خۆی. لەدوای ئەوە لە ساڵەکانی ٩٨،٩٦،٩٤،٨٨،٧٨،٦٧ و ١٤٠١ لە سەرکوتی خەڵکدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و لە تەواوی ئەو ساڵانەدا لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا ئەکتەری یەکەمی مەیدان بووە بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتی خەڵک و گرتن و ئەشکەنجە و هتد.

وەک گوترا سوپای پاسداران کە لەلایەن ئەمریکاشەوە وەک هێزێکی تێرۆریست ناسراوە، ئامانجەکەی تەنیا پاراستنی نیزامی سیاسیی وڵاتە، نەک خەڵک و مافەکانیان. بە پێناسەیەکی سادەتر دەتوانین بڵێین کاتێک کە خەڵک یان زۆرینەی دانیشتووان لە ئێران بڕیار بدەن بەشێوەیەکی دروست و ئوسوولی لەسەر بنەماکانی پێناسەکراو لە سەرچاوە حقووقی و یاساییەکان هەوڵی گۆڕینی جۆری دەسەڵات یان تەنانەت چاکسازی بەشێوەیەکی پێویست و گووجاو بدەن، ئەوە سوپای پاسدارانە کە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە بەدژی خۆیان بەکار دێنی بۆ ئەوەی هەم ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ، هەمیش خەڵک لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو بکاتەوە و بە بارمتەگرتنی ژیان و داهاتووی لاوانی وڵات، ئەو لاوانە لە گرەو بنێ لە پێناو ئامانجەکانی خۆی کە تا ئێستاکەش هەر ئەو کارەیان کردوە. هەروەها لاوان بە نەچوون بۆ سەربازیی بەزۆرەملی جا چ لە ڕیزی سوپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیمدا، لە زۆر یەک لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیانیان بێبەری دەکرێن، وەک بێبەش بوون لە هێندێک مافی شارومەندی، بێبەش بوون لە درێژەدان بە خوێندن، وەرگرتنی پاسپۆرت، دامەزران لە ئیدارە دەوڵەتییەکان، کەرتی تایبەت و هەروەها ژیان بە ترس لە دەسبەسەرکران و گیران، جەریمە و بەندیخانە و هتد. بە مانایەکی سادەتر ئەو ناوەندەی کە تەنیا ئەرکی پاراستن و پەرەپێدان بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی خۆسەپێن و دژەخەڵکیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات و دەرەوی وڵاتە، زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەی ئینسانییەکەی لە تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگە دابین دەکا و بۆ ئەوەی لاوەکان و ئەو سەرچاوە مرۆییانە ملکەچی خۆی بکات، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەست بەسەر ماف و ژیان و داهاتوویان دادەگرێ و لەبەرانبەریشدا بە دابینکردنی ژیانێکی باش بۆ ئەو هێزە لەبەرانبەر کار و پیشەی دیکەدا هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەتایبەت چینی هەژار دەدات بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی. یەکێک لەو کردەوانەش کەلکوەرگرتن لەو دۆخە نالەبارە ئابوورییەیە کە تا ڕادەیەک دەستی مافیای سوپای پاسدارانی لەپشتە و هەوڵی ئەوە دەدات کە بە دانی ئیمتیاز و پارە جگە لەو سەربازیی بەزۆرەملییە، بەکرێگیراوەکانی خۆی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بکات. لەو حاڵەتەدا لاوانی ئەو وڵاتە بە جیاوازیی نەتەوەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە دەخاتە سەر دوو ڕێیانێکی قوورس؛ ملکەچی نەکردن بۆ سوپای پاسداران و نەچوون بۆ سەربازی بەزۆرەملی بۆ ئەوەی پێ لەسەر بەرژەوەندیی خەڵک و وڵات دانەنێ لەپێناو لەکی چوون و سووتانی داهاتووی خۆی. یان چوون بۆ سەربازی بەزۆرەملی و ملکەچی لەپێناو دەستووراتی سوپا و بەشداربوون لە سەرکوت، ئازار و ئەشکەنجەی خەڵک و پێ لەسەر ژیان و بەرژەوەندی و ویستی خەڵک دانان و وەگەڕ خستنی سەرچاوە و هێزی ئینسانی ئەو سوپایە لەپێناو ژیانێکی ئاسایی و بێبەرینەبوون لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی ژیان.

# تاوانبارانی میترۆپۆل لە تارانن نەک خووزستان



ڕەحمان سەلیمی

گەندەڵیی ئیداری دیاردەیەکە تایبەت نییە بە وڵاتێکی دیاریکراو یان قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراو لە ژیانی گەلان، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا و لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا بە ڕێژە و شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز بینراوە و دەبینرێ. ئەو دیاردەیە کە بە خۆرکەی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلان شوبهێنراوە کاتێک ئاوێتە بە گەندەڵیی سیاسی بێ، بەتەواوی بنەما ئەخلاقی و ژێرخانییەکانی کۆمەڵگە لەبن دێنێ و دەبێتە ئاڵترناتیڤی مەشرووعیەتی سیاسی و تەنانەت ئەرزشیی کۆمەڵگە. بۆ تێگەیشتنی وردتر لەو هاوکێشەیە، سەرەتا پێناسەیەک لە گەندەڵیی ئیداری و دەرهاویشتەکانی دەکەین و پاشان وێنایەک لە گەندەڵیی سیاسی دەردەخەین و لە کۆتاییدا پەیوەندیی دانەبڕاوی ئەو دوو چەشنە لە گەندەڵی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەخەینە ڕوو.

گەندەڵیی ئیداری لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لەو کردەوانەی کە فەرمانبەرانی دەوڵەت لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن و تێیدا ڕێوشوێنە یاساییەکان پشتگوێ دەخەن و لە ئەنجامدا ماف یان بەرژەوەندییەکی تاکەکەسی دەفەوتێنن یان جێگۆڕکێی پێ دەکەن. لێرەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە هەموو کاروبارە ئیدارییەکانی وڵات لە چوارچێوەی سیستەمێکی ڕێکوپێکی یاساییدا ڕێک خراوە و کادری ئیداری بە جێبەجێکردنیان ڕاسپێردراوە و ئەوە سەرپێچیی کادری ئیدارییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵیی ئیداری. کەواتە ناتوانین بە تەواوی پشت بەو پێناسەیە ببەستین بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە هێشتا خاوەن سیستەمێکی یاسایی داڕێژراو نین و ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەدەر نییە لە بۆشایی یاسایی لەو بارەوە. بۆیە باشترە بڵێین گەندەڵیی ئیداری بەکارهێنانی ناڕەوای پێگە و جێگەی خاوەنانی دەسەڵاتی گشتییە لە پێناو گەیشتن بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی تایبەتی جا بۆ تاکەکەس بێ، یان گرووپێکی دیاریکراو. لێرەدا مەبەست لە ناڕەوا لە ڕووی ئەخلاقی و ئەرزشییەوەیە نەک یاسایی.

بەچاوخشاندنێک بەو ئامارانەی کە لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پلەبەندیی وڵاتان لەڕووی گەندەڵیی ئیدارییەوە بڵاو دەکرێتەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە لە نێوان ڕێژەی گیرۆدەبوونی وڵاتان بە گەندەڵیی ئیداری و سیستەمی سیاسیی وڵات، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تەواوکەر هەیە. بەجۆرێک کە ئەو ڕێژەیە لە وڵاتانی دیمۆکراتیک و گەشەسەندوو بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە وڵاتانی خاوەن سیستەمی سیاسیی نادیمۆکراتیک و ناوەندگەرا. هۆکارەکانی بەربڵاویی گەندەڵیی ئیداری لەو



وڵاتانە بریتین لە:

– نەبوون یان لاوازیی دامەزراوەی چاوەدێریی بەسەر دامودەزگا ئیدارییەکانی دەوڵەت یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی دەستئاوەڵایی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەتە بۆ خراپبەکارهێنانی پێگەی کاریی خۆیان. بەو پێیەی ڕەفتارەکانی فەرمانبەر بەشێوەی لۆژیکی پشت بە ڕیسای سوود-تێچوو دەبەستێ، نەبوونی چاوەدێری لە سیستەمی ئیدارییدا تێچووی ئاشکرابوونی گەندەڵی ئیداری دادەبەزێنێ و فەرمانبەر بەرەو گەندەڵی هان دەدا.

– لەو وڵاتانەی کە دەزگای دادوەریی سەربەخۆیان نییە و بەتایبەت دەزگای دادوەری لە ژێر هەژمونیی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دایە، زەمینەی پەرەگرتنی گەندەڵیی ئیداری لەبارتر دەبێ.

– کاتێک قەبارەی دەوڵەت زۆر گەورەیە و دەست لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە وەردەدا لە ئابوورییەوە بگرە تا فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر و هتد، بەریەککەوتنی نێوان هاووڵاتی و فەرمانبەری دەوڵەت زیاتر دەبێ و دەرفەتی گەندەڵیی ئیداری زیاتر دەڕەخسێ. کەواتە بۆرۆکراسیی فراوانی ئیداری، ڕووتینی فراوانی ئیداریی لێدەکەوێتەوە و ئەوەش ڕێخۆشکەرە بۆ گەندەڵیی ئیداری.

گەندەڵیی سیاسی هەرچەندە خاوەنی کۆمەڵێک ڕەگەزی هاوبەشە لەگەڵ گەندەڵیی ئیداری، لە هەمان کاتدا جیاوازیی جەوهەری لە نێوانیاندا هەیە. بە ئاماژەکردن بەو جیاوازییانە پێناسەیەکی ڕوونمان لەو چەمکە دەست دەکەوێ. بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییەکان بریتین لە:

– ڕەفتارەکانی گەندەڵیی ئیداری لە لایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت لە ئاستی خوارەوە و مامناوەنددا و هەروەها بەشێوەی تاکەکەسی یان گرووپیی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێ بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکی سنووردارو دیاریکراو، لەکاتێکدا ڕەفتارەکانی گەندەڵیی سیاسی بەشێوەی ڕێکخراو و سیستماتیک بە ئامانجی کاریگەری دانان لەسەر هەموو کەرتەکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێ. بۆ نموونە گرووپێک بەشێوەی ڕێکخراو هەوڵ دەدا لەڕێگای نامەشرووعەوە کار بکاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و بناغەکانی دیمۆکراسی و دەنگی خەڵک. لێرەدا ئاراستەی بەرژەوەندییەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا گۆڕانکارییان بەسەردا دێ.

– گەندەڵیی ئیداری بەپێی یاسا بە تاوان دەژمێردرێ بەڵام گەندەڵیی سیاسی هیچ پێگەیەکی لەیاسادا نییە، لەبەر ئەوەی گەندەڵکارانی سیاسی خۆیان خاوەنی یاسا و دەزگاکانی جێبەجێکردن و دادوەرین لە وڵاتدا. گەندەڵیی ئیداری و سیاسی تەواوکەری یەکترن بۆ تێکدانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵات. ئەزموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نموونەی سیستەمێکی گەندەڵ لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوە ئەو واقعیەتەمان بەرچاو دەخا کە گەشەی ئابووری و سیاسی وەک دوو کۆڵەکەی گەشە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، تەنیا ئەوکاتە مومکین دەبێ کە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر ئەو سیستەمە سیاسی و بەڕێوەبەرییەدا بێ.

ڕووداوی ڕووخانی مێترۆپۆلی ئابادان و شەپۆلی نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک چەند پەیامی گرینگی بۆ دەسەڵات لە لایەک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەلایەکی تر تێدابوو:

– هەرچەند ناکرێ نکۆڵی لە گەندەڵیی بەربڵاوی دامەزراوەکانی بیناسازیدا بکرێ کە لەلایەن کۆمپانیاکانی نزیک لە دەسەڵاتەوە پاوان کراون، بەڵام ڕوودانی ڕووداوی هاوشێوەی مێترۆپۆلی ئابادان لە وڵاتانی دیکەشدا بینراوە، لە کاتێکدا دژکردەوەی هاوشێوەی ئێرانی لێنەکەوتۆتەوە. ڕەگداکوتانی هاوکاتی گەندەڵیی سیاسی و ئیداری لە ئێراندا، دیوارێکی بڵێندی بێمتمانەیی لەنێوان گەلانی ئێران بەرامبەر دەسەڵات لێکەوتۆتەوە کە لە پشت هەر کردەوەیەکی هاوشێوە، هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەسەڵات دەبینن. خەڵک گومانی لە سزادانی گەندەڵکاران لە لایەن دەزگای دادەوە هەیە، خەڵک گومانی هەیە کە ڕێوشوێنی پێویست بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە لە لایەن دەوڵەت بگیرێتە بەر و هەروەها خەڵک دڵنیایە لەوەی کە دەزگای ئیداری و سیاسیی وڵات نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی ناکا. ئەو دروشمانەی لەلایەن خۆپێشاندەران لە ئابادان و شارەکانی دیکەی خووزستان دەبیسران، کۆی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی کردبووە ئامانج.

ڕووخانی میترۆپۆلی ئابادان لەڕوانگەی خەڵکەوە تەنیا بەرهەمی هەڵە و کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ئیداریی شار و پارێزگا نەبوو، بەڵکوو دەرەنجامی نەبوونی حاکمیەتی وڵامدەر و میدیای سەربەخۆ و بە کورتی دەستبەسەرداگرتنی خامنەیی و داروودەستەکەی بەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوەیە و بێزاریی خۆپێشاندەران لە حاکمیەت کە بە دروشمەکانیانەوە دیار بوو، بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو واقعیەتەی ئاماژەی پێ کرا.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و دوابەدوای ڕووخانی مێترۆپۆلی ئابادان، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێبەر و سەرۆک کۆمارەوە بگرە تا بەرپرسانی ناوچەیی، بەردەوام باس لە سزادانی لایەنی بەرپرس لەو ڕووداوە دەکەن و هەروەها بەڵێنی قەرەبوو بە بنەماڵەی قەربانیان دەدەن. ئاشکرایە لە سیستەمێکی وڵامدەر و دیمۆکراتیکدا کە هاووڵاتیان متمانەیان بە دەسەڵات هەیە ئەوە ڕێگاچارەی لۆژیکیی بەرەوڕووبوونەوەی کەیسی لەو شێوەیە، بەڵام گەلانی ئێران باش دەزانن کە لایەنی بەرپرس لە هەموو ئەو کارەساتانەی کە ڕۆژانە بەدەستیەوە دەناڵێین لە بێکاری و گرانییەوە بگرە تا زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانیان، نە شورای شار و شارەدار و نە پارێزگارە، بەڵکوو خامنەیی و سپای پاسداران و دامەزراوەکانی نزیک لە دەسەڵاتن. گەلانی ئێران پاش تێپەڕینی 43 ساڵ بە سەر چەوساندنەوە و کارەسات و بێ مافی بەدەست ئەو ڕێژیمەوە، چیتر بەو بەڵێنانەی دەسەڵاتداران هەڵناخەڵەتێن. هەر بۆیە ڕێگەچارەی خەڵک زۆر جیاوازە لە ڕێگاچارەی دەسەڵات و ئەویش بریتییە لە نەمانی کۆماری ئیسلامی.

# "ئاوازی قوو"



بابەک ناسری

ئارتوور شوپێنهاوێر، فەیلەسووفی ئاڵمانی دەڵێ بۆ هەر سەرکەوتن دەبێ سێ قۆناغ ببڕیت. سەرەتا ئەوانیدی گاڵتەیان پێت دێت، پاشان بە توندوتیژی بەگژت دادێن و دواجار ئیمانت پێ دێنن. فستیڤاڵی جیهانیی فیلمی کان لە فەڕانسە لەمساڵدا ئەو ئیمانەی پێشکێش بە ژنێک کرد کە گەلێک قۆناغی دژوارتر لەوەی بڕیبوو کە شوپێنهاوێر باسی دەکات.

زەهرا ئەمیرئیبراهیمی، خانمە ئەکتەری ساڵانێکی نە زۆر دووری سینەمای ئێرانە کە ژیانێکی تابڵێی تراژیدیکی تێپەڕاند. ئەو سەرەتا لە نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا دەبوا کۆسپەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بەردەم خۆی لاببا، بۆوەی جێی خۆی ببینێتەوە و شیاوییەکانی خۆی وەک مرۆڤێکی بەهرەمەند وەربگرێت.

شوناسخوازی یەک لەو بەرگژانەیە کە ژنان لە ئێران لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بوویانە. پێشێلکردنی مافی ژنان کە ڕەواییەتی خۆی لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی وەرگرتوە و سیستماتیک بەڕێوە دەبرێت، شتێک نییە کە ژنان بیانەوێ وەک قەدەر و چارەنووس پێملی بن. یاساکانی تایبەت بە میرات، جیاوازیی خوێنبایی ژن و پیاو، هەتا دەگاتە زۆر لە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان لە ماڵ، شوێنی کار یان شوێنە گشتییەکان تەنیا بەشێک لەو هەڵاواردنە سیستماتیکەن. ئەوانەی گوتران بۆ سنوورداربوونی مافی ژنان مشتێ لە خەروارن. بێننە بەرچاوتان کە ژنان لە ئێران سەرەتا دەبێ هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانە لە بەردەم خۆیان لادەن، جا دوایە بیر لە سەرکەوتن لە بوارێکی هونەری یان کۆمەڵایەتیدا بکەنەوە. زەهرا ئەمیرئیبراهیمی بەڵام لەو نێوەدا بەرەوڕووی تەنگژەیەکی دیکەش بوویەوە کە کۆمەڵگەی هونەری بۆ هەڵدێرانی پیلانی بۆ داڕشتبوو، و چیرۆکی ئەویش ڕاست لێرەوە دەستی پێ کرد.

زەهرا ئەمیرئیبراهیمی دوای دەرکەوتنی لە زنجیرەی "نێرگز"دا ناوبانگی دەرکرد و بوو بە دەموچاوێکی ناسراو. کاتێکیش گرتە ڤیدیۆیەکی ژیانی تاکایەتیی ئەو لە کاتێکدا کە هێشتا "نێرگز" لە شاشەکاندا پێشان دەدرا بڵاو بوویەوە، کۆمەڵگەی هونەری بۆ قەزاوەتکردنی پۆل پۆل ڕیزیان بەست و بەرلەوەی تۆمەتباری بکەن، حوکمی تاوانباریان لەدژی دەرکرد. لەختەیەک لە ژیانی خسووسیی ئەو کە سەرەتا گوترا بڵاوکردنەوەکەی بەهۆی شەهریار شەهامەت، دەزگیرانی پێشووی زەهراوە بووە و دواتر دەرکەوت کە مەجید بەهرامی کە ئەویش هەر هونەرمەندی بواری سینەما بوو ئەو کارەی کردوە. ئەو فیلمە بە خێراییەکی زۆرەوە لای خەڵکی نەخۆشی کۆمەڵگەوە بڵاو بۆوە و بۆ زۆر کەس بوو بە نان و ئاو. شەهریار شەهامەت، کۆنە دەزگیرانی زەهرا ڕای کرد بۆ گورجستان و ئەو مایەوە و دۆخێک کە لە ڕوانگەی زۆر بەناو هونەرمەندی ئەوکاتدا دەبوا خۆی کوشتبا بۆوەی ئەو پەڵە شوورەییە لە تەوێڵی خۆی بسڕێتەوە. ژیانی لێڵ، ڕەش و تاریکی زەهرا لێرەوە دەستی پێ کرد. ئەوانەی لەو بارودۆخەدا وەک قەڵا لە پشتی زارا ڕاوەستان تەنیا و تەنیا بنەماڵەکەی بوون کە پاش ماوەیەکیش بۆ بەرگرتن لە خەمۆکیی کچەکەیان ڕێگەی هەندەرانیان خستە بەردەمی. شەهریار شەهامەت بەهۆی ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە لە گورجێستانەوە هێندرایەوە ئێران و لە دادگادا چەند جار و دواتریش بەردەوام حاشای لە دەستتێدابوونی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمەدا کرد. ئەو سەرەنجام لە سۆنگەی گوشارە لە ڕادەبەرەکان جانتاکەی دەست دایەوە و لە وڵاتێکی ڕۆژاوا گیرسایەوە و بە نەخۆشی سەری نایەوە. بە ڕۆیشتنی زەهرا و شەهریار لە ئێران ئەو چیرۆکەش گەردی فەرامۆشیی لێ نیشت و بەتەواوی لەبیر چوویەوە.

مێژووی دەروونناسی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەو ئەزموونەی وەک دۆخێکی ڕێژەیی تۆمار کردوە کە ڕووداوە تاڵ و تراژیدیکەکان پتر لە ڕووداوە خۆش و شیرینەکان لە کۆیادی گشتیدا دەمێننەوە. زارا چووە فەڕانسە و ژیانێکی نوێی دەست پی کرد. ناوی شەهریار بە یەکجاری لەبیر کرا و دەرەنجام ئەوە بوو کە کۆمەڵگە نەک یارمەتیی کەسانی زیاندیتوو نادا و بۆ هەستانەوەیان دەستبار ناداتێ، بەڵکوو لە ئاستێ شێتیدا بەرەو قووڵایی کارەسات پاڵت پێوە دەنێت. لە کۆمەڵگەیەکی نەخۆشیشدا کە لێکەوتەی بیری سیاسی مەزهەبیی حکوومەتی زاڵە و لەودا ژن وەک ماشێنی سێکس سەیری دەکرێ و لە باشترین دۆخیشدا بە دەزگای وەچەخستنەوە دادەنرێ، ناکرێ لەوەندە زیاتر چاوەڕوانیت هەبێ.

سووڕی ژیان لە گەڕ نەکەوت و زەهرا و لەختە ویدیۆکەی بۆ کۆمەڵە کەسێکی نەخۆشی دەروونی نەبێ بۆ ئەوانیدی لەبیر چۆوە. کۆمەڵگەیەک کە لەگەڵ یەکەم هەڵە لە گۆڕەپانەکە وەدەرت دەنێ و بە یەکەم کردەوی بوێرانە دەتکاتەوە پاڵەوان بۆوەی هەموو کاتێک لە بەر سیلەی گشتیی کەسانێک بێ کە ئیشیان تەنیا و تەنیا قەزاوەتکردنی ڕووهەڵماڵدراوانەیە. لەو ساڵانەدا هەر کەس چاوی پێی کەوتبا، بە ناچار سەرجەم ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی دەهاتنەوە یاد، وەک چۆن لەو وتووێژەی لەگەڵ سینا وەلیوڵلادا کردی، پەردەی لەو ڕاستییە لادا کە ساڵانێک لە ناخی خۆیدا شاردبوویەوە.

***

حەفتاوپێنجەمین فستیڤاڵی سینەمایی کان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە شاری "کان"ی فەڕانسە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، هەواڵە سەرسووڕهێنەرەکەی بەخشینی خەڵاتی باشترین ئەکتەریی ژن بە زەهرا ئەمیرئیبراهیمی بوو. هەواڵێک کە دیسان غەڵبەغەڵب و هەڵچوونی لێ کەوتەوە و شریتی ناو و یادی زەهرا لەسەرڕا لێدرایەوە. ڕەخنەگرانی ئەو ڕووداوە ئەوانەی چڵکاوخۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، گوتیان ئەو خەڵاتە سیاسییە و بەمجۆرە ویستیان لە مێدیاکانی نێوخۆی ئێراندا لە بایەخی ئەو سەرکەوتنەی زەهرا کەم کەنەوە. بەڵام لەمبەر بەتایبەت لەلایەن دژبەرانی ڕێژیمەوە پێشوازییەکی زۆری لێکرا. لێرەدا ڕووی قسەی ئێمە لە هەر دوو گرووپەکەیە:

بەشێکی زۆر لەو دەربڕینە سۆزدارانەیە کە تەقینەوەکەی چاوەڕوانکراو بوو، لەگەڵ هەمان دارکونکەرە حکوومەتییەکان هەردوو بۆ ڕووداوێکی دەگمەن ڕێخۆشکەرن. ئەوان بۆ ڕووخان و هەڵدێرانی ئەوانیدی هەموو خاڵە سلبییەکانی کەسایەتیی خۆیان دەردەخەن و بۆ پاڵەوانی زووتێپەڕیش بە سەعات و ڕۆژ چەپڵە لێدەدەن. لە هەر حاڵدا لایەنی هزر و ئاوەز لەو جۆرە ڕووداوانەدا بەپەلە و لە ڕووی هەستەوە بڕیار نادا و بە تێپەڕینی کات و دوور لە ڕووداوەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. زەهرا ئەمیرئیبراهیمی وەک مرۆڤێک هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ سەرکەوتنی لە گۆڕەپانەکەدا دا و ئاکامە دڵخۆشکەر و هیوابەخشەکەشی لێ هەڵگرتەوە.

فیلمی "جاڵجاڵۆکەی پیرۆز" لە دەرهێنانی عەلی عەباسی کە هاووڵاتییەکی دانمارکیی بە ڕەگەز ئێرانییە، لەسەر بنەمای ڕووداوێک بەرهەم هاتوە کە ساڵانێک لەوە پێش لە شاری مەشهەد ڕووی دا. ئەو فیلمە باس لە بەسەرهاتی سەعید حەنایی، بکوژی ١٦ ژنی سۆزانی دەکا کە پاش دەسبەسەرکرانی لێکدانەوەی جۆراوجۆر و تەنانەت دژ بە یەکی لە کۆمەڵگەی ئێراندا لێکەوتەوە. بەکورتی "جاڵجاڵۆکەی پیرۆز" سەرلەنوێ زەهرا ئەمیرئیبراهیمیی خەونئاسا زیندوو کردەوە و زۆر کەسی بەحەق لە پەسنی ئەودا قسەیان کرد. کۆمەڵگەیەک کە ڕۆژانێک لەسەر یەک هەڵەی بچووک خەریک بوو لە گۆڕەپانی ژیانی وەدەر دەنا، ئەمڕۆ بە فیکە و چەپڵە بەرەوپیلی دێ و پێی هەڵدەڵێ.

زەهرا بەڵام بەدوور لە هەموو تاڵی و سوێرییەکانی ڕابردووی و شیرینیی سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا پەیامێکی گرینگی بۆ کۆمەڵگەکەی نارد:

ئەو نەکەوتە چەقڵەسەما و هات باسی ژان و بڕکی خەڵکی وڵاتەکەی کرد و گوتی لە قووڵایی دڵەوە بۆ خەڵکی ئابادان بەپەرۆشە و دڵی بە یادی ئەوان لێ دەدات. وانەیەکی باش بۆ هەموو ئەو کەسانەی خەڵک قەزاوەت دەکەن و بڕیار بۆ ژیانی ئەوانیدی دەدەن.

کوردستان
ژمارە: ٨٢٤
١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١ _ ٥ی ژوئەنی ٢٠٢٢

# هومێدی کۆمەڵایەتی و داکشان و کارتێکەرییەکەی لە چارەنووسی کۆمەڵگەدا



دانشیار جیهانی

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی سادە پێناسەی هومێد بکەین، هومێد هەمان وێنا و چاوەڕوانییەکانی ئێمەیە بە نیسبەت ئێستا و داهاتوومانەوە. بە واتایەکی تر هومێد، باوەڕ بە هێز و توانایییەکە بۆ بەدەستهێنانی داهاتوویەکی گەشتر لە نێو کەسوکار و هاوتەمەنەکانی ئێمەدا. من دەتوانم بۆ بەدەستهێنانی ئەو داهاتووە گەشە بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە تێبکۆشم و ئەم ئامانجە بۆم دەستەبەر بکرێت. ئەگەر لە چوارچێوەی تایبەتیی تاکدا باسی لێوە بکەین ئەمە خۆی چەند بەش و پاژێک لەخۆ دەگرێ وەکوو ژیانی بە دڵخوازی من، ئامانجە تایبەتییەکانی من، دەسکەوتەکانم و ئەو ئاراستەی ئەمەوێ پێیدا بڕۆم. بەڵام لە ئاستی کۆمەڵگەدا ئەو باوڕە و ئەو وێنا ئاواتخوازییە باوە کە تاکەکان تا چ ڕادە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دڵخواز و لەبار بۆ خۆیان و جیلی داهاتوو نەخشی کۆمەڵگە و نەخشی خۆیان بە کاریگەر دەزانن.

لێرەدا ئێمە ئاماژە بەو هۆکارە مرۆییانە دەکەین کە بە دەستی خودی تاک (من) دروست دەکرێن. ئاخۆ داهاتوویەکی باشتر بەم شێوازە ئاساییە و بە دەستی من دەستەبەر دەکرێت یان نا؟ کەوابوو هومێدی کۆمەڵایەتی هەمان دوارۆژی گەشترە بۆ یەکبەیەکی تاکی کۆمەڵگە بەو هیوایەی لە داهاتوودا دەستەبەر دەکرێن یان نە؟ بە گشتی هومێد لەبەرچاوگرتنی شێواز و ئوسلووبەکانی ژیانێکی ئامانجدارە بۆ خۆم و دەوروبەرییەکانم و دەتوانم ئاوا بیری لێ بکەمەوە: ئەم توانا و دەرەتانە لە مندا هەیە و ئەو دەرفەتەش کۆمەڵگە بۆ من تەرخانی دەکات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانم.

ئێستا بەو پێناسەکردنەی ئێمە بۆ هومێد یان هومێدی کۆمەڵایەتی ئەو کارەساتەناموبارەک و ناحەزانەی بە درێژایی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژێمدا ڕووی داوە، دەبینین کە دەور و نەخشی سیاسەتوانان لەم داکشان و پووکانەوە و هاوکات گرینگیی هومێدی کۆمەڵایەتی یان نەبوونی ئەم هومێدە، کۆمەڵگە بەرەو دوو ئاقاری جیاواز دەبات. نەخش و ڕۆڵی ڕووخێنەری دەسەڵاتی ڕێژیم لەم مەسەلە ڕوون و بەرچاوە. لە ڕاستیدا ئەم پووکانەوە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا لەگەڕدایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم داکشانە گەیشتۆتە ئاستێک کە خودی بەرپرسانی ڕژێم دانیان پێدا ناوە و بۆ نموونە بەگوێرەی ئامار و زانیارییەکانی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی ڕێژیم لە ٨٦ کەسی بژاردەی ئولەمپیاد ٨٢ کەسیان لە وڵات باریان کردوە و پەنایان بۆ هەندەران بردوە. ئەم بابەتە تەنیا تایبەت بە بژاردەکانی وڵات نییە و تەنانەت دزەی کردۆتە کۆمەڵەی وانەبێژانی زانکۆکانی وڵات و بەگوێرەی ئاماری یەکێک لە زانکۆکان لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا نزیک بە هەزار و هەشتسەد کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەی مامۆستایانی زانکۆکان ڕوویان لە هەندەران کردوە. ئەمە خۆی یەکێک لە نیشانەکانی دارمانی کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتەیە و دەتوانێت بە یەکێک لە مەترسیدارترین قەیرانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران دابندرێ. ئەمە کارنامەیەکی تێکەڵ بە کارەساتە لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریێتی ڕژێم بە سەر کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانەوە.

ئاخۆ هومێدی کۆمەڵایەتی داهاتوویەکی باشتر بۆ یەکبەیەکی تاکی کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات یان نا؟ ئاخۆ ئەم هۆمێدە دەستەبەر دەکرێت یا نا؟ ئاخۆ هەبوونی هومێدی کۆمەڵایەتی دەمگەیێنێتە ئامانج و دوارۆژی دەستەبەر بوونی هیواکانم؟ ئاخۆ کۆمەڵگە دەرفەتی گەیشتن بە ئامانجەکانم بۆ دەرەخسێنێت؟ یان ئەم دەرفەتەش تەنیا لە بەردەستی سەرگوڵخۆران و گرووپە هەڵبژاردەکانی کۆمەڵگەدایە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان؟ هەرکات ڕووخانی هومێدی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە- کۆمەڵگەی ئێستای ئێران- ڕوو بدات بژاردەکان و زۆر کەسی دیکە لە کۆمەڵگە ئەم چەشنە پرسیارەیان بۆ دێتە پێش.

ڕووخان و هەرەسهێنانی کۆمەڵگە وردە وردە ڕوو دەدات و دەردەکەوێت، ئەمەش زۆر سروشتییە چونکوو هەندێ کەس بە ئامانجی خۆیان دەگەن و ئەوانەش هەمان مووچەخۆر و خزمەتکارانی دەمودەزگا حکوومەتییەکانن. بەڵام بەدیاریکراوی لە زانستی دەروونناسیدا هومێد پاشڕەوی سێ بگۆڕە و ئەگەر ئەم سێ بگۆڕە لە کۆمەڵگەدا بە دەست کەس یان گرووپە سیاسەتوانەکان دەستکاری نەکرێت ئومێدی کۆمەڵایەتی بەرەو داکشان سەرنانێت، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێتەوە.

ئەو سێ بگۆڕە ئەمانەن:

١- تاک ئەو هێز و توانایییە لە خۆیدا ببینێت و بە شێویەک بە خۆی بڵێت توانای ئامانج دارشتن و ڕۆیشتن بەرەو دەستەبەرکردنی ئاواتەکانم هەیە.

٢- پێناسەی ئەو ئامانجانە بکەم بۆ خۆم کە نەگۆڕ بن و بە دەستی کەس و گرووپ و دەسەڵاتدارانی ڕژێم دەستکاری نەکرێت.

٣- شیاوی دەستەبەربوونی ئامانج، ئاخۆ هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم مەیسەرە یان نە، بەڕاست ئەم ئامانج و ئەم ئاراستەیە هۆکاری مرۆڤانەی منە و لێرەیە باوەڕی گەیشتن بە ئامانج لە مندا مسۆگەر دەبێت.

بەڵام ئەگەر فاکتەرە دەرەکییەکان دەست بخەنە نێو ئامانجانەوە ئەم هومێد بەرەو ڕووخان دەچێت، نموونەی ئەم دەستێوەردانەش لە چوار دەیە دەسەڵاتداریێتی ڕێژیم لە ئامانجی بژاردەکانی کۆمەڵگە و خستنەژێر گوشاریان بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامە و پرۆگرامە هەڵەکانی و گوێڕایەڵیی بێ ئەملاوئەولای سیاسەتەکانی ڕێژیم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیدا بەڕوونی دیارە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەکورتی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە پێناسەی هومێدی کۆمەڵایەتی بکەین، لە تیۆرییەکانی ئەم زانستەوە "من"ەکان و دامەزراوە و ئەو وێنانەی لە بیری تاکەکاندا نەخشی بەستوە زۆرتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە. وێنە زەینییەکان باس لە چارەنووسی تایبەتیی تاکەکان دەکەن و ئەمەش ڕیزێکی بەربڵاو دەگرێتەوە. بەڵام لەم بابەتەدا ئێمە زۆرتر باس لە دامەزراوە و منەکانی کۆمەڵگە دەکەین کە بە چ شێوە لە ڕووخان و پووکانەوەی هومێد یان گەشانەوەی هومێدی کۆمەڵایەتیدا کارتێکەرن. دوکتور وەکیلی کۆمەڵناس و توێژەر لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێران بەم چەشنە شیکاریی بۆ دەکات: منەکان لە کۆمەڵگەدا گرنگن. ئەگەر بە خێرایی چاوێک بخشێنینە کۆمەڵگەی کەونارای ئێراندا بەڕوونی دیارە منەکان لە کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری پێکدێنن و لەگەڵ داب‌ودەستووری دامودەزگاکاندا دژایەتی دەکەن. نموونەی بەرچاوی ئەم دژایەتییە لەگەڵ پێکهاتەی وێژمانە نەگۆڕەکەی پەنجا ساڵی ڕابردووی ئێرانە کە بەداخەوە لە باری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە هەر جیلێک تەنها یەک هەنگاو لە پێشەوەی جیلی بەر لە خۆیەتی. کەوابوو ئەمە منەکانن لە هەمبەر ئەو چارەنووسەدا خۆڕاگرن کە دامودەزگاکان بە وێنە زەینییەکانی خۆیان دەیسەپێنن بە سەریاندا.




هومێدی کۆمەڵایەتی هەمیشە چاوی لە داهاتووە و بەرچاوگەی خۆی لە دوارۆژدا دەبینێت و هەر لە دەستپێکدا بە شێوەیەک دەجووڵێتەوە بتوانێت دەستی بگاتە ئەو ئامانج و دوورەدیمەنەی وێنای کردوە. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا دامەزراوە دەوڵەتییەکان یان بنکە دەسەڵاتخوازەکان زاڵ بن بە سەر منەکاندا و ئامانج و دوورەدیمەنەکان بە خواست و زەینییەتی خۆیان بەڕێوەی بەرن ئیدی ڕووخانی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە.

لە ڕوانگەی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانەوە تا ڕادەیەکی زۆر هومێدی کۆمەڵایەتی وەکوو یەک پێناسە دەکرێن. ڕادەی هومێدی کۆمەڵایەتی بەپێی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگە پێوانە دەکرێت. هەروا کە گوتمان هومێدی کۆمەڵایەتی ڕووی لە داهاتووە، کەوابوو ئەم هومێدە لە کۆمەڵگەدا بە چەند نیشانەوە پێناسە و دیاری دەکرێت، لە سەرۆی هەموویانەوە وێناکردنی دوورەدیمەنە و لە پلەی دووهەم بارستایی و توانایی ئاواتەخوازیی تاکەکان لە ڕەهەندی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لە پلەی سێهەم بەشداری و هاوکاریی تاکەکان، لە پلەی چوارەم هەبوونی خسڵەتی دوورەنواڕی، لە پلەی پێنجەم واز یان پاڵنەر، پلەی شەشەم متمانە و پلەی حەوتەم دەرفەتپێدان.

ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەتوانێت ئەو حەوت نیشانەیە تا ڕادەی پێویست بۆ تاکەکانی دەستەبەر بکات، لە بەستێنیدا تووشی پچڕان و تێکشکان دەبێت. ئەم تێکشکان و پچڕانە بە شێوەی زیانە کۆمەڵایەتییەکان خۆی نیشان ئەدات بۆ وێنە خۆکوژی، تەڵاق لە پاش ماوەیەکی کورتی ژیانی هاوبەشی، دزی، گیرۆدەیی بە ماددە هۆشبەرەکان و دەیان جۆر نەخۆشینی دەروونی بە هۆی دڵساردی و ناهومێدییەوە سەر هەڵئەدەن.

کۆمەڵگەی ئێستای ئێران بەهۆی دەسەڵاتداریێتی و پاوانخوازیی سەرگوڵخۆران بەستێنی لەباری بۆ فەوتانی هومێدی کۆمەڵایەتی و چالاکییە بەکۆمەڵەکان خۆش کردوە. ئەمەش بووەتە قەیرانێکی هەمەلایەنە لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر بە شێوەیەکی وردبینانەتر لە شوێن هۆکاری ئەم قەیرانەدا بگەڕین، یەکەمین هۆکار دامەزراوە سیاسییەکانی ئێرانە. دامودەزگای سیاسی دەسەڵاتدار بە گۆڕینەوە و جێبەجێ کردنی دوورنمای پێناسەکراوی بژاردەکانی کۆمەڵگە بووەتە هۆی داشکانی هومێدی کۆمەڵایەتی و هەر ئەمەش هۆکاری کۆچ و ڕەوی بژاردە و بیرتیژانی زانکۆکانە بەرەو هەندەران. هەڵاتنی مێشکەکان خۆی سەبەبی دەیان قەیرانی قەرەبوو نەکراوە لە ئێراندا، ئەو تاقمە بژاردەیەش لە وڵات ماونەتەوە زۆربەیان تووشیاری دوورەپەرێزی و لە ئەنجامدا فەوتانی بیر و هزری داهێنەری خۆیانن.

حکوومەتی ئێستای ئێران ویستخوازییەکانی خەڵک بە بشێوی و ئاژاوەگێڕی ناو دەبات، بەڵام بەگشتی ویستخوازی خۆی بەشێکە لە پرۆسەیەک کە یاریدەری هومێدی کۆمەڵایەتییە.

وەلانانی بژاردە و شارەزایان لە سیستمی ئیدارە و ڕێکخراوەکان بە یارمەتیی سەربازانی سایبری و سووکایەتی پێکردن و تۆمەتبارکردنیان لە حاڵێکدا ئەم کەسایەتییانە دەیانتوانی ببن بە سیمبول و ڕێنشاندەر بۆ کۆمەڵگە، خۆی ڕێگەخۆشکەرە بۆ ڕووخانی هومێدی کۆمەڵایەتی.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕێکاری دەروونناسانە بکەین بۆ بەرگری لەم قەیرانی کۆمەڵایەتییە:

١- هەڵسوکەوت و ئاڵوویری کۆمەڵایەتی. زۆربەی ئەو کۆمەڵە مرۆییانەی لە ژێر چەوساندنەوەی دیکتاتۆرەکاندا ژیاون و ڕۆژگارێک ڕزگاری و سەربەخۆییە زەوتکراوەکەیان بەدەست هێناوەتەوە بە یارمەتی پێکەوە هەڵکردنێکی گەشبینانەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هاتوونەتە پێش.

٢- لێکاڵانەوەی جەستەیی. ڕادەی سڵامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ دەستەبەربوونی هومێدی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە. هەربۆیە ئەو وڵاتانەی لە لیستی ڕیزبەندی جیهانی وڵاتانی بەختەوەردا ناویان لە سەرەوەی نێوی هەموانەوەیە، ڕێژە سڵامەتی تاکەکانی کۆمەڵگەشیان لەسەرەوەی هەموانەوەیە.

٣- سەرقاڵبوون و هەرجۆرە چالاکییەکی ناجددی بە مەبەستی سەرگەرمی، دەتوانێت ڕێژەی گوڕوتین و بەرگەی ڕۆحی و ڕەوانی کۆمەڵگە بباتە سەرەوە بە وێنا کردنی دوارۆژێکی گەشتر و ئەمنتر لە زەینی تاکەکاندا.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە یاسای فراژ و کامڵبوون دەکەم چونکە ئەم یاسایە کە خۆی لە نێوەڕۆکدا هەر ئەو هەڵبژاردنی سروشتییە بەردەوام لەگەڕدایە، کەوابوو کۆمەڵگەیەک سەردەکەوێ تاکەکانی بەهێزتر و شەڕکەرتر بن، چەکی ئەم شەڕەش هیوا و هومێدی تاکەکانە.

## زیندان بەزێنەکانی ئێمە



کەماڵ شەریفی

کەماڵ شەریفی کوڕی بایەزید، ڕۆژنامەنووس یەکێکی دیکە لە زیندانییە سیاسییەکانی کوردە کە لە ساڵی ١٣٥١ لە شاری سەقز لەدایک بووە. کەماڵ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی تا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لەو شارە تەواو کرد.

کەماڵ ساڵی ١٣٦٧ بۆ یەکەم جار لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت بە تۆمەتی "بڕینی سنوور" و "هاوکاریکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان" دەستبەسەر و بۆ ماوەیەک لە گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز و زیندانی سەردەشت و پیرانشاردا زیندانی کرا. سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز لە ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩ شدا چەند جاری دیکە کەماڵیان بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کار و چالاکی بۆ ئەو حیزبە دەستبەسەر کرد. دواجار پەروەندەکەی درایە دادگای شۆڕشی سەقز و لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩دا کەماڵ بە ساڵێک زیندان و لێدانی ٤٠ قامچی حوکم درا.

کەماڵ شەریفی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد بوو، خۆی گەیاندە ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان. کەماڵ لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتییدا بە کاری ڕۆژنامەنووسی و پەروەردەییەوە سەرقاڵ بوو، و هاوکات هاوکاریی ڕۆژنامەکانی باشوور لە شارەکانی هەولێر و سلێمانیی دەکرد. ئەو ساڵی ١٣٨٧ هەتاوی لەگەڵ شێخ غەریب حەسەنی، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ئەدیبان، نووسەران، مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکان چوونە نێو شاری سەقز. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە ڕێکەوتی ٥ی جۆزەردانی ئەو ساڵەدا لە ماڵی کتێبفرۆشێکی خەڵکی ئەو شارەدا گەمارۆ دران و کەوتنە بەر هێرشی هێزەکانی سوپای پاسداران. لەو ڕووداوەدا شێخ غەریب شەهید و کەماڵ دەستبەسەر و ڕەوانەی گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز کرا.

کەماڵ شەریفی لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە خرایە ژێر سەختترین ئەشکنجە و هەروەک بۆخۆی لە نامەیەکدا دەڵێ:" لە ماوەی شش مانگ دا لەژێر ناخۆشترین گوشارەکاندا بووم و تەنانەت یەک کەسیشم نەدی. ئەو کەسانەی لێپرسینەوەیان لێ دەکردم بە دەموچاوی بەستراوەوە دەهاتن لێپرسینەوەیان دەکرد و زۆرجار بە باتۆم و شۆکی کارەبایی ئەشکنجەیان دەدام. جار هەبووە بۆ ماوەی حەوتوویەک بە پێبەند و کەلەپچە منیان لەنێو حەبسی ئینفرادیی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەدا هێشتۆتەوە." ئەو ئەشکەنجە قورسانە کاریگەریی زۆریان لەسەر لەشی کەماڵ داناوە و لەو سۆنگەیەوە تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی بووە کە ١٥ ساڵە پێیانەوە دەناڵێنێ، ئازاری ڕوحیی ئێعدامکرانی دوو هاوبەندی بە ناوەکانی "شێرکۆ موعارفی" و "ئێحسان فەتاحیان"یش لەجێی خۆی کە کەماڵ ئێستاش بە حەسرەتەوە ناویان دێنێ.

کەماڵ دوای شەش مانگ ئەشکەنجەی قورس ناچار بە داننانی زۆرەملێ بە تاوانی نەکردووی بوو و دوای ئەوەی بەڕێی زیندانی ناوەندیی شار سەقز کرایەوە، لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی ئەو شارە بە سەرۆکایەتیی قازی "شایەق" دادگایی کرا. ئەو بەتۆمەتی "موحاڕبە" و ئەندامەتی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا سەرەتا سزای ئێعدامی بەسەردا سەپا کە ئەو حوکمە دوای تانەلێدان لە دادگای پێداچوونەوەدا بۆ ٣٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زیندانی میناب لە پارێزگای هورموزگانی کەم کرایەوە. ئەو لە ماوەی بەندکرانیدا لە تەواوی مافەکانی زیندانییەکی سیاسی، مەرەخسی، کارکردن و تەنانەت چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە بێبەش کراوە.

کەماڵ لە ڕێکەوتی ٢٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی بەڕێی زیندانی ناوەندی شاری میناب کرا. ئەو ساڵی ١٣٩١ ی هەتاوی بە هۆی مانگرتن لە خواردن تووشی جەڵتەی مێشک بوو و بەشی ڕاستی گیانی لەکار کەوت. ئەو لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە زیندانی میناب ئەمجارەیان تووشی جەڵتەی دڵ بوو. دوای ئەوە بوو کە ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ دۆخی نالەباری جستەیی کەماڵ شەریفی نارەزایەتیی دەربڕی و خوازیاری ئازادکردنی بوو.


کەماڵ شەریفی لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ٥ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٠ دا گەیاندیە دەرەوەی زیندان، بەمجۆرە باس لە دۆخی نالەباری خۆی لەو ماوەی بەندکرانیدا دەکا: "... لە ماوەی ١٣ ساڵ بەندکرانمدا ٢٠ جار بە نووسینی نامە بۆ دادستان، سەرۆکی دادگای پارێزگای هورمزگان و هەروەها پارێزگاری ئەو پارێزگایە دوای مەرەخسیم کردوە، بەڵام وەڵامی هیچ کام لە نامەکانم نەدراوەتەوە... ئێستاش هەر ئاسەوارەکانی جەڵتەی مێشک بە دەموچاومەوە دیارە... ." ئەو هەر لەو نامەیەدا باس لەوە دەکا، کە ماوەی ئەو ١٣ ساڵەدا کە لە زیندان‌دایە سەرەڕای نەخۆشیی دەزگای هەرس، جەڵتەی دڵ و مێشک و ڕاگیرانم لە بەندی تاوانە ئاساییەکاندا هەر وا خۆڕاگرم." ئەو دەڵێ نەبوونی پێناسەی تاوانی سیاسی یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەو کەسانەیە کە لەم سۆنگەیەوە بەندکراون. جیاکردنەوەی بەندکراوانی سیاسی و ئەمنییەتی، تاکتیکێکە لە دەستی هێزی دادوەری و دادوەر کە بتوانن بە پێی ڕای تایبەتیی خۆیان و ئۆرگانە ئەمنییەتییەکان، تۆمەتێکی سیاسی بکەن بە ئەمنییەتی و بە پێی بڕیارەکانی قورعان تۆمەتی "محارب" و شەڕ لە گەڵ خودا و خراپەکار لە ناو کەیسەکەدا بنووسن. بەندکراوی ئەمنییەتی یانی "مەحارب" و بە خراپەکار زانینی هەموو خەباتکارانی کورد، بەلووچ و عەرەب، یانی بەلاڕێدابردنی ویست و هیوای ئازادیخوازی لە ئێراندا. یانی ئەوەیکە دادوەر بە ئاسانی بتوانێ پێنووسی بیک، کەیسی کامپیوتێر و موبایل بکا بە کلاشینکۆف، بۆمب و قومبەلە. یانی گۆڕینی ویستی ئازادیخوازی بۆ ڕووخاندن و تێکدان.

کەماڵ شەریفی کە ئێستا ١٤ ساڵە بەبێ یەک ڕۆژ مەرەخەسی بەند کراوە لە ڕەنجنامەکەیدا دەنووسێ: "... تۆ هێشتا هەر لێرەی؟ ئەم پرسیارە زیاتر لە سەد جار و بە سەرسووڕمانەوە لە زمانی ئەو کەسانەوە کە لە بەندیخانە ئازاد کراون و دیسان کەوتوونەتەوە بەندیخانە، لێم کراوە و کەسانێک هەن کە لەم ماوەی نزیک بەو ١٣ ساڵەدا زیاتر لە چوار تا پێنج جار لە بەندیخانە ئازاد کراون و دیسان بە تاوانێکی دیکە کەوتوونەتەوە بەندیخانە، کەسانێکیش هەن کە زیاتر لە چوار جار بە تاوانی جۆراوجۆر گەڕاونەتەوە بۆ بەندیخانە و کاتێک دەمبینن، دەپرسن تۆ هێشتا لێرەی؟ نەچووی بۆ مەرەخەسی؟..."

ئا: دیاکۆ دانا

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

بۆ ناسینی سووژەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارە سەرێک لە ناوچەی موکریان هەڵدێنین. ئەگەرچی کارێکی دژوارە باسی کەسێک بکەم کە تا دواساتی ژیانی و تەنانەت تا دواهەناسەی ژیانیشی لە تەنیشتی بووم. بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە لە ماڵە خنجیلانەکەی خۆمدا چاو بە کتێبخانە چووکەکەمدا دەخشێنم و دەست دەدەمە دەفتەرێک کە ماوەی ٣٤ ساڵە پاراستوومە. کاتێک لاپەڕەکانی ئەو دەفتەرە هەڵدەدەمەوە شەهید بە دوای شەهید چاوم پێیان دەکەوێ و کوڵی گریانم هەڵدەستێ و فرمێسکەکانم بە چاومدا ڕیز دەبەستن.

بیرەوەریی ئەو دەفتەرە و نووسینەکانی بۆ ساڵی ١٣٦٧ دەگەڕێتەوە. کاتێک ئەو دەفتەرەم دانا و بڕیارم دا هەر کەس ببێتە پێشمەرگە گۆشەیەک لە ژیانی و وێنەیەکی لەسەر تۆمار بکەم، کە دواتر هەمووی بە خەتی خۆشی محەممەد عەلیزادە نووسرانەوە. لەبیرمە کاتێک گەیشتە نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی دەستی ڕاگرت و گوتی: "چووکەڵی سوێندت دەدەم بە خوێنی شەهیدان هەرکات شەهید بووم و ڕادیۆ خوێندیەوە، دوای ژیاننامەکەم شەهرامی نازری بڵاو بکەنەوە". محەممەد هەستێکی تایبەتیی بۆ ئەو هونەرمەندە هەبوو و لەوپەڕی ماندووبوونیشدا گوێی لە دەنگی شەهرام گرتبایە، دەحەسایەوە.

هیچکات شەوی شەهیدبوونی لەبیر ناکەم. شەوی ٢٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٢ دە دەقە پێش شەهیدبوونی بوو کە پێشڕەوەکان بەڕێی سەر جادەی بانە–مەریوان کرابوون و چاوەڕوانی وەڵام بووین کە ئەگەر هیچ هەواڵێک لە دوژمن نەبێ لە جادە بپەڕینەوە. گوتم: محەممەد بۆ وا بێدەنگی، هەستە بزانە چ خەبەرە؟ هیچ وڵامێکی نەبوو. پاشان گوتی وا هەست دەکەم ئەمە دواساتەکانی ژیانمە. گوتم: بیر لەو شتانە مەکەوە. تۆ کەی حیسابت بۆ دوژمن کردوە؟

شۆڕبووینەوە بۆ سەر جادە. پێشڕەوەکان جادەیان گرتبوو، هەموو پێشمەرگەکان لە جادە پەڕینەوە و تەنانەت ١٠٠ میتریکیش لە جادە تێپەڕیبووین کە محەممەد گوتی: چووکەڵی دڵم زۆر توند لێدەدا ڕاوەستە سیگارێک دەکێشین. هێشتا وڵامم نەدابۆوە کە دەستڕێژیان لێ کردین و محەممەد بەسەر شانی مندا کەوت. دوژمنی ترسەنۆک تەنیا دوو دەستڕێژیان کرد، خۆیان نەگرت و ڕایان کرد؛ بەڵام شەوپەرستان کاری خۆیان کردبوو.

محەممەد عەلیزادە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە ئاوایی "سەقزلوو"ی ناوچەی فەیزوڵابەگیی بۆکان لەدایک بوو. بنەماڵەکەی سەرەڕای نەداری و نەبوونی دەینێرنە قوتابخانە. لە بەرەبەری ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧دا ماڵەکەیان دێتە شاری بۆکان. محەممەد نەیتوانی پتر لە قۆناغی سەرەتایی بخوێنێ، بەڵام هەرکات بێکار بووایە، دەچووە لای یەکێک لە خۆشنووسانی شاری بۆکان و فێری خۆشنووسی دەبوو. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا لە خەتی ورد و درشت و نەستەعلیقدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەستهێنا.

محەممەد ساڵی ١٣٦٣ هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە لکی چواری هێزی شەهید پێشەوادا سازمان درا. هەر لەو ساڵەدا ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کرا و پاش تێپەڕکردنی سەرکەوتووانەی دەورە هاتە هێزی بەیان و لە لکی یەکدا سازمان درا. محەممەد لە هێزی بەیانیش جێگای خۆی کردەوە. ئەو پێشمەرگەیەکی دڵپاک، قسەخۆش و نوکتەزان بوو. ساڵی ١٣٦٥ لەلایەن کومیتە شارستانی بۆکان بەڕێی دەورەی ڕێزمانی کوردی کرا و بەسەرکەوتنەوە ئەم قۆناغەشی بڕی و ئەمجار ئەو بوو کە هاوڕێیانی پێشمەرگەی نەخوێندەواری فێری خوێندن و نووسینی کوردی دەکرد.

شەهید محەممەد لە ماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزیی خۆی نیشان دا و دەریخست کە لاوێکی ئازا و فیداکار و بەجەرگە. دەریخست کە باوەڕی حیزبیانەی قایموقۆڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاری و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی محەممەد بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. محەممەد بەهۆی نەترسی و ئازایەتی ساڵی ٦٧ وەک جێگرپەل دیاری کرا. هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاستی ئەرکەکانی حیزب و بزووتنەوە لە تایبەتمەندییەکانی محەممەد بوو. ئەو مرۆڤێکی بە ورە و لەخۆبوردوو بوو. لەبیرم ناچێ کاتی شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان شەهید دوکتور قاسملوو چۆن دڵدانەوەی هاوسەنگەرانی دەدا و ورەی وەبەر دەنان.

محەممەد ساڵی ٦٨ دەورەی فیلمهەڵگرتنی دیت و ساڵی ٦٩ وەک هاوکاری کادر و سەرپەل دیاری کرا. ساڵی ٧٠ نێردرایە دەورەی سیاسیی کادر و هەروەک چاوەڕوان دەکرا بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەشی بڕی. ئەو ساڵی ٧١ وەک جێگری لک دیاری کرا و هەر ئەو ساڵە دەورەی فەرماندەری و مودیرییەتی بینی و لە ساڵی ١٣٧٢دا ئەرکی فەرماندەری لکی پێ سپێردرا. محەممەد لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی بۆکان و چەندین عەمەلیاتی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی "٢ی ڕێبەندان"، "ئاربابا" و "پێشەوا"دا بەشداریی چالاکانەی هەبوو. ئەو لە شەڕەکانی وەنەوشە، سەرتوون، بەردەهەڵۆ، گرتنی توپخانەی حوسێن ئاباد و مۆڵگەکانی ڕێژیم لە باغڵوجە، نۆبار، سەرجادەی بانە–سەقز، بۆکان– میاندواو و مەهاباد–بۆکان و چەندین شەڕی گەورە و بچووکی دیکەدا حەماسەی نواند. محەممەد لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا دوو جار بریندار بوو، بەڵام ئەمە هیچکات شوێنی لەسەر ورەی دانەنا. ئازایەتی و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە ئەویان کردبوە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی. ئەو خاوەنی خوو و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە کورەی ژیانی سەخت و دژواردا، و لەمەیدانی نۆ ساڵ شەڕ و بەربەرەکاندا قاڵ ببوو. زۆر بەداخەوە کە زۆر نەژیا تا زیاتر خزمەت بە حیزب و گەلەکەی بکا.

پێشمەرگەکانی هێزی بەیان شەوی ١٣٧٢/٤/٢٥ لەکاتی پەڕینەوە لە جادەی بانە– مەریوان لە نزیک گوندی "سێفەتاڵە"ی سەقز کەوتنە کەمینی دوژمن و لە یەکەم دەستڕێژی بەکرێگیراوانی ڕێژیمدا محەممەد و هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی ئەبوبەکر مەعرووفی ناسراو بە ئەبوبەکر کانیدرێژی سینگیان پێکرا و خوێنی گەشیان لەگەڵ خاکی نیشتمان ئاوێتە بوو و دەستەملانی دایکی وەتەن بوون. ڕوحیان شاد.

# ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟

**بێتوو دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکەن –کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردوو وێناچی کاری ئەوتۆ بکەن– دەرگای چەکی ناوکی دوای ماویەکی نە زۆر دوور بۆیان ئاواڵا دەبێ. بەڵام ڕەنگبێ داواکانیان تەنانەت بۆ بایدنیش زۆر بێ.**


و: کەماڵ حەسەنپوور

چەند مانگە بازاڕی گرەوی ڕێککەوتنی ناوکی لەنێوان سەرکۆمار بایدن و دەسەڵاتدارانی ئێران گەرمە. بایدن بەڵێنی دابوو هەر ڕێککەوتنێکی نوێ لە ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما کە لە ٢٠١٥ واژۆی کرد و سەرکۆمار ترامپ لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە، "درێژمەوداتر و بەهێزتر" دەبێ؛ بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ملیان نەدا.

ئەوان داوای پاشەکشە لەدوای پاشەکشەیان کرد، چونکە دەیانزانی نێردەکانی بایدن ئیدیعا دەکەن ئەوان پێشیان بە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی گرت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئیدیعایە بە تەواوی دوور بێ لە ڕاستی.

هاتبا و دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کردبا، کە بە لەبەر چاو گرتنی ڕابردوو وێناچی ئەو کارەیان کردبا، دەرگاکان بەرەو یانەی ناوکی لە ماوەیەکی نە زۆر دووردا ئاواڵا دەکرا. ڕێککەوتنەکە زایەڵەی ڕێککەوتنێک دەبوو کە لە ١٩٩٤ سەرکۆماری ئەوکاتی کلینتۆن بە شانازییەوە ڕایگەیاند کە ئەو ڕێککەوتنە پێش بە دەستڕاگەیشتنی کۆرەی باکوور بە چەکی ناوکی دەگرێ.

ئێستا کاتی هەواڵە خۆشەکەیە: دوایین داواکاریی تاران دانوستانەکانی تووشی وەستانێکی ڕوون و ئاشکرا کردوە. ڕێژیمی مەلایان لەسەر ئەو داوایە پێداگرە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانی بێنێتە دەر. بایدن تەسلیم نەبووە. ڕەنگبێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئەو دەزانێ بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٦٠٠ ئەمریکایی بە چەکی ئەوتۆ کوژراون کە لەژێر چاودێریی سوپای پاسداراندایە و بەتایبەتی بۆ کوشتنی ئەمریکاییان گەشەیان پێ دراوە، بە قاچاخ براون بۆ عێراق و دراون بە میلیشیای شیعە و سوپای پاسداران شێوەی کەڵک لێوەرگرتنیانی فێری ئەوان کردوە. ئەو بێگومان دەزانێ کە سوپای پاسداران بەرپرسی هێرش بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان، سووریە و لوبنانە و پشتیوانی لە حیزبوڵڵا، حەماس، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و حوسییەکان دەکات.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر جۆرێکی لاوازتر و کورتمەوداتری ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما پێداگرن، نکۆڵی لەوە ناکەن کە سوپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە. بەڵام ئەوان دەڵێن دەستنیشان کردنیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریست تەنیا شتێکی "سیمبۆلیکە" و لەبەر ئەو هۆیە گرینگ نییە. ئەوە دەبێ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەرسوڕهێنەر بێ کە لیستەیەکی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی بیانی لەبەر دەستدایە کە ناوی ٧٠ تاقمی تێرۆریستی تێدایە، لە ناویاندا ئەلقاعیدە و داعش. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما ٢٥ ڕێکخراوی بە لیستەکەوە زیاد کرد.

حەوتووی ڕابردوو، وەفدێکی بنەماڵەکانی ئەستێرەی زێڕین [مەبەست کەسوکاری ئەو کەسانەیە کە لە کاتی خزمەت بە نیشتمان گیانیان بەخت کردوە. و.]، کەسوکاری ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا کە بە چەکی ئێرانی کوژراون یان بریندار بوون، هاتن بۆ واشینگتۆن و داوایان لە بایدن کرد ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستان نەسڕێتەوە. چاوپێکەوتنەکە دوای ناردنی نامەیەک دێت کە لەو دواییانەدا لە لایەن ٩٠٠ بریندارێ جەنگ و ئەندامانی بنەماڵەی ئەستێرەی زێڕین واژۆ کرابوو و تێیدا دژایەتیی خۆیان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستاندا دەربڕیبوو.

سەرەتای ئەمساڵیش نامەیەک لەلایەن زیاتر لە هەزار کەس کە لە جەنگدا بەشدارییان کردووە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان نێردرا کە تێیدا داوایان لە بایدن کردبوو میلیاردان دۆلار لە دراوی دەستبەسەرداگیراوی ئێران ئازاد نەکات. ئەو دراوە دەبوو بۆ قەرەبووکردنەوەی دایک و باوک و هاوسەرانی کەسانی کوژراو بە دەست کۆماری ئیسلامی و بریکارەکانی تەرخان بکرێ. بێتوو ئەو دراوە بدرێتە دەسەڵاتدارانی تاران، بۆ تێرۆریزم و شەڕانشۆیی زۆرتر کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

لە کاتێکدا ئەو مشتومڕە لە ئارادایە، سوپای پاسداران بێدەنگ دانەنیشتوە. ڕۆژی یەکشەممە، نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوتراوە: "لەو چەند مانگەی دواییدا هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ تێرۆری ژەنراڵێکی ئەمریکایی لە ئاڵمان، ڕۆژنامەنووسێک لە فەڕانسە و سیاسەتوانێکی ئیسرائیلی لە تورکیە پووچەڵ کراونەوە... ئەو هێرشە تێرۆریستییانە لە لایەن ڕێبەرانی پلەبەرزی ڕێژیمی ئێران فەرمانیان بۆ دراوە، پەسەند کراون و پشتگیریی داراییان بۆ تەرخان کراوە و ئامانج ئەوە بووە کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ بکرێن."

هەر لەوکاتەدا ئانتۆنی بلینکن، وەزیری کاروباری دەرەوە دانی بەوە داناوە کە تاران هێشتا "هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر کاربەدەستانی هەنووکەیی و ڕابردووی ئەمریکایە."

لە کاتی لێپرسینەوەی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویە بەڕێوە چوو، سەناتۆر تێد کروز لە بلینکنی پرسی: "ڕاستە کە دانوستانکارانی ئەمریکایی بەتایبەتی داوایان کردوە تا سوپای پاسداران بەڵێنی بدا دەست لە هەوڵەکانی بۆ کوشتنی کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکایی هەڵگرێ و ئاخۆ ڕاستە ئەوان گوتوویانە نا؟"

ئەو ئەوەشی زیاد کرد: "ئەگەر ئەوان چالاکانە داواکە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن، "نا، ئێمە درێژە بە هەوڵەکانمان بۆ کوشتنی وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو دەدەین،" ئەو بیرۆکەیە کە دانوستانکارانی ئێمە لە ڤییەن دانیشتوون و دەڵێن، "باشە، ئەوە زۆر باشە، کەوابوو چەند میلیارد دۆلاری دیکەتان بدەینێ؟ ئەوە دەگەڵ ئەقڵ یەک ناگرێتەوە."

ئەو ڕاستییەی باسی نەکرا ئەوە بوو کە مەلاکانی ئێران، بێجگە لە بەئامانجگرتنی کاربەدەستانی پێشوو و هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەڕەشەیان لە چەند پسپۆری کاروباری ئێران لە ناوەندەکانی توێژینەوە کردوە، لە نێویاندا ئەو شوێنەی من کاری لێ دەکەم.

ئەوانی ڕابردوویان لەبیر نەکردووە لەبیریان ماوە، لە ٢٠١١، ئێف بی ئای پیلانی تەقاندنەوەی کافە میلانۆ، ڕێستورانێکی لوکسی "جۆرج تاون" لە کاتێکدا کە عادل ئەلجوبەیر، باڵوێزی ئەو کاتی عەرەبستانی سعودی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەوێ ژەمی شەوی دەخوارد، پووچەڵ کردەوە. مشتەرییەکانی نزیک مێزەکەی ناوبراو دەبوونە قوربانیی لاوەکی. گریمانە دەکرێ ئەو پیلانە دەگەڵ گەلێک پیلانی دیکە، ئەندازیارەکەیان قاسم سولەیمانی بووە، سەرۆکی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران کە پسپۆڕی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تێرۆریستی و میلیشیایی لە سەرانسەری دنیایە. سەرکۆمار ئۆباما بەڵێنی کاردانەوەی جیددیی دا، بەڵام قەت جێبەجێی نەکرد. بەڵام، لە جانیواری ٢٠٢٠ سولەیمانی لە بەغدا بە فەرمانی سەرکۆمار ترامپ، کە لە تویتێکدا شیی کردەوە کە ژەنڕاڵەکە "هەزاران ئەمریکایی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا کوشتبوو و بریندار کردبوو و خەریکی دانانی پیلان بۆ کوشتنی ڕێژەیەکی زۆرتر بوو" لە هێرشێکی ئاسمانیدا کرایە ئامانج. دەسەڵاتدارانی ئێران بەڵێنی "تۆڵەی سەخت"یان دا. هێرشەکانی دواتر دژی ئەمریکاییان لە عێراق و شوێنی دیکە وێدەچێ نەبوونە هۆی ڕەزامەندیی ئەوان.

چەند دێموکڕات ئێستا دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی کۆمارییەکان لە دژایەتییان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان. سێناتۆر مەنەندێز، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران ڕۆژی یەکشەممە بە فاکسنیوزی گوت: "من داوا لە بەڕێوەبەرایەتی [بایدن] دەکەم تێ بگا کە ڕێکنەکەوتن لە ڕێککەوتنێکی خراپ باشترە."

ئەوجار چ دەقەومێ؟ بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەقڵییەتەی دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیارەکانیان دەدەن، تێگەشتنی کارێکی دژوارە.

لە پێوەندی دەگەڵ بایدن، ئەو دەتوانێ تووڕە بێ. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو بڕیار بدا دەست بۆ ئامرازی دیکە بەرێ تا پێش بەوە بگرێ کە کۆماری ئیسلامی ببێتە پشتیوانێکی تێرۆریزم کە چەکی ناوکیی هەیە. بێتوو ئەو کارە بکات، ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی (دەستەواژەیەک کە قەت پێم وانەبوو ڕۆژێک بینووسم!) بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکانیان پێشکەش دەکەن.

**ئیسرائیل هایوم – کلیفۆرد د. مای**

# سەردانی شاندێکی حیزب لە ئاکادیمیای کوردی

لە دیداری شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاکادیمیای کوردی باس لە بایەخی بەدێکیومێنتکردنی مێژووی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی جۆزەردان شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و سیمای ناسراوی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد سەردانی ئاکادیمیای کوردی لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستانی کرد. شاندی حیزب لەلایەن هەیئەتێکی ئاکادیمیای کوردییەوە بە سەرپەرستی پرۆفیسۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرۆکی ئاکادیمیا و د. نەجات عەبدوڵڵا، ئەندامی کارای ئاکادیمیاوە پێشوازییان لێ کرا.



لەو دیدارەدا شاندی خانەخوێ بە بایەخەوە باسیان لە کار و پرۆژە و خزمەتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد و ڕۆڵی کەسایەتییە دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە دەوڵەمەندکردنی پاشخانی کولتووری و ئەدەبیی کورددا بەرز نرخاند. هاوکات شاندی خانەخوێ وێڕای سپاس لە پێشوازیی گەرمی ئاکادیمیا هیوای بەردەوامی لە کار و پرۆژەکانی ئاکادیمیای کوردییان بۆ بەڕێوەبەرانی خواست.

لەو دیدارەدا بە تەسەلی باس لە بایەخی بەدێکیومێنتکردنی مێژووی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کرا و پێ لەسەر پێویستیی بەردەوامیی هاوکارییەکانی دوولایەن داگیرایەوە.

# بزووتنەوەی خوێندکاری لە چاوگەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا

## (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە ڕەوتی ڕۆشەنگەری)

**(٢-٢)**

**شـاهۆ مەتین**

ئەگەر ڕووناکبیری وەک پێگەی کۆمەڵایەتی و شکۆ ببینین کە لەنێو خۆیدا گرووپەکان، چینەکان و سینفە کۆمەڵایەتییەکانی جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێ، بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەی خوێندکاری یەکێک لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە دەبێت. لە ئاکامی وەها گریمانەیەک، یاسای زاڵ بە سەر کرداری ڕووناکبیری و ڕووناکبیران لە کرداری تاک یا چالاکیی گشتی خوێندکاران گشتگیر دەبێت. لەم دۆخەدا بزووتنەوەی خوێندکاری وەک: بەشەکۆمەڵەیەک لە بزووتنەوەی ڕووناکبیری دەخوێندرێتەوە.

"ژێس پانسکی"، شێست پێناسەی جۆراوجۆری لە ڕووناکبیری کردووە کە دەتوانین ئەم پێناسانە بە سەر سێ دەستەی سەرەکیدا دابەش بکەین.

دەستەی یەکەم؛ بە شێوەی گشتی بەو ڕووناکبیرانە دەگوترێ کە پشکیان لە داهێنانی بایەخ گەلی هەتاهەتایی و نەگۆڕ لە بەستێنی ڕاستی، جوانی و دادپەروەریدا هەیە.

دەستەی دووهەم؛ ڕووناکبیران، بانگەشەکارانی بڕوا و عەقیدە، دامەزرێنەرانی ئیدۆلۆژییەکان و ڕەخنەگرانی دۆخی ئارایی بە ئەژمار دێن.

لە پێناسەی دەستەی سێهەمدا دەتوانین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بڵێین کە ڕووناکبیران چینێکی کۆمەڵایەتی لە چینی نێوەڕاستی نوێن کە ڕۆڵیان لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی کولتووری کۆمەڵگەدا هەیە.

ڕووناکبیران بە شێوەی گشتی لە شوێنی "زەینی" کۆمەڵگەدا بیانەوێ یا نا نەیانەوێ لەگەڵ چوارچێوەی هێزی سیاسی ملبەملە دەبن و زۆربەی جار لە نێوان ئەم دووانەدا ناکۆکی دێتە ئاراوە.

هزر و ئەندێشە لەگەڵ هێزی سیاسی زۆر بە کەمی دەسازێن، چۆنکی دەسەڵات ناتوانێ لە درێژماوەدا زۆر ڕێکخەری ئەندێشەی ئازاد بێت و هزر و ئەندێشەش کاتێک چاو لەدەمی هێزی سیاسی بن، مانای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن.

ڕووناکبیر کەسێکە کە: بۆ ئەندێشە و فکر دەژی، هۆگریی ئەو بە ژیانی هزری وێکچوویی زۆری بە هۆگری مەزهەبییەوە هەیە.

لە نەریتی ڕووناکبیریدا، ئەم ڕێسایانە دەبینرێن:

١- ڕووناکبیری سیاسی زۆر جار لە دەرەوەی سیاسەت و دامەزراوەی هێزی سیاسیی باڵادەستە. ڕووناکبیران خۆیان دەروەست بە ڕەخنەگرتن، هەڵوێست نواندن و ساغبوونەوە دەزانن، بەڵام نەک لایەنگری لە حیزب یا هێزێکی تایبەت.

٢- ڕووناکبیر بەردەوام لە دۆخی دوودڵی و بە دەربرینێکی ڕوونتر لە نێوان هیوا و بێمتمانەیی و دڕدۆنگیدایە.

٣- ڕووناکبیری خەباتێکە دژایەتیی دواکەوتوویی، خورافات و نەزانی دەکا و بۆ گەشە و، بەرەوپێشبردن و نوێگەرایی تێدەکۆشێ.

٤- ڕووناکبیر ڕەخنەگرە و بە ڕەخنە لە دۆخی ئارایی، بەگشتی دۆخی سیاسی، فەرهەنگی، ئابوری و... عەوداڵی ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤە.

٥- ڕووناکبیر بە ناوی داهاتوو و نوێگەرایی، دژە نەریت و نەریتبەزێنە.

٦- ڕووناکبیران بەهۆی ئاوەز و پێشکەوتنە زانستییەکان باوەڕیان بە پێویستیی جیایی دین لە کاروباری ڕۆژانەی دنیایی هەیە و هەربۆیەشە سێکۆلارن.

٧- ڕووناکبیران پێداگری لەسەر هەندێ چەمک دەکەن کە چەمکگەلی سەرەکیی داخوازە ڕووناکبیرییەکانن، وەک ڕاسیونالیسم (ئاوەزگەرایی)، ئۆمانیزم (مرۆڤتەوەری)، ئازادی، بەرابەری، مافی مرۆڤ و ... .

بەمجۆرە بزووتنەوەی خوێندکاری بەشێک لە بزووتنەوەی ڕووناکبیرییە کە ڕەوتی خوێندەواریی بەرزی وەدەستهێناوە و زۆر یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئاماژە پێکراوی هەیە. بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ نەهێشتنی لایەنە ناڕێکەکانی دۆخی ئارایی زۆر گونجاوە، بەڵام هێزی پێویستی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی نییە، هەر بەم هۆکارە ئەوان زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سەرەکییەکانی ڕووناکبیری و بڵاوکەرەوە و بانگەشەکارانی هزرەکانی ڕووناکبیرین و لە ئاکامدا بزووتنەوەکانی خوێندکاری تەنیا بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیرن کە، بە گشتی تێیدا ڕووناکبیران پلانداڕێژ و ئاڕاستەدەرن.

### بزووتنەوەی خوێندکاری وەک ڕەوتی ڕابوو لە چینی نێوەڕاستی نوێ

خاوەنڕایانی نوێگەری وەک: جان جانسۆن، موور بێرگێر، مانفرێد هالپێرن، چارلێز عیسەوی، جیمیز بێل و سامۆئێل هانتینگتۆن، چینی ناوەڕاستی نوێ لە وڵاتانی لە دۆخی گەشەسەندوودا بە جۆرێک دینامیزمی بنەڕەتی و ئیستراتیژیکی گەشەسەندن و نوێگەرایی و لە ئاکامدا ئاڵوگۆڕخواز و گۆڕانخواز و تەنانەت شۆڕشگێر دەزانن.

بە بۆچوونی ئەوان چینی نێوەڕاستی نوێ، لە ڕێبەریکردن و وەگەرخستنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگەی پەرەئەستێندا، کاریگەر و چارەنووسسازن. مانفرێد هالپێرن چینی نێوەڕاستی نوێ بە هۆکاری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەت ئێران دەزانێ و "چین-تەبەقە" لە سەر بنەمای کاریگەرییەک پێناسە دەکا کە لە کۆمەڵگەدا هەیەتی و دەڵێت: هەر چینێک دەبێ لە بەستێنی ئەو ڕۆڵە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەدا پێناسە بکەین کە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێ.

هالپێرن ناوچەی مەراکش تاکوو پاکستان لەنێو شۆڕشێکی قووڵدا دەبینێ و بڕوای وایە کە هەوڵی داوە هۆکار و تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە شرۆڤە بکا و چینی نێوەڕاستی نوێ وەکوو هێزێکی شۆڕشگێری سەقامگیر دەزانێت کە ئەو چینە بەڕێوەبەر، مامۆستا، ئەندازیار، ڕۆژنامەنووس، خوێندکاران و ... لە خۆی دەگرێت. بە بۆچوونی هالپێرن، ڕێبەری لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەستی چینی نێوەڕاستی نوێ دایە.

بە بڕوای جێمیز بیل، یەکێک لە هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە بەرگژەی بۆ پێکهاتەی نەریتیی وڵاتانی پەرەئەستێن دروست کردوە، چینی نێوەڕاستی نوێیە و ئەندامانی ئەم چینەی بە سەر چوار گرووپی: شوێنکەوتووان، داکۆکیکارانی سیستەم، تێکنۆکراتەکان و ڕادیکاڵ یا دژبەران دابەش کردوە.

لە ڕاڤەی جێمیز بیلدا، ڕادیکاڵەکان لە ڕاستیدا هەر ڕووناکبیرەکانن.

ڕووناکبیران بە مانای تایبەت نە تەنیا کاربەدەستانی دامەزرێنەر یا ڕاگوێزەری بەرهەمی فەرهەنگینە، بەڵکوو کەسانێکن کە لە بەرانبەر سیستەمدا دەوەستنەوە و لەدژی ڕادەپەڕن. بە بڕوای سامۆئێل هانتینگتۆنین لەنێو ئەو چینەدا، ڕووناکبیران و خوێندکاران زۆرتر لە هەموو لایەنەکانی تر هەوڵی شۆڕش و توندوتیژی بەرانبەر بە دەسەڵات دەدەن.

لە بنەڕەتەوە ڕووناکبیری شۆڕشگێر بە دیاردەیەکی تەواو سەرتاسەری لە کۆمەڵگەی تووشیاری نوێگەری دادەنرێ.

لە بۆچوونی شۆڕشی هانتینگتۆندا، "شار" چەقی دژایەتی لەنێو وڵاتە و چینی نێوەڕاستی نوێ ناوەندی دژایەتی لەنێو شارن و؛ ڕووناکبیران، چالاکترین گرووپی دژبەر لەنێو چینی نێوەڕاستن و خوێندکارانیش ڕێکخراوترین و لێهاتووترین شۆڕشگێران لەنێو توێژی ڕووناکبیرانن. بەمشێوەیە خوێندکاران چالاکترین هێزی شۆڕشگێری لەنێو ناوکی سەرەکی و ناوەندی خەباتی شۆڕشگێری لە کۆمەڵگە پەرەئەستێنەکاندان.

بە بۆچوونی هانتینگتۆن توندترین، ڕێکخراوترین و شۆڕشگێڕترین دژبەران لەدژی دەسەڵاتی ئارایی دەبێ لە زانکۆکاندا سەرهەڵبدەن. چۆن ئەگەر تەنیا یەک کەڵێن لەنێو هەموو وڵاتانی تووشیاری نوێگەرایی بوونی هەبێ، ئەو کەڵێنە هەمان کەڵێنی دەسەڵات و زانکۆیە. واتە ئەگەر کۆشکی سەرکۆماری سیمبولی دەسەڵات بێت، بینای ڕێکخراوی خوێندکاری مەکۆی شۆڕشە. بەمجۆرە بزووتنەوی خوێندکاری، لە پێگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییەکاندا:

یەکەم کۆمەڵێک لە خوێندکاران لە خۆی دەگرێت کە: بە شێوەیەکی دڵخوازانە جموجۆڵی گشتی بۆ دروستکردنی گۆڕان لە زانکۆ و کۆمەڵگەدا ڕێک دەخەن، خوێندکاران لەم جموجۆڵە گشتییەی خۆیان ئەگەری ئەوە هەیە کە پێوشوێنی ئاڵوگۆڕێک لە جۆری فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بەها گشتیگرەکاندا بکەون.

دووهەم؛ بزووتنەوەی خوێندکاری بە چالاکییەکی گشتی بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی هاوبەش دادەنرێت. ئەم هەوڵە گشتییە زۆرتر لەسەر ڕایەڵەکانی پەیوەندییە نافەرمییەکانی نێوان خوێندکاران و گرووپەکان بنیات دەنرێ.

شوناسی گشتیی خوێندکاری، لە تەنیشت بڕوا و هۆگرییەکانی هاوبەش، یەکگرتوویی و هاودەنگی پێویست بۆ جوولەی گشتی و سیاسیی شوێندانەر بە بزووتنەوەی خوێندکاری دەبەخشێت. چەمک و ماهییەتی بزووتنەوەی خوێندکاری

لە بناغەڕا، دیاردەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگەی ئەمرۆکەییدایە و بە خەباتی گشتی گرووپە زانکۆیەکان بۆ بەرەو پێشبردنی جۆرێک ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگە پێناسە دەکرێت، هەر بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بە جوولە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ.

لە هەڵسەنگاندنی هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەک هۆکارێک بە ناوی زانکۆ و خوێندکاران لە پلەی یەکەمدا جێ دەگرن، بە تایبەت لە وڵاتانی پەرەئەستێن، زانکۆ لە پێگەی ناوەندی دابینکردنی پێویستییە هزرییەکانی یەک جفات بۆ پێشڤەچوون و ئاسۆیەک ڕوو بە ئازادی، گرینگیی دوو قات وەردەگرێت. ئەم ڕۆڵە چارەنووسسازەی زانکۆکان، زیاتر لە هەر شتێکی تر، قەرزداری بەشداریی خوێندکاران لەم ناوەندە و تواناکانی ئەوانە.

ئەوە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە زیاتر لە هەر شتێکی تر، سەرچاوەگرتوو لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەیە و "ئارمانجخوازی و مافویستی و خۆبەدوورگرتن لە بەرژەوەندیخوازی" دوو تایبەتمەندیی سەرەکی نەوەی لاوی خوێندکارانە کە لە تەنیشت کەڵکوەرگرتن لە هەست و سۆزی لاوان لەچاو چینەکانی تری کۆمەڵگە، هۆی لێهاتوویی ئەم چینە گرینگە کۆمەڵایەتییە دەبێت.

کارامەیی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بواری نێوەڕۆکدا پێوەندیی بە گەشەی هەمووانی ئەم چوار هۆکارە هەیە: ١- بزواندنی کۆمەڵایەتی ٢- هەستی گشتی ٣- دەروەستی و یەکگرتوویی و ٤- جیایی فۆڕمی ڕێکخراوەیی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان.




**دەرەنجام:**

بزووتنەوەی خوێندکاری بە بەردەوامی لە ناوەندی گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستاندا ئامادەگی هەبووە، بەڵام لە خاڵی دەستپێک و دروستکردنی ئاڵوگۆڕی سیاسیدا نەبووە، بەو مانایە کە: شوێنکەوتووی فەزای گشتیی سیاسی ڕەوتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا بووە و لە هێندێک قۆناغ بۆ کاریگەرترین کادرەکانی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسیانە گۆڕاوە.

لەوانەیە لە حاڵی ئێستادا لە هیچ شوێنێکی جیهان بزووتنەوەی خوێندکاری بە مانا ڕاستەقینەکەی بوونی نەبێت و تا ڕادەیەک هەموو نەریتەکانی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی خوێندکاری بە تایبەت ئەوە لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی ئوروووپادا بەرچاو بوو نەماوە، یا هێندێک لەم بزووتنەوانە بۆ حیزبی ڕادیکاڵ و حیزبی سەوزەکان لە وڵاتانی ئوروپایی گۆڕاون و بە شێوەیەک لە سیستمی سیاسی ئارابیدا جێیان گرتوە.

بە نیسبەت ئێران و کوردستانیش، زانکۆ لە ناوەندی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێی گرتوە و ڕۆڵی خوێندکاران بە تایبەت بە هۆی پەرەسەندنی ڕێژەیی جوغرافیای فێرکاریی باڵا، هەڤیازی و گرینگی تایبەتی بەخۆیەوە گرتوە.

ئێستا لە ئێران زیاتر لە چوار میلیۆن خوێندکار سەرقاڵی خوێندنن کە ڕێژەی سەتا پێنجی ٥٪ حەشیمەتی ئێران پێک دێنێت. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران و کوردستان هەڵگری سێ تایبەتمەندی سەرەکییە؛

١- نەسڵی نوێی خوێندکاری وازی لە ئارمانخوازی و ئارەزووە بێ بنەماکان هێناوە و بە ڕیالیستبوونی هەوڵی بەدیهێنانی دێموکڕاسی دەدا و دێموکڕاسی و ئاڵوگۆڕی دێموکڕاتیک لە کۆمەڵگە داڵغەی سەرەکیی جموجوڵە خوێندکارییەکانە.

٢- حزوور و ڕۆڵی بێوێنەی کچانی خوێندکار لە جموجۆڵی خوێندکاری کە ئەم

ڕووتێکردنە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕی قووڵی فەرهەنگی لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندایە.

٣- سەربەخۆیی ڕۆژبەڕۆژی ئەم جووڵانەوەیە لە هێزە سیاسییەکان و گەلالەی سەربەخۆیانەی مافە سیاسییەکانیان و بوون بە نوێنەری داواکاری هەموو چین و توێژەکانی وڵات.

ئەمە وەرچەرخانێکی ماناداره لە ڕوانیین و فەرهەنگی نوێدا، کە فەرهەنگی خوێندکاری و زانکۆی بەدیی هێناوە.

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# "بەرهەڵێخ"

# بە شێوازی دیکە نوێ دەبێتەوە

**بەرهەڵێخ**

زووتر لەم سەردەمە یانی بەر لە ئێستا، لای خۆمان دیواری ماڵان زیاتر بە قوڕ یان بە خشتی کاڵ هەڵدەچندران. پاشان بە کاریتە و ئاڵوودااران دارەڕا دەکران، بە پووش و پەڵاش و گڵەبان دادەپۆشران و سەربان و دەرودیواریان بە قوڕ سواغ دەدا. دوای چەند ساڵان ڕەشەبا و بۆران و بەفر و کڕێوە و هەردهەژیان و ڕووداوی سروشتی ئەم دیوارانەیان دەخستە لەرزە. خاوەنانیشیان یان بە هۆی نەبوونی و بێدەستەڵاتی یان لەبەر تەنبەڵی و تەوەزەلی بۆیان نەدەکرا باڵەخانەیەکی نوێ دابنێن و چەند ساڵی دیکە تێیدا بژین. لە دەرەوە یان لە ژوورەوەی خانوو دیوارێکیان بە دیواری لە ڕووخاننزیکەوە هەڵدەچنی و بەم دیوارەی دواییان دەگوت "بەرهەڵێخ".

**ڕابردوانی نەخوێندەواری زانا "بەرهەڵێخ"یان چۆن دروست کرد؟**

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو پیر و پێشوونیانەی لەسەر نەخوێندەواریی خۆیان و دوور لە دەنگی ڕادیۆ و ڕووخساری تەلەڤیزیۆن و چاوبرکێی بووکەڵەی نێو تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینتەرنێت و کوڕێژگەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ و کێژۆڵەی لێو ئەستووری دەمچەقوولەی "بێجۆ"(گوێ)، زمانی نەتەوەی خۆیان وەک بیلبیلەی چاویان دەپاراست و خزمەتیان دەکرد. ئەوان بێئەوەی تیۆریی زمان بزانن و لە زانکۆ خەریکی "داتاشینی وشە" بن، هەر خۆیان وشەی "هەڵێخ"یان لە چاوگی "هەڵخستن"وە وەرگرتوە و پێشگری "بەر" یان داوتە "بەر" و ناوی "بەرهەڵێخ"یان بۆ ئەم زێدە دیوارە داناوە و بە "بەر" دیواری سەرەکیی مەترسیلەسەریان هەڵخستووە.

دیارە لەزمانی کوردیدا ئەم زێدەدیوارە ناوی بەرهەڵێخە و نەتەوەی دیکەی دەرودراوسێشمان بەرهەڵێخیان داوەتە پاڵ دیواری لەرزۆکی لە ڕووخاننزیکیان، بەڵام هەر ناوێکی بۆیان داناوە بە من چی و ئەوە ئەرکی ئەو کەسانەیە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە وەردەگێڕن.

**هەوڵی ڕزگارکردنی بەرهەڵێخ لە مردن**

بەندەی موخلیسی هەموو لایەکتان، (مەبەست لە "هەموو لایەکتان" تەنیا ئەو کەسانەیە خوێندنەوە بە کارێکی قوڕ و کاتبەر نازانن و بەهۆی خوێندنەوەی زۆر بەسەر ئەم چەند دێڕەش دادەکەون و دەیخوێننەوە)، خەریکم "پێ"م لە بەڕەی خۆ زیاتر ڕادەکێشم و دەست بۆ بڤەیەک دەبەم کاری من نییە. کاری زمانەوانی دەکەم. یانی خەریکم وشەی "بەرهەڵێخ" لە بن دیوارەوە بۆ شوێنی دیکە دەگوازمەوە. ئێستا لە زۆر شوێنی وەک ئاپادان باڵەخانەی زۆر بەرز و ڕواڵەت جوان بە سەر هەموو شتی دەورو بەریاندا دەڕووخێن و ئەگەر بەرهەڵێخیشیان لەبەر بێت وای لێ دەکەن دوای هەڵگرتنەوەی داروپەردووی باڵەخانەی ڕووخاو و گەڕان بەدوای مردووان و گیانبەختکردووان و ناسینەوەی کەرەستەکانی دروستکردنی، شوێن و پێگە و جێگە و بایەخی بەرهەڵێخ بۆ کەس ساغ نابێتەوە.

لە سەردەمێکدا دیواری قوڕین و خشتین نەماوە و ئاسن و شووشە و کۆنکرێت جێگەی قوڕ و "کا"ی گرتووەتەوە و فووگە و ئاڵوومینیۆم و پیڤیسی و کاغەزدیواری شوێنی خۆڵەبان و سواخکردنی داگیر کردوە، بە دوور نییە ئەم وشە کۆنانەی وەک "بەرهەڵێخ" لەبیر بچنەوە و ڕەنجی چەندین ساڵەی باوانمان ئاوەوئاو بڕوات. پاساویشم ئەمەیە نەوەی ئێستامان مانای وشەی بەرهەڵێخ نازانن.

**گەندەڵی و بەرهەڵێخ**

مانەی ئەم دوو وشەیە زۆر لەیەکتری دوورن. گەندەڵی بەو بەسەرچوون و نێوڕزین و فاسیدبوونانە دەگوترێ بە هۆکاری جوداوە دروست دەبن. لێرەدا مەبەست لەم قسانە خوای نەخواستە بەرورووبوونەوەی گەندەڵی نییە. بەڵام ترسمان لەمە هەیە بە هۆی گەندەڵییەوە شیرازەی زۆر شت تێکبچێت و دوخی زۆر شت بشێوێت و زۆر شت وەک خۆیان نەمێنن و زۆر شتی پیرۆزییان لەدەست بدەن. لە کاتێکدا ئێمە بەهیچ کلۆجێک نامانهەوێت دۆستان و دوژمنانمان بەهۆی شوبهاندیان بە گەندەڵ یان گەندەڵکار لێمان زویر بن. بە شێوەیەکی سنووردار باسی گەندەڵی دەکەین. بۆ وینە دەڵێین گەندەڵی لە بەستێنی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئەخلاقی و... دا گەشە دەکات. گەشەش نا، چوونکە گەشە بە شتی ئەرێ و باش دەگوترێت. دیارە بۆ ئەوەی دەڵی گەندڵکارانمان لێ نەڕەنجێت، دەتوانین بڵێین گەندەڵی لە بنەڕەتڕا خراپ نییە، بەڵام گەشە ناکات و تەشەنە دەستێنێت.

لە سەردەمێکدا پێشوونیانمان بە کوێرەوەری و ڕەنجێکی زۆر بەرهەڵێخیان دروست کردوە و بەر دیواری گەندەڵیان داوە و ئێستاش بە هۆی ئاسن و ماسن و سیمان و میمان و ئالوومینیۆم و مالومیۆم و پیڤیسی و میڤیسی و ئەم شتانە دیواری قوڕینمان نییە لە کاتی لەرزۆک بوونیدا بەرهەڵێخی وەبەر بدەین، ئەم بەرهەڵێخە بۆ ئاقاری ئابووری و سیاسەت و کولتوور و ئەخلاق دەگوازینەوە.

**دەکارکردی نوێی "بەرهەڵێخ"**

بۆ ئەوەی کارکردی بەرهەڵێخ لە بواری جیاجیای ئەم سەردەمەدا بزانین، تەنیا ئاماژە بە چەند نموونەی بچووک دەکەین و خوێنەر هەرچەندە ناکاراش بێت دەتوانێت چەندین نموونەی دیکەی هاوشێوەی ئەم بەکارهێنانە بە دوای یەکدا ڕیز بکات و بەمجۆرە "بەرهەڵێخ" لە مردن ڕزگار دەبێت.

١- هێزی ئەمنی و سەربازی بەرهەڵێخی چارەسەرکردنی سەرهەڵدانی سەرشەقام و بەرەوڕووبوونەوەی دیاردەی کۆڵبەرییە.

٢- هاندانی بڕواداران بە سینگکوتان و ڕەشپۆشی بەرهەڵێخی پتەوبوونی بیرکردنەوە و زانینە.

٣- فراوانکردنی هیلالی شیعە بەرهەڵێخی مانەوە و بەردەوامیی کۆماری ئیسلامییە

٤- ...

بەرهەڵێخ خۆی بووە بە "تەن" (مادە)، هەرگیز لەنێو ناچێت. کێشی هەیە و بەشی خۆی بۆشایی دادەگرێ، بڵام لە بیچم و شێوازێکەوە بۆ بیچم و شێوازی دیکە دەگۆڕێت.

# زمان لە شەڕی بەرگری لە ناسنامەدا



قادر وریا

**ئاماژە:** ئەم وتارە، پێشەکیی نوێترین کتێبم "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان"ە کە لە مانگی مای ئەمساڵدا چاپ و بڵاو بۆوە.

لەم کتێبەدا کۆمەڵێک توێژینەوە، وتار و بابەت هەن کە تەوەری سەرەکیی بەشێکی بەرچاویان گرنگیی بایەخدان بە زمان لە خەباتی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزیدایە. زۆربەی ئەم وتار و بابەتانەم لەم چەند ساڵەی دواییدا، نووسیون و ئامادەم کردوون و بەشی زۆریشیان لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بوونەوە. بەڵام بە پێویستم زانی لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان بکەمەوە، بۆ ئەوەی کەسانێک کە حەز بە خوێندنەوە و بە دواداچوونی ئەم جۆرە باسە دەکەن، ناچار نەبن لەم یا ئەو بڵاوکراوە و ماڵپەڕدا بە دوایاندا بگەڕێن. هەروەها دەمەوێ هاسانکارییەکم کردبێ بۆ کەسانێک کە هێشتا بە گەڕانی نێو ماڵپەرەکان و خوێندنەوەی بابەتی ئەلکترۆنی ڕانەهاتوون.

لەو بڕوایەدام دوای خاک یا نیشتمان، زمان گرنگترین فاکتەرە کە نەتەوەیەک هان دەدا بۆ مانەوەی خۆی، بیپارێزێ و بەرگریی لێ بکا. هەر وا کە ئەگەر خاک و نیشتمان لە نەتەوەیەک داگیر بکرێن و ئەو نەتەوەیە تووشی هەڵقەنران و ئاوارەیی لە سەر زەویی خۆی بێ، زۆر زەحمەتە نەتەوەبوونی خۆی بۆ بپارێزرێ، ئەگەر زمانیش لە نەتەوەیەک بستێنرێتەوە، بەرە بەرە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی لە دەست دەدا و لە زمان و نەتەوەیەکی دیکەدا دەتوێتەوە.

لەو ناوچەیەی ئێمەی کوردی لێ دەژین، جیاوازیی ڕەگەزی و ڕەنگی پێست و قژی نەتەوەکان ئەوەندە دیار و بەرچاو نین. واتە لەم ڕوویەوە سنوورێکی تۆخ و پڕڕەنگ لە نێوانماندا نییە. هەروەها لە ڕووی دین و ئایینیشەوە کورد و نەتەوەکانی دەوروبەرمان بە تایبەتی نەتەوە زاڵەکان، بە زۆری موسوڵمانن. لە ڕووی کولتووریشەوە، بە هۆی سەدان ساڵ پێکەوەژیان و لێکوەرگرتنی کاریگەری، وێکچوون لە نێوانماندا زۆرە. نیشتمانە دابەشکراو و پارچەپارچە کراوەکەشمان، ڕاستە لەسەر بەشێکی زۆری، خاوەنە ڕاستەقینەکەی واتە نەتەوەی کورد دەژی، بەڵام ژینێکی بندەستانەی هەیە. ژینێکی بێبەش لە کیان و دەسەڵاتی نەتەوەیی و تێکەڵ بە هەوڵێکی هەمەلایەنەی داگیرکەران بۆ سڕینەوە و تواندنەوەمان. ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەر خۆیاندا دابەش کردوە، لە ڕێگەی بە فەرمیکردن و زاڵکردن و پشتیوانیی هەمە لایەنە لە زمانەکەی خۆیان و تەنگهەڵچنین بە زمانی کوردی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ڕاگەیەنەکانیان و هتد، زۆرترین مەترسییان بۆ سەر زمانی کوردی دروست کردوە. ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک بە خاکەکەمان و زمانەکەمان لە "ئەوانی تر" جیا دەکرێینەوە. لە سەر خاکێکی داگیرکراو و لکێنراو بە دەوڵەت-نەتەوەیەک کە هی ئێمە نییە، ئەگەر نەتوانین زمانەکەشمان بپارێزین، بە کام فاکتەر و بە کامە ناسنامە، دەتوانین خۆمان لە وانی دیکە بە جیاواز بزانین؟ چۆن دەتوانین بەرگەی هرووژمی هەمە لایەنەیان بگرین؟




لەم ڕوانگەیەوە، زمان دەبێ وەک چەکێک بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و وەک سەنگەرێک بۆ ڕاوەستان بەرامبەر سەرکوت و سڕینەوەی نەتەوەیی و زمانی بەکار بهێنرێ. بە خۆشییەوە ئەم تێگەیشتنە لە بارەی گرنگیدان بە زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوە و ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ بزووتنەوەیەکی ڕوو لە گەشەی کولتووری کە داوای بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە لە ڕیزی پێشەوەی داواکانییەتی، لە هەموو کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاندانی زمانەوانان و توێژەران بۆ توێژینەوەی زانستی لە بارەی دیالێکت و بنزارەکانی زمانی کوردی، بایەخدان بە هەبوونی چاپەمەنی بە زمانی کوردی و دەیان جۆر بەرنامە و چالاکیی دیکەی لە خۆ گرتوە.

زۆر لە پێشەنگان و بەشدارانی چالاک و کاریگەری ئەو بزووتنەوەیە، سەبارەت بە هەوڵە بەنرخەکانیان و پێداگری و بەردەوامی لەسەر ئامانجە پیرۆزەکانیان، لەلایەن دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکان نوێنەرایەتی و ڕێبەریی دەکەن، لێک نامۆ و بێگانە نین. بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکە، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی هەوەڵی دامەزرانییەوە، هەڵگری داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە ئێرانی کردووە و بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و قبووڵکردنی وەک زمانی ئیداری و خوێندن لە کوردستان، یەک لە داوا هەمیشەییەکانی پارێزگەکانی کوردستان سەری هەڵداوە. ئەو بزووتنەوەیە فێرکردنی خۆبەخشانەی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بە هۆگرانی ئەو زمانە، هاندانی بنەماڵەکان بۆ دانانی ناوی کوردی لە سەر منداڵانیان و قسەکردن بە زمانی دایکیان لە نێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە، نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر داسەپانی ناوی ناکوردی لە سەر شوێنی ژیان و کاری دانیشتوانی کوردستان، کۆکردنەوەی ئەدەبیاتی زارەکی، ئامادەکردنی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی لە بواری جیاوازدا، بوار ڕەخساندن بۆ بڵاوبوونەوەی دەقی شێعری و ئەدەبیاتی ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی ڕێگری، کێشە و گرتن و چوونە بەندیخانە بوونەوە. ئەو بزووتنەوە کولتوورییە لە گەڵ ئەوەی هێشتا بە ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی نەگەیشتوە، بەڵام تا ئێرە توانیوێتی ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ لە پەرەپێدانی وشیاریی زمانی و وشیاریی نەتەوەیی و، بەرزڕاگرتنی گیانی ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لە نێو تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حیزب و بووە. ئەم بزووتنەوەیە، بە درێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو، لە ڕووی گرنگیدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە زمان وەک یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەییان، کاریگەریی خۆی داناوە. ئەوەندەی بۆشی گونجاو بێت، پشتیوانی لە جموجۆڵ و تێکۆشان بە ئامانجی داواکردنی مافە زمانییەکان کردوە.

بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێز لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە سەر بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەکە شوێندانەر بووە. بەڵگەیەکی بەهێز بووە لەسەر ڕەواییەتی (شەرعییەت)ی داوا سیاسی و نەتەوەییەکانیان و قووڵبوونی ڕەگ و ڕیشەی ویستەکانیان لەنێو خەڵکی خۆیاندا. بڕوای هێزە سیاسییەکان و مرۆڤەکانی بەشدار لەو بزووتنەوە سیاسی و شۆڕشگێڕییەی بە دروستیی ئامانجەکانیان و بەحەقبوونی خەباتەکەیان پتەوتر کردوە.

لەمێژ ساڵە لە سەر ئەو بڕوایەم، تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ ئەوەی ڕیزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی بۆ تێکۆشان هەڵبژاردووە، چ ئەو کەسەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی هێمنانە و سەرەڕای نەگونجاوبوونی بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی وڵات، بۆ مافە زمانییەکان و بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی هەوڵ دەدا، هەر دوویان هەڵگری یەک ئامانجی سەرەکین. ئەو ئامانجەش ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بندەستی و بێمافی و، گەیشتنی بە مافی زاڵبوون بە سەر چارەنووسی خۆیەتی. لەم ڕوانگەوەیە کە لە ژمارەیەک لە نووسین و بابەتەکانی ئەم کتێبەمدا، هەوڵ و تێکۆشانی بەشدارانی بزووتنەوەی کولتووریی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاتوونەوە بەرباس و بە پێزانینەوە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. هەر ئەم تێگەیشتنەشم لە نرخ و گرنگیی هەوڵەکانیانە کە وام لێ دەکا چاپی ئەم کتێبەم پێشکەش بە وان، بە پێشمەرگەکانی نێو سەنگەری زمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بکەم.

---

## ناساندنی

# "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان"

**ئا: کاروان مێراوی**

کتێبی "شەری ناسنامە و سەنگەری زمان"، لە نووسینی قادر وریا، مامۆستای زانکۆی کۆیە و خوێندکاری دوکتۆرای زمانی کوردییە کە جیا لە پێشەکی ١٠ وتار، ٣ توێژینەوە، ٣ وتوویژ و ٣ ڕوانگەی نووسەر بۆ کتێبگەلی جیاوازی پێوەندیدار بە پرسەکانی زمان و زمانەوانیی لە خۆ گرتوە. بەگشتی پێڕستی ئەم کتێبە لە ١٩ بەش پێکهاتووە و لە دووتوێی ٢٣٢ لاپەڕەدا ئامادە کراوە و پاش ئەوەی کە لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی لاوان و ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی چاپکردن و ژمارەی سپاردنی پێ دراوە، لەلایەن چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە شاری هەولێر و لە مانگی بانەمەڕ (گوڵان)ی ساڵی ٢٧٢٢ی کوردی چاپ کراوە.

زۆربەی بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بوونەتەوە و پاشان هەموویان لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆ کراونەتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە مادام ئەم بابەتانە پێشتر بڵاو بوونەتەوە، ئامانجی نووسەر لە کۆکردنەوەیان لە دووتوێی کتێبێکی لەم چەشنە چییە؟ بەڕێز قادر وریا لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕاگەیاند: "ئەم بابەتانەی کە کتێبی "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان"یان پێک هێناوە، سەرجەمیان پێوەندییان بە زمان و بەتایبەت زمانی کوردییەوە هەیە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە کاتی جیاواز و لە شوێنی جیاوازدا بڵاو بوونەتەوە و ئەگەر خوێنەر یان توێژەرێک بیهەوێت بەدەستیان بهێنێت، پێویستە کاتی زۆریان بۆ تەرخان بکات، چونکە لە سەرچاوەی جیاوازدا بڵاو بوونەتەوە، هەم سەرچاوەکان جۆراوجۆرن (وەکوو گۆڤار، ڕۆژنامە و ماڵپەڕ) و هەم ساڵ و کاتی بڵاوبوونەوەیان جیاوازە. دیارە بابەتی ئەوتۆش لەنێویاندا هەیە کە تاکوو ئێستەش بڵاوم نەکردووەتەوە. بۆیە بە کۆکردنەوە و چاپکردنەوەیان لە دووتوێی یەم کتێبەدا ویستوومە دەرفەتێکی تریان بۆ بڕەخسێنم تاکوو هۆگرانی ئەم جۆرە باسانە ئاسانتر دەستیان پێ ڕابگات. خۆتان دەزانن کە بابەتی ڕۆژنامەوانی و ماڵپەڕەکان ماوەیەکی کورت لەبەرچاو دەبن و دواتر وەبن بابەتی نوێتر دەکەون، بەڵام کتێب لە کتێبخانەکاندا دەمێنێتەوە و بە شێوەیەکی بەردەوام هۆگران و خوێنەران دەستیان پێ ڕادەگات."

ناوی کتێبەکە بە شێوەیەکی جیاوازتر سەرنجی بینەری کتێبەکە و خوێنەر ڕادەکێشێت. لەڕاستیدا ناوی کتێب گرنگییەکی زۆری هەیە و دەکرێت بگوترێ ناوی هەر کتێبێک بە شێوەیەک پێناسەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبەیە، بۆیە نووسەر زۆر وردبینانە و بە ڕوانگەیەکی قووڵەوە ناوی "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان"ی بۆ کتێبەکەی هەڵبژاردووە، بە واتایەک ناوی ئەو کتێبە دەرخەری ئەوەیە کە سەنگەری زمان لە شەڕی ناسنامەدا ئێکجار گرنگە. کاک قادر وریا لەسەر ناوی کتێبەکەی و ئەو گرنگییەی سەنگەری زمان لە شەڕی ناسنامەدا، گوتی: "لەڕاستیدا ئەو ناوە لەو بۆچوون و ڕوانینەوەم سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە وەک نەتەوەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتداین بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ پاراستنی و، ناچارکردنی ڕێژیمی ئێران بە داننان بە ناسنامەکەمان و هەوڵدان بۆ بەفەرمیناسینی. زمان دیارترین فاکتەری ناسنامەی نەتەوەکەمانە، خەبات بۆ بەفەرمیناسینی زمانی کوردی لە ئێران و دابینکردنی جێگە و پێگەی شیاو بۆ ئەو زمانە، یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی چالاکان، تێکۆشەران و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەڕاستیدا ئەوان زمانیان کردووە بە سەنگەرێک بۆ بەرگریکردن لە مافە ڕەوا نەتەوەیییەکانیان، بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان. لەم بارەیەشەوە "زمان" لە خەباتی ئێمەی کورددا بووەتە سەنگەر، چونکە هەتا وشیاریی زمانیمان زیاتر بێ، هەتا زیاتر گرنگی بە پاراستن و خزمەتکردنی زمانەکەمان بدەین و لە بەرانبەر هەڕەشە و مەترسییەکاندا بەرگریی لێ بکەین، باشتر دەتوانین ناسنامەی نەتەوەییی خۆمان بپارێزین و لە بەرانبەر سەرکوت و سڕینەوەی نەتەوەیی و زمانیی خۆمان بوستینەوە."

لەسەر نێوەڕۆکی کتێبەکە، لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بەوە کراوە کە؛ لەم کتێبەدا کۆمەڵێک توێژینەوە، وتار و بابەت هەن کە تەوەری سەرەکیی بەشێکی بەرچاویان گرنگیی بایەخدان بە زمان لە خەباتی ناسنامەخواز و ناسنامەپارێزیدایە. زۆرجار پێشەکی بە دەروازیەک بۆ ناوڕۆکی کتێب ئەژمار دەکرێت، بۆیە نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئەم باسەی وروژاندووە. لەم پێوەندییەدا کاک قادر زیاتر لەسەر نێوەڕکی کتێبەکە و بابەتەکانی ناو کتێبە بۆ "کوردستان" ڕوونکردنەوەی دا و وتی: "لەم کتێبەدا سێ توێژینەوە هەیە، یەکەمیان لەسەر سیاسەتی زمانی لە ئێرانی ئێستایە، توێژینەوەیەکیش تایبەتە بە هۆیەکان و جۆرەکانی کاریگەریی زمانی فارسی لەسەر شێعری کلاسیکی کوردی. توێژینەوەی سێهەمیش پیوەندیی بە شۆڕشەکانی مێژووی زانستی زمانەوانییەوە هەیە. چەند چاوپێکەوتنێکیش لەناو کتێبەکەدا هەن کە پێوەندییان بە سیاسەتی زمانی لە حیزبی دێموکراتدا هەیە، بەرنامە و پەسەندکراو و هەوڵەکانی ئەم حیزبە لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە بارەی خزمەتی زمانی کوردی باس کردووە. کۆمەڵێک وتار و بابەتی دیکەش لە کتێبەکەدا هەن کە تیشکیان خستووەتە سەر سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران و ڕوانگەی دەسەلاتدارانی ئێران و ناوەندە پێوەندیدارەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ پرس و داوای مافە زمانییەکاندا، بەرپەرچ دراونەتەوە."

# هەڵوێستی سادق هیدایەت لە هەمبەر پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا





هێمن تەڕواڵ

دەستێوەردان و ملەتاتکێی سیاسەت لە هەموو کون و قوژبنێکی ژیاندا لەم گۆی زەوییە بووەتە واقعێکی حاشاهەڵنەگر و لە زاری گەورە ڕووناکبیرانی دنیاوە تا بەر دەرک و سەر خواجەنشینەکانی کوێرە دێهاتێکی دابڕاو لە ڕەوتی شارستانییەتی ئاوقەی تەکنۆلۆژیا، باس باسی سیاسەتە و زۆرجار وشەی سیاسەت دەبێتە پاساوی هەموو گیروگرفتەکان و خاڵی کۆتایی زۆربەی دیڕەکان. بەڵام دیاریکردنی کاریگەریی شتگەلی تر لەسەر سیاسەت و باسکردن و ئانالیزکردنی بۆ کۆمەڵگە ئەگەر لە قازانجی دەسەڵاتدا نەبێت دەستبەجێ مۆرک و ناونیتکەوی خۆی وەردەگرێت و بێکاریگەر دەمێنێتەوە، یان دوای ماوەیەک خاوەنبیرانی سەر بە دەسەڵات کە ناتوانین پێیان بڵێین ڕووناکبیر، ئەم کاریگەرییانە لە کارگەی مووچەخۆریی خۆیاندا دەگۆڕنەوە سەر بیروڕایەکی قازانجهێن بۆ ئەو دەسەڵاتەی ژیان و هۆوییەتی پێ بەخشیون. سادق هیدایەت بەم بیرمەندە مووچەخۆرانە دەڵێ ڕووناکبیرانی مەعلوومات‌فرۆش و بەو کەسانەی کە خاون پلە و پایەی سیاسین و پارێزەری ئەم ڕووناکبیرانەن دەڵێ (رجاله) یان بۆرەپیاوی سیاسی.

هیدایەت وەکوو نووسەرێکی خاوەن ڕوانگەیەکی جیهانی و هاوکات بە خوڵقاندنی دەیان چیرۆک و کورتە ڕومان لە ئاستی ڕێبازە پێشکەوتووەکانی ئەدەبیاتی نیوەی ئەوڵی سەدەی بیستەمدا لە بەستێنی ڕەوتی ڕووناکبیری لە سەد ساڵی ڕابردووی ئێران مەکتەبێکی بنیات نا کە دەتوانین بە "مەکتەبی هیدایەت" پێناسەی بکەین. هیدایەت سەلماندی کە کۆمەڵگەی ئێران دەتوانێت بە یارمەتیی فکرییەتی ڕووناکبیرانەی بەڕۆژی خۆی شان بدا لە شانی ئەو وڵاتانەی هەنگاوی بەرەو پێشچوونیان دروست هەڵگرتبوو. بەڵام دوورکەوتنەوەی شەپۆلی ڕوناکبیرانی پاش هیدایەت لەم مەکتەبە نوێیە خەسارێک بوو کە داوێنگیری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بووەوە و لەم لادانە وەهمێک و بۆشاییەک کەوتە نێوان مەکتەبی هیدایەت و ڕێبازی ئەدیبان و هونەرمەندانی ئێرانی و ئەنجامەکەی بوو بە تێنەگەیشتنێکی درێژخایەن و بەلاڕێداچوونی ڕەوتی ڕووناکبیری و لاوازبوونی داهێنانە هونەرییەکانی نێو ئێران. لە نووسینەدا دەتوانین هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی لقێکی ئەو خەسارناسییە بدەین کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی هەیە بە پرسی گەلانی نێو ئێران و بەتایبەت گەلی کوردەوە.

لە مێژووی سەدساڵی ڕابردووی ئێراندا هەر دوو ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوییەکان و کۆماری ئیسلامی نەبوون کە وەک دەسەڵات و بۆرەپیاوە سیاسییەکانەوە غەدرێکی زۆریان لە زمان و کولتووری گەلانی غەیرە فارسی نێو ئێران و بەتایبەت گەلی کورد کردوە، بەڵکوو لەلایەن ڕووناکبیران و ئەدیبان و بەگشتی هونەرمەندانی ئێرانییەوە لە سەرانسەری سەدەی بیستەم هیچ هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا نابینین لە هەمبەر پرسی گەلانی غەیرە فارسی نێو ئێران و تەنانەت لە هەمبەر زمان و کولتووریانەوە. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین فکرییەتی پان ئێرانیزم هەموو بڕیارەکان و تێبینییەکانی خستنە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و وەکوو پەتایەک بەری بە نەشونمای ڕەوتی درووستی نوێخوازی لە ئێراندا گرت.

هیدایەت وەکوو نووسەرێک کە خاوەن ڕوانگەیەکی جیهانی بوو لە هەمبەر هەموو دیاردەیەکی سیاسی و فەرهەنگی نێو کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا هیچکات ڕێگەی نەدا کە فکرییەتی شووێنیزمی و پان ئێرانیزمیی دەسکردی پەهلەوییەکان زاڵ بێت بەسەر بیروبۆچوون و هونەر و تەنانەت ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا. لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕەزاخان بە درووشمی "ئێرانی پێشکەوتوو" هەموو هەوڵێک تاقی دەکاتەوە بۆ ڕاکێشکردنی ڕووناکبیران و هەموو چالاکانی بواری فەرهەنگ و هونەر بۆ ڕەوایی‌بەخشین و دووپات‌کردنەوەی ئەم درووشمە، بەڵکوو پاساوی بۆ قەڵتوبڕ و کوشتاری گەلانی مافخوازی نێو ئێران و لە سەرووی هەموانەوە گەلی کورد هەبێ و سیمای دیکتاتورییەتی خۆی بگۆڕێتەوە بۆ سیمای باوکی مودێرنیتەی ئێران. لەو تیرۆر و کوشتارانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە سەرکوتی بزووتنەوەی لوڕەکان لە باشووری ئێران، میرزا کووچەک‌خان لە باکوور، سمایل ئاغای شکاک و خەلیل گۆرەمەری لە کوردستان و لە گەرا بنەبڕکردنی زۆر حەرەکەتی مافخوازنە و جیابیرانەی دیکەی نێو ئێران وەکوو یارانی ٥٣ کەسی دوکتور ئەرانی و هتد... .

سادق هیدایەت چاک دەیزانی کە پەهلەوییەکانیش وەکوو قاجاڕەکان دارەدەست و مۆرەی زلهێزەکانن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و سێبەری ئەم دیکتاتورییەتە دزەی کردبووە کون و قوژبنی خەیاڵی نێو زۆربەی چیرۆکەکانیەوە و دەیگوت: ئەگەر ئێمە واز لە سیاسەت بێنین سیاسەت واز لە ئێمە ناهێنێ. هەربۆیە چ بە قەڵەم و چ بە زار و کردەوە دژایەتیی خۆی دەردەبڕی، تەنانەت بە گاڵتەوە لەدژی گرووپی بنەماخوازانی پان ئێرانیستی چالاک لە بواری ئەدەب و هونەری فارسیدا (گرووپی سبعه) کە زۆربەیان نوێنەری هەمان ڕووناکبیرانی مەعلوومات‌فرۆش بوون، لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی خۆی گرووپی "ڕەبعە"یان پێکهێنابوو. ئەم گرووپە چوارکەسییە کە بریتی بوون لە هیدایەت، بزۆرگ عەلەوی، موجتەبا مینوویی و مەسعوود فەرزاد (کوردێکی خەڵکی شاری سنە) بەڕاستی نوێنەری بزووتنەوەی نوێخوازیی بوون لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا. ئەوان کە هەرکامیان بەجیا لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا خۆیان پێگەیاندبوو و بە هیوای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ئەدەبیات و هونەری وڵاتەکەیان گەڕابوونەوە ئێران و دەستیان دابووە قەڵەم، بەڵام لەلایەن دەسەڵات و بۆرەپیاوە سیاسییەکانەوە بەرەوڕووی هەموو چەشنە دژایەتییەک دەبوونەوە. هیدایەت چاک دەیزانی کە پەهلەوییەکانی بەڕواڵەت نوێخواز لە نێوەڕۆکدا خاوەن هەمان ڕوانگەی خەلیفە بێڕەحمەکانی مێژووی ئێرانی پاش هێرشی عەرەبەکان و مەغولەکانن، بەو جیاوازییەی کە ئەمان لە سەردەمی سەودای نەوتدا سەرقاڵی کەرکۆپان‌کردنن و هیچ باوەڕێکیان بە پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی تەنانەت بۆ لایەنە جۆراوجۆرە فیکرییەکانی نەتەوەی فارس نییە چە بگات بەوەی لە ئێرانی چەند نەتەوەییدا داوای مافی گەلانی غەیرە فارس بێتە ئاراوە.

لەو نێوەدا هیدایەت وەکوو نووسەرێکی مودێڕن و خاوەن بەرهەم لە ئاستی ئەدەبیاتی جیهاندا نوێنەرایەتیی شەپۆلێکی دەکرد کە لە هەستیارترین قۆناغەکانی سیاسەت و فەرهەنگی ئێرانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا مێژووساز بوون. هەربۆیە لە نووکی قەڵەم و زاری ئەم نووسەرەوە هەموو وشەدەربڕینێک یاسای پێوەری قەزاوەتێکی چارەنووسساز بوو بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و یەک لەو ڕاستییانەش مافی گەلانی غەیرە فارس بوو کە هیدایەت نەتەنیا باوەڕی تەواوی بەم مافە هەبوو بەڵکوو لە هەر شوێنێک کە باسی زمان و کولتوور لە ئارادا بووایە، بەبێ زمان خستنەلا بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی و حەساوی خۆی جیا دەکردەوە لە پان ئێرانیستە ڕەگەزپەرستەکانی سیستەمە پەهلەوییەکان. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە وتووێژەکانی نێوان موستەفا فەرزانە، دەرهێنەر و ڕووناکبیری خەڵکی تاران بکەین کە لە سەردەمی ژیانی هیدایەتدا خوێندکار بووە و بۆ ماوەی نزیک بە ٦ ساڵ لە نزیکەوە هەڵسوکەوتی هەبووە لەگەڵ ئەو نووسەرە گەورەیە و تەنانەت لە تاران هامشووی ماڵی هیدایەتی کردوە و لە ئاخر و ئۆخری ژیانی ئەو نووسەرەدا لە پاریس سەردانی ئەپارتمانەکەی دەکات. هەموو ئەم وتووێژانە بە زیرەکییەوە بە قەڵەمی فەرزانە یادداشت دەکرێن و دوای مەرگی هیدایەت لە کتێبێکدا بە ناوی "ئاشنایی لە گەڵ هیدایەت" لە پاریس لە چاپ دەدرێن. لەو کتێبەدا و لە وتوێژێکیاندا لەسەر زمان و ڕەگەزناسیی وشە (etymology) لە زمانی فارسیدا باسەکە دێتە سەر دەمارگرژی و بیری تەسکی ئەوانەی لە ئاکادێمیای زماننناسیدا کار دەکەن. هیدایەت زۆر بەڕوونی داکۆکی لە مافی نەتەوەکانی عەرەب و کورد و زمان و کولتووری ئەو نەتەوانە دەکا و ئاماژە بە ئەو چیرۆک و دیرۆکە فولکلۆرانە دەکات کە ڕۆژە لسکوو، ڕۆژهەڵاتناسی فەرانسەوی لە لێکۆڵینەوەکانی لە کوردستان کۆی کردوونەتەوە. ئەم ڕادەربڕینەی هیدایەت سەبارەت بە کوردەکان بۆیە بۆ تاکی ڕووناکبیر و خوێنەری کورد گرینگە کە لە سەردەمێکی هەستیاردا و نزیک بە ساڵەکانی دامەزراندن و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە دەورانی دیکتاتورییەتی ڕەشی پەهلەوییەکاندا لە زاری نووسەرێکی بەتوانای فارس‌زمانەوە دێتە دەر کە زۆربەی بەرهەمەکانی لەو سەردەمەدا مۆری قەدەغەی چاپ و سانسۆریان پێوە بووە و ئەم ڕادەربڕینەی هیدایەت دەتوانێ ببێت بە پێوەرێک بۆ ناسینی ڕووناکبیرانی ڕاستەقینە و جیاکردنەوەیان لە ناڕووناکبیرانی پان ئێرانیستی ئەوکات و ئێستای ئێران کە هیچ کات چ بە کردەوە و چ بە زار هیچ باوەڕێکیان بە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی گەلانی غەیرە فارس لە ئێراندا نەبووە و نییە. ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو لەلایەن حکوومەتی ناوەندیی و ڕەگەزپەرەستی ئێرانەوە بەرەوڕووی هەموو چەشنە زوڵم و ستەمێکی نامرۆڤانە بووینەتەوە، بەڵام هیچ غەدر و ستەمێک بۆ بەراورد کردن نابێتە هاوتای بنەبڕکردن و پەراوێز خستنی نەتەوەیەک بە قەڵەم و وتەی ئەدیبان و تاقمی بەڕواڵەت ڕووناکبیر و خاوەن پێگەی فەرهەنگی لەنێو دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست‌خراودا.

بۆ وێنە ناوەندی نووسەرانی ئێران نزیک بە ٦٠ ساڵە چالاکی دەکەن و نوێنەری چینی ڕووناکبیرانی ئێرانی فرەنەتەوەن، بەڵام کوا یەک هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرایان لە درێژایی ئەم چەند ساڵەدا لە هەمبەر زمان و کولتووری گەلانی غەیرە فارسی نێو ئێراندا؟ بە چاوخشاندنێک بە مێژووی سەرهەڵدانە بەرچاوەکانی وڵاتانی دیکە بۆمان دەردەکەوێ تا چ ڕادە هەڵوێستی بەکۆمەڵی نووسەران و هونەرمەندانی ئەو وڵاتانە چارەنووسساز ودیاریکەر بووە لەو سەرهەڵدان و ئاڵوگۆڕانە و بێدەنگی و زمان‌خستنەلایان چە کاردانەوەیەکی بەراوەژووی هەبووە.

# من و شاهۆ

**" هەتاو "**

پۆلێ لە پێشمەرگەکانی دیموکرات هەڵۆئاسا لە داوێنی شاهۆ پاش چالاکییەک گورج و گۆڵ ملی توولەڕێگا پێچاوپێچەکانی شاهۆیان گرتەبەر تا بگەنە نێو قەدی چیا و خۆیانی لێ حەشار بدەن.

بە تیژایی سەرکەوتن بە هەورازا و جارجار ئاوڕدانەوە لەو گورزەی لە دوژمنیان دابوو چێژێکی تایبەت و وزەیەکی بێکۆتایی بە شان و باڵیان دەبەخشی.

دەنگێک بێدەنگیی شکاند: هاوڕێیان خێرا دابەش بن.

هەناسەی قووڵ، دەست ڕاوەشاندن و فەرمان دەرکردن لە کاتی گونجاودا چەند هێندە کۆڕی یارانی بەرەو سیمای شەڕی مان و نەمان دەبرد.

هاوڕێ بە قەراخی جۆگەیەکدا لە تەنیشت پەرژینی باخێک تێپەڕی، دەنگی زرمەی پێی هاوڕێ گوڵەشیلانێکی لە خەو ڕاپەڕاند، پەلێکی گوڵەشیلان لەنێو چنگ و پەلی تەیمان و پەرژینی باخەکەدا سەرەتاتکێی دەکرد، وا پێ دەچوو زیندانییەک بێ و بیهەوێ خۆی دەرباز بکا، لە ناکاو پەلاماری قاچی هاوڕێی دا و خۆی لە پانتۆڵەکەی ئاڵاند و گوتی: منیش لەگەڵ خۆت ببە، نامهەوێ ژێر پێ کەوم کاتێ نەیاران لێرەوە تێدەپەڕن، ئەها چاوم بێگەردە، من ڕاستییەکان دەبینم لە پاشەڕۆژ کە دیسان ڕیشەم داکوتا دەیانکەم بە گوڵەشیلان و بۆ نەوەی داهاتوی دەگێڕمەوە.

لە چەند چرکەدا گوڵەشیلانی دابڕاو لە باخەکە کەوتە بەر پشتوێنی هاوڕێ و بزەی بە لێویدا دەهات، زیاتر شێوەی لە منداڵێک دەچوو کە باوکی لە باوەشی گرتبێت.

دەنگی قەلەڕەشێکی دەم هەراژ لەم کاتە هەستیارەدا پەیدا بوو: هاوڕێ ناترسی ئەو گوڵە سیخوڕ بێ و بڕوا لەوێ لای دوژمنان جارێکی تر لەوێ بڕوێ و نهێنییەکان بۆ لای نەیاران بەرێ؟

لە پڕ پەلی دارگوێزێ چەپۆکێکی دا بە سەر قەلەڕەشدا و گوتی: ئەوە لە ئێمە ناوەشێتەوە، گوڵ ڕیشەی هەیە، ئەوە ئێوەن بێ ڕیشە و گەڕۆکن هەر ڕۆژ دەبێتەوە ماڵەو ماڵ دەکەن و قسە و باس دێنن و دەبەن. پاشان دارە گوێز خۆی کێشایەوە و قەلەڕەش فڕی. لەگەڵ خۆکێشانەوەی، دارەگوێز نێو چاوی کرایەوە و گوتی: لێـــرەوە توولەڕێگا سینگی ڕاخستوە. ئەویش گوتی: هاوڕێ لێـــرەوە.

ڕێگا و بەرد و دار و سرووشت دەستیان دابوە دەستی یەک تا بتوانن مەودای گەیشتن بە سەنگەر کورت کەنەوە. کوڕەکان گەیشتنە گابەردەکان و هەر بەو جۆرەی کە پلانیان دانابوو، هەمو لە چەند چرکەدا سەنگەریان قایم کرد. کانیاوێک قسەی دەکرد، لە بەینی دوو گاشەبەردەوە هاتە زمان: فەرموو وەرن من ئاوی بەفراوم پێیە. پێشمەرگە ماندووییان حەسایەوە، چاوەڕێ بوون دوژمن هەڵکشێ و ئەوانیش سازی مەرگیان بۆ لێ بدەن. بەڵام بێدەنگی باڵی بە سەر چیادا کێشابوو. هەر بێدەنگی، هەر بێدەنگی.

هاوڕێ دووربینەکەی نایە بەر چاوی تا بتوانێ درێژەی داستانەکە ببینێ، سەیری پێدەشتی بەردەم شاهۆی کرد، لەپڕ دیمەنێکی بینی! تۆپخانە دامەزرابوو. چەند تۆپێکی قەپۆزدرێژ بە وێنەی گورگ لە سەر چنگ ڕوو لە شاهۆ دەم بە قوتەوە ئامادە بوون بلورێنن. قەلەڕەشیش لەسەر دەمی لوولەی تۆپێک بە دەندووکی جاسووسیی لەنێو قەدی شاهۆ گرتبوو.

هـــا سیخوڕ تۆیش لەوێی؟!

گۆڕانێک بەسەرداهات. دارستان خۆیان کۆ کردەوە. ڕێگاکان خۆیان ون کرد، گابەردەکان خۆیان گۆڕی لە نواندنەوە بۆ سەنگەر. کانی بە پێچەوانەوە قومی لێدا، هەرچی ئاوی لە گەروودا بوو گەڕاندیەوە بۆ نێو دڵی شاهۆ. وا پێدەچو ئەوانیش خۆیان بۆ شەڕێکی دەستەویەخە ئامادە دەکەن .

دەنگی تۆپخانە بێدەنگیی شکاند و لوورەی گورگ دەستی پێ کرد، کاتێ یەکەم گورگ لووراندی، قەلەڕەش بوو بە دووکەڵ و ئاسەواری نەما ، چارەنووسی خۆفرۆش لەمێژە دیاری کراوە. تۆپ لە دوای تۆپ لە سەر و چاوی شاهۆی ئەدا. گوللەتۆپ بەرەو سینگ و شان و ملی شاهۆ بە وێنەی پۆلێ چۆلەکە دەفڕین، گوایە دەیانهەوێ لەوێ هێلانە دروووست بکەن، کاتێ دەگەیشتنە شاخ و داخە بەردینەکان لە فڕین دەکەوتن و بە دەنگێکی زۆر بێزارکەرەوە پرش و بڵاو دەبوونەوە، شاخە بەردەکان دەنگەکەیان لە نێوان خۆیاندا دەستاودەست پێ دەکرد تا لە کۆتایی دەیان خنکاند.

خاکی‌پۆشان دەستیان بە گوێی خۆیانەوە گرتبوو، لەم گرمە گرمەدا تەنها چاوەکان قسەیان دەکرد و ڕێنماییان دەگواستەوە.

هاوڕێ سەیری گوڵەشیلانی کرد: تۆ بۆچی هاتی بۆ ئێرە؟

شیلان چاوی هەڵێنا، ترس و ناز لە چاویا تێکەڵ ببوو، بەڵام بە ورەوە چاوەڕێی کۆتایی چیرۆکەکەی دەکرد.

گوللەتۆپێک زۆر نزیک دای لە بەردێک. تەڵەزمێکی بەرد و پارچە ئاسنێکی تۆپ و پەلی دارە بەڕوویەک کەوتنە بەردەم هاوڕێ. دیمەنێکیان درووست کرد کە پڕ بوو لە داستان.

دارە بەڕوو ڕووی کردە پارچە ئاسنەکە: مەگەر تۆ ڕۆژێک مشار نەبووی لە قەدی من لانکەت درووست دەکرد بۆ منداڵان و ئەم کوڕانەیش لێیان دەنووسی یا کوردستان یا نەمان؟

تەڵەزمی بەرد ڕووی کردە پارچە ئاسن: مەگەر تۆ نەبووی لە تاقەوسان بووی بە چەکوش و سەر و چاوی منت دادەپاچی تا داستانی ئەوینی شیرین و فەرهاد وەڕازێنی؟ ئەی بۆ ئێستا پێچەوانەی ئەرکی خۆت بەجێ دێنی؟ کزە بایەک لە لووتکەی شاهۆ بە نێو دۆڵ و شاخ و داخا خۆی لوول دا و کۆتایی بە چیرۆک و تۆپ و هەموو قسە و باسێک هێنا.

چەند گوللە تۆپێک بە فیکەلێدان ڕوویان کردە کلیلە بەفرەکان، بەفریش بە پێچەوانەی بەردەکان قریشکەی تۆپیان بۆ کەس نەگێڕاوە، هەر لەوێ لای خۆیان چزەیان لێ هەڵدەستاندن و دەیان خنکاندن.

تۆپەکان لە چەنەبازی کەوتن. دیسان بێدەنگی خۆی دەنواند. چەند باڵندەیەک هاتنەوە سەر پەلی دارەکان. کاتێ جریوە جریوی ئەوان دەکرایەوە بە کوردی بە یەکتریان دەگوت: تەواو بوو؟ بچینەوە هێلانەکەمان؟

لە پڕ دەنگی فەرماندە ڕێگای هەموو خەیاڵەکانی بردەوە سەر یەک سەرچاوە: دەی کوڕینە ڕۆژی خۆتانە.

هاوڕێ: دەی گوڵەشیلان تۆماری بکە کاتی دروێنەیە...

***

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:824 5 June 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312

# "تەمەنێک لەپێناو نیشتمان"

ڕۆژی چوارشەممە ١١ی جۆزەردانیش لە کتێبخانەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕێوڕەسمێکدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو، پەردە لەسەر "تەمەنێک لەپێناو نیشتمان" لادرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێشەکیی بۆ ئەو کتێبە بەنرخە نووسیوە، وتەیەکی لەسەر ناساندن و نێوەرۆکی کتێبەکە پێشکێش کرد. بەڕێزان بە ئاماژە بەوە کە کاک خدر پاکدامەن (خدربەگ) لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە بۆتە پێشمەرگە و ئێستا ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتە، گوتی: جیا لە کاری پێشمەرگانە لە گۆڕەپانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا خدربەگ ئەو ئیرادە و توانایيەی هەبوو کە لە بواری دیکەشدا خۆی پێبگەیەنێ. ئەو پەرتووکەش بیرەوەریی خدربەگە کە بە زمانێکی زۆر پاراو ڕاستیی ڕووداوەکانی باس کردوە کە دەتوانێ سەرچاوەیەکی ڕاست و ڕەوان بێ بۆ وەبیرهێنانەوەی سەردەمێکی سەخت و زێڕین لە تێکۆشانی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەک و بەشێکی ئەو نیشتمانە.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە خدر بەگ لە نووسینی بیرەوەرییەکانیدا هەر باسی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی نەکردوە، بەڵکوو باسی کەم و کووڕییەکانیشی کردوە کە ئەوە دەتوانێ ئەزموونێکی باش بێ و هەروەها یەکێک لە باشییەکانی ئەو پەرتووکە هەر بەتەنیا بەشی نیزامی و پێشمەرگانەی لەنێو ڕووداوەکاندا تێدا نەنووسراوە، بەڵکوو نەخش و



دەوری خەڵکی بەجوانی دەستنیشان کردوە و لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا لە زۆر بوار و ئاستدا سیاسەتی حیزبی دێموکرات ڕەچاو کراوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا خدربەگ بەکورتی لەسەر کتێبەکەی دوا و دواتر کتێبەکە لەلایەن دوو هاوڕێی ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتیی خدربەگ، بەڕێزان حەسەن خۆشکەلام و محەممەد حەسەنزادە پەردەی لەسەر لادرا.

# شارێکی کوردستان بە تەمەنی ٣٤٠٠ ساڵ لە تەنیشت ڕووباری دیجلە دۆزرایەوە

بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەوار و کەلەپووری دهۆک ڕۆژی دووشەممە، ٩ی جۆزەردان ڕایگەیاند کە لە قەزای سێمێل نزیک کۆمەڵگەی خانکێ سەر بەو پارێزگایە شارێکیان دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە.

د. "بێکەس بریڤکانی" بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری دهۆک ڕایگەیاند ئەو شارە کە پێشتر ژێر ئاو کەوتبوو، و زاخۆی کۆنی پێ دەگوترێ، ناوەندێکی گرینگی حوکمڕانیی میزۆپۆتامیا بووە؛ بەڵام ئێستا بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی دیجلە دەرکەوتوە. ئەو گوتی پێشتر لە تێکستی بابلییەکاندا ئاماژە بە هەبوونی شاری زاخۆ دراوە، بەڵام نەماندەزانی دەکەوێتە کوێ".

د. بێکەس بریڤکانی ڕایگەیاند: لەگەڵ ڕێکخراوی شوێنەواری کوردستان و زانکۆی فرایبۆرگ بە سەرپەرشتیی شوێنەواری دهۆک، ئەو ناوچە کەونارەمان هەڵکۆڵی و تا ئێستا کۆمەڵێک شوێنەوار و تێکستی بزماری دۆزراونەتەوە کە تەمەنیان بۆ سێ هەزار و ٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

ناوبراو دەڵێ ئەو نیشانانە دەیسەلمێنن کە شارەکە ناوەندێکی گرینگی شارستانییەتی ئەو سەردەمە بووە، ئەو ئەنجامە بۆ ئێمە گرینگیی ئەوەی هەیە کە کوردستان خاوەن شارستانییەتێکی یەکجار گەورەیە و شار و ناوەندی زۆر گەورەی هەبووە و شوێنەواری زۆر گرینگیشی هەیە، ڕزگارکردنی ئەو شوێنەوارانەش واتای ڕزگارکردنی ئەو مێژووەیە کە لە ناوچەکەمان هەیە".



# ئاسانکاریی قانوونی بۆ تاڵانی میراتی کولتووری



چەند ئەندامێکی مەجلیسی ڕێژیم پڕۆژە یاسای "سوودی زیاتر لە شوێنەوار و گەنجینەکان"یان داوە بە سەرۆکایەتیی دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە ئێران ببێتە ناوەندێکی ناوچەیی بۆ کڕین و فرۆشتنی شوێنەوار و لەو ڕێگەیەوە ڕێژیم پارەی زیاتری دەست کەوێ. شوێنەوارناسان و چالاکانی فەرهەنگیی کورد دەڵێن بە پەسندکردنی ئەم پڕۆژەیاسایە مەترسی زۆر لەسەر شوێنەوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێ.

بەپێی پڕۆژەکە و لە ئەگەری پەسندبوونی، هەندێک لایەن یان کۆمپانیا بەڕەسمی مۆڵەت لە حکومەت وەردەگرن و بەئاشکرا و بە قانوونی کاری هەڵکۆڵین و فرۆشتنی شوێنەوارەکان دەکەن. لەو پێوەندییەدا ٦١ مامۆستای شوێنەوارناس لە نامەیەکدا بۆ محەمەد باقر قالیباف، سەرۆکی مەجلیسی ئێران دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەو پڕۆژەیە ڕاگەیاندوە و گوتویانە کە ئەندامانی مەجلیس بە چاوی "مادی" سەیری شوێنەوار دەکەن و "ئەمەش لە بەکارهێنانی وشەی خەزێنە لەنێو پڕۆژەکەیاندا بەڕوونی دیارە".

شوێنەوارناسانی کورد دەڵێن کێشەی سەرەکی میراتی کولتووری لە ئێران پرسی نەپاراستنە و بەو هۆیەشەوە "ڕێژەی هەڵدانەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان و دزینی شوێنەوار لە ئێراندا لە ئەژمار بەدەرە". ئەوان دەڵێن لە ئەگەری پەسندکردنی ئەو پڕۆژەیە یاسایە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم ئامانجی ئەو کەسانە دەبێ کە کیسەیان بۆ هەڵدانەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان و دزینی شوێنەوارەکان هەڵدووریوە.

## بەر لە ماڵاوایی

# ئەوکاتەی کوڕیژگەیەک بە گۆرانی خەونەکانی داگیرکەر پووچەڵ دەکاتەوە



تاهیر قاسمی

لە هەفتەکانی ڕابردوودا، دەرکەوتن و سەرکەوتنی کوڕیژگەیەکی کورد لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی کێبەرکێی تەلەڤیزیۆنی، سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو بە دەنگی خۆش و چڕینی گۆرانیی هونەرمەندانی بە ناوبانگی کوردستان، توانی پلەکانی کێبەرکێ بەرەو قۆناغی کۆتایی ببڕێ. نێوەرۆکی گۆرانییەکانی هەڵگری پەیامی خۆشەویستیی نیشتمان، هاوار لەدەست زوڵمی زاڵم و سکاڵا لە دەست ئاوارەیی و دەربەدەری بوون. بڵاوبوونەوەی ئەو گۆرانییانە کە لە تەلەڤیزیۆنی سەرانسەریی ئێرانەوە بۆ بینەران و بیسەرانی سەرنجڕاکێش بوو، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشوازییەکی کەموێنەی لێکرا و بە جۆرێک کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاچڵەکاند. بەڵام هۆکاری ڕاچڵەکاندنەکە بەتەنیا دەنگە خۆشەکەی، نێوەرۆکی گۆرانیەکانی یان بڵاوبوونەوەی لە تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

عەلی توولاوی یان توولابی کە وێدەچێ ناسناوەکەی لە گوندی توولاوی* سەر بە شارۆچکەی سەیوان لە پارێزگای ئیلام و لە باپیرانییەوە بۆ مابێتەوە، لە دایکبووی شاری کۆیەشتی سەر بە پارێزگای لوڕستانە. شارێکی کوردستان کە دانیشتووانەکەی بە زاراوەی لەکی دەئاخڤن. زاراوەیەک کە بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی ئاخێوەرانی، تا بەر لە پەرەگرتنی مێدیا و تۆڕی ئینتەرنێت، زۆر بە گوێی کوردانی دیکەی کوردستان ئاشنا نەبوو. زاراوەی جیاواز، هەڵکەوتی جوغرافیایی و شیعەبوونی ئایینی خەڵکەکە بەشێک لەو هۆکارانە بوون کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە سەدەی ڕابردوودا نەتوانێ بە شێوەی پێویست ئاوڕ لەو ناوچانە بداتەوە. هەر ئەوانەش تەماحی وەبەر داگیرکەر نا تا هەوڵ بدا زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دابڕێ و زیاتر هەوڵی ئاسیمیلەکردنی دانیشتووانەکەی بدا. بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی ئەتۆمیزەکردنی شوناس بۆ ئەو ناوچەیەی گرتەبەر. ئاستەکردنی زاراوەی لەکی وەک زمانی سەربەخۆ یان خستنە سەر زارانی وشەی »لەکستان« لە درێژەی سیاسەتی »ستان سازی« کە بە داخەوە جاروبار هێندێک لایەنی کوردییش ناشارەزا یان مەبەستدار لەو چەواشەکارییەدا پێ لە جێ پێی داگیرکەر دادەنێن، بەشێک لە هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ ئاسیمیلەکردنی ئەو ناوچەیە بوون. سیاسەتێک کە گەرەکیەتی دانیشتووانی ئەو ناوچانە تووشی سەرلێشێواویی شوناس و هۆویەت بکا و شوناسی کوردبوون و کوردایەتیان لێ بستێنێتەوە. بەڵام دەرکەوتنی عەلی وەک مێرمنداڵێکی کورد لە کۆهدەشتی لوڕستانەوە، خەونەکانی ئەو سەد ساڵەی ڕابردووی دەسەڵاتەکانی ئیسلامی و پاشایەتی بۆ ئاسیمیلاسیۆنی ئەو ناوچانەی پووچەڵ کردەوە.

عەلی کوڕیژگەیەکی تەمەن سێزدە ساڵانە. ئەو تەمەنەش جارێ زۆر زووە تا وەک مرۆڤێکی سیاسی یان نەتەوەیی هەژمار بکرێ. هە بۆیەش بەشداریی ئەو بە دوو گۆرانی لە دوو هونەرمەندی تێکۆشەری کورد و هەڵبژاردنی ئەو گۆرانییانەی کە کەم و زۆر ئاوێتەی ژان و ئازارەکانی نەتەوەی کوردن، نیشانەی حزووری هەستی نەتەوەیی لە ناخی ئەو کۆمەڵگە پەراوێزخراو و تەماحلێکراوەی کوردستانە کە عەلی لێی لە دایک بووە و تێیدا گەورە بووە. ئەو هەر دوو جار بە داوەرانی کێبەرکێی نیشان دا کە لە گوتنەوەی گۆرانیی فارسیشدا شارەزاییەکی زۆری هەیە و گۆرانی گوتنی ئەو بە کوردی لە ڕووی ناچارییەوە نییە. بەڵام داوای ئەوانی ڕەد کردەوە کە بە گۆرانیی فارسی لە کێبەرکێدا بەشداری بکا و نەیشاردەوە کە زمانەکەی و هەڵکەوتی جوغرافیایی شار و ناوچەکەی لێی دەخوازێ گۆرانیی کوردی و لوڕی بچڕێ. بەم جۆرە پردێکی دیکەشی لە نێوان کورد و لوڕدا هەڵبەست. ئەو دوو ئامۆزا زاگرۆسنشینەی کە گەلێک هاوبەشی و هاوپێوەندیی مێژوویی، نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییان لە نێواندا هەیە و بەرچاوترینیشیان بێبەشیی نەتەوەیی بە درێژایی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانە. تەنانەت ئەو گۆرانییەش کە عەلی بۆ لوڕ و لوڕستانی گوت، هەر گۆرانیی بەرگری بوو.

بابەتێکی دیکە کە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە، گرینگیی هونەر و ئەو پەیامەیە کە هونەرمەند لە ڕێی هونەرەکەیەوە بە بەردەنگی دەگەیەنێ. لێرەدا باس لە ئەرکی نەتەوەیی هونەرمەندی سەر بە نەتەوەی ژێردەست و کاریگەریی هونەری بەرگری نەتەوەییە. نەتەوەیەک کە لەلایەک لەوپەڕی بێ مافیدا ڕاگیراوە و لەلایەکی دیکە ڕۆژانە لە ماڵەوە، لە قوتابخانە، لە شەقام و هەموو جێیەک بۆردومانی فەرهەنگی دەکرێ تا خۆی لە بیر بچێتەوە و لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێتەوە. نێوەرۆکی ئەو گۆرانییانەی عەلی بەئانقەست یان بە هەڵکەوت هەڵیبژاردن، مۆری بە جێگەیاندنی ئەرکی نەتەوەیی هونەرمەندی سەر بە نەتەوەی بندەستیان پێوەیە. شێعری شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا هێمن لە هەردووی ئەو گۆرانییانەدا حزووری هەیە. هەروەها هەردوو هونەرمەند عەزیزی شاڕوخ و ناسری ڕەزازی کە خاوەنی هەر کام لەو گۆرانییانەن، بە هونەرمەندانی



نەتەوەیی کورد دێنە ئەژمار و بەشێکی بەرچاو لە کارەکانیان دەکەوێتە خانەی هونەری بەرگریی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە. ئەم شێعر و گۆرانییانە پەیامێکیان بە عەلی توولاوی و هاوتەمەنەکانی لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندوە کە ڕەنگبێ بە دەیان وتار و بابەتی سیاسی نەدەگەیەندرا. بۆیەشە کە گەلی کورد شانازیی بەو هونەرمەندانەی خۆی دەکا و ئەوانیش حەقیانە بە کاریگەریی هونەرەکەیان لە سەر ئەو وەچەیە دڵخۆش و سەربەرز بن کە لە ژێر تەوژمی ڕەشەبای ئاسیمیلاسیۆندا وەک نەمامێکی بە هێز و خۆڕاگر خەریکن گەشە دەکەن و دەشنێنەوە.

***

* توولاو لە دوو بەشی توول یان توولە لەگەڵ ئاو چێ بووە. وەک توولەڕێ. بە واتای جۆگەلە ئاوی باریک و درێژ.